# خۆرئاوا

## لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ

## هورووژمی باوەڕی نوێدا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# خۆرئاوا

## لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ
## هورووژمی باوەڕی نوێدا

کامەران ئیسحاق پەری



ئێمە هەموومان لە ڕابردوودا دەژین و...
بەمەش خۆمان وێران دەکەین

گۆتیە

ناوی کتێب: خۆرئاوا لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هورووژمی باوەڕی نوێدا
نووسینی: کامەران ئیسحاق پەری
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦٣٩
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٩٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## نامەیەک بۆ نەتالی ......

ئەم بەرهەمە پێشکەشە:

بەو منداڵەی... بەدەر لە ویست و ئارەزوو و پرس پێکردنێکی پێشوەخت، هاتە بوون و لەوێشەوە لە یەکەم چرکە و ساتەوەختی هاتنە بوونیدا بێ ئاگا و بێ ئیرادە و بێ پرس و ڕا وەرگرتنێکی پێشوەخت، بووە هەڵگری میراتی و شوێنەوارە بەجێماوەکانی باوەڕی باوکی.

«نەتالی» لێرەوە، ئەم بەرهەمە بە هەل و پرد و دەسکەوتێک دەزانم بۆ پەڕینەوە و ڕزگاربوونت لە هەموو ئەو کۆت و بەندانەی کە ڕەنگە بەزۆری زۆرداری و لە سایەی دەسەڵاتی ڕەهای باوکایەتی «من» و بێ گوێدانە ویست و ئارەزووەکانی «تۆ»... ڕۆژێک لە ڕۆژان. گەوجانە یاخود لەوپەڕی باوەڕ بەخۆبوون و لەخۆبایی بوونەوە، بەسەر ئازادیی هەڵبژاردنەکانتدا سەپاندبمن دەمەوێت بڵێم ئەم کارە پێشکەشە، بەو زەمەنەی، دوور لە دەسەڵات و تووڕەبوونەکانم، بەدەر لە بەعەیب زانینی، هەڵسوکەوت و تێفکرینەکانت. بۆ ئەو زەمەنەی کە توانای جیاکردنەوەی خواوەند. لە شەیتان، ڕاست. لە چەوت، ڕەش لە سپی گوڵ لە دڕک ڕاستی لە درۆ، هەبێت. دواتریش ئەم کارەم ببێتە پەیامێک بۆ دیاریکردنی ڕێچکەی تێفکرین و دواڕۆژ و چارەنووسی باوەڕی تۆ ئازیزەکەم بۆ یەکەمین جار بەتکاوە داوات لێ دەکەم کاتێک کە گەورە بوویت و توانای شت لەیەک جیاکردنەوەت هەبوو، گەر باوەڕەی منت پێ قبووڵ نەکرا و پێت وابوو باوەڕەکەم باوەڕێکە



بەسەرچووە و وەختی گۆڕینی هاتووە، ئەوا دەتوانیت بەوپەڕی لێبووردن و ئازادی و بڕوا بەخۆبوونەوە، لە باوەڕەکەم یاخی بیت و شۆڕشێکی نوێخوازانەی تێدا بکەی و ئەگەر پێویستییەکیش بۆ گۆڕینی بەشێکی یان گشتی لە ئارادا بوو، دوودڵ مەبە و دەستبەجێ ئەو کارە بکە، دڵنیاش بە کە هەرگیز بەو یاخیبوونە لە تۆ زویر نابم ... خۆشەویستەکەم ئەمجارەش لە یادت بێت، هەر کاتێک زانیت پێویستییەکت بەباوەڕەکانی من و کاڵفامییەکانم نەماوە و چی دی ئەوان، لەوە زیاتر ئارەزووەکانی تۆ تێر ناکەن، یاخی بە لێیان و مەهێڵە لەوە زیاتر میراتگر و هەڵگری باوەڕێک بیت کە تۆ دەستت لە خوڵقاندنیدا نەبووبێت، ئەگەر منیش لەبەر هەر هۆیەک بێت، لە کاتی خۆیدا نەمتوانیبێت لە تێگە و پاشماوەی تێفکرینە کۆنەکانی باوکم و باوەڕەکەی، یاخی بم، ئەوا ئەم ئەرکە ئازایانەیە دەخەمە ئەستۆی تۆ. بەو هیوایەی تۆ بۆم تەواو بکەیت.

باوکت

* هەموو کەسێک مافی ئازادیی بیرکردنەوە و ویژدان و ئاینیی هەیە، ئەم مافە، ئازادیی گۆڕینی ئاین و بڕوا دەگرێتەوە و مرۆڤ لە دەربڕینی ئەو ئازادییەشدا، بەفێربوون و خەریکبوون و ئەنجامدان و پەیڕەوکردنی داب و دەستووری ئەو ئاین و بڕوایە، بەنهێنی یاخود بە ئاشکرا و بە تەنێ یا بەکۆمەڵ، ئازادە.

بەندی ١٨ – جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ

* «ئەو زەمەنەی کە ئەوروپامان بەکیشوەرێکی مەسیحی باوەڕ دەزانی... ئەو زەمەنە بەسەرچوو و کۆتایی هات».

کاردینال هانس لیلیا

* «تا کاتێک مرۆڤایەتی لە هەوڵی تێگەیشتن لە خودی مرۆڤ و جیهاندا بێت، ئەوا دەکرێت بە دیالۆگ و لێدوان بەیەک بگەینەوە»

پاپا جان پۆلی دووەم

* لە هەر شوێنێک چوار یان پێنجیان کۆبوونەوە...
شەیتان دەبێتە خاوەنی بڕیار لە کار و کردەوەیاندا

شەیتانستەکان



* هزر قووڵترە لە هەموو وتەیەک، هەستیش لە هەموو هزرێک، قووڵترە.

(نیچە)

# چەند پەیڤێکی پێویست

بەر لەوەی ئەم باسە بخوێنیتەوە

گەلێکن ئەو گوتار و، نامیلکە و بڵاوکراوانەی کە ڕاڤەی تیۆر و پرۆسە چاکسازی و مۆدێرنەکانی خۆرئاوا و هەروەها قۆناغ و هەگبەی بەیەکداچوون و لێکداچوون و جیاکردنەوەی دەسەڵاتی (ئاین سیاسەتی) لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی ئەوروپادا دەکەن، لە گەلێک باس و تەوەرانەشدا، ئەزموونی خۆرئاوا کراوەتە سونبول و چارەسەر، هەوێنێک بۆ بەدواداچوونی کێشەی باوەڕی (خۆرزەمینەکان)، زۆرێکیش لەو دروشمە بریقەدارانەم بیستووە کە خۆرن لە جیاکردنەوە ئاین و سیاسەت خەنیوە، بەڵام دەتوانم بڵێم گشتیان پرۆژەی سەرپێین و کێشانی هێڵی گشتی بوون و هەمیشە چەند لایەنێکی گرنگ و شاراوەیان تێدا فەرامۆش کراوە.

بەرز نرخاندن و شکۆدارکردنی ڕۆڵ و خواستی پێشکەوتنخوازانە پێشکەوتوخواز و مەدەنی و شارستانیی خۆرئاوا، بنەچاوەکەی تەنها لە هەبوونی ئازادیی باوەڕ و یەکسانیی ماف و شەفافیەتی ئەمڕۆی دۆگمای مەسیحیدا نەبووە، بەڵکو دەتوانم بڵێم، ئەم ئازادییە، لە هەڵبژاردن، ئەم کراوەییە لە تێفکرین و تێڕوانیندا بۆ بیر و هزر و



ئایدیاکان، ئەم دەرفەت ڕەخساندنەی دیالۆگ. ئاکام و خەرمانەی خەبات و تێکۆشانێکی بێ وچانی ڕابەر و پێشڕەو و جەنگاوەر و ئیماندارانی «باوەڕی نوێ»ـە کە هەمیشە لە هەوڵی ئەودان لەجیاتی باوەڕی کۆن و بەسەرچوو، باوەڕێکی نوێ بخزێننە ناو هزر و تێگەی تاکی خۆرئاواییەوە، لە زۆربەی ئەو هەڵ و کۆششە نەپساوانەشدا، ئەوە بەدی دەکەین کە گەر لە هەگبەیەکیدا، لە قۆناغێکدا، لە زەمەنێکیشدا، پێیان نەکرابێت، وە یاخود بۆیان نەلوابێت، ئەو باوەڕە کۆنانە لە ڕەگوڕیشەوە لە هزری خۆرئاوادا هەڵکێشن، ئەوا کار بۆ خولقاندن و هێنانە کایەی باوەڕی نوێ، بزاڤێکی ڕیفۆرم خوازی و چاکسازی، لەناو باوەڕەکە خۆیدا پێکهێناوە و دواتریش دەستێکیان پیا خشاندۆتەوە، ئەوەی کە ئەمڕۆش لە خۆرئاوا دەرکەوتووە، شۆڕشێکی بەردەوام و نوێی چاکسازییە سەر باوەڕی کۆن، هەڵکوتانە بەسەر مۆڵگە و شوورا بەجێماو و شوێنەوارەکانی بەدگومانیی دۆگمای باوەڕی خاچ پەرستی.... هەر گۆڕانێکیش، کە لە ژیانی خۆرئاوادا هاتبێتە ئاراوە لە هیچ و خۆڕایی نەبووە... بۆ ئەم باسەشمان لەوە باشتر نییە، کە بەم گوتە و دانپیانانی گەورە ڕۆشنبیر و کاردینالی کلێسای کاتۆلیکی «هانس لێلیا»، دەست پێ بکەین کە دەڵێت: «ئەو زەمەنەی کە ئەوروپا بەکیشوەرێکی مەسیحی باوەڕ دادەنرا ئەو زەمەنە بەسەرچوو، کۆتایی هات».

مەبەستی سەرەکیی ئەم چەند بەشەی خۆرئاوا لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هورووژم و تەوژمی باوەڕە نوێکاندا. گەڕان و پشکنین و دەستنیشانکردنی ئەو باوەڕ و بیرۆکە و بزاڤ و کۆمەڵە جیهانی و ئەوروپییانەیە کە بەفۆرم و ناوی دەرکەوتن «نوێن» و لە

فەرهەنگی باوەڕی ئاسمانی و دۆگمای کڵێساش وەک «لادان و یاخیبوون و داوێن پیسی» تەماشا دەکرێن، ئەگەرچی پێوانەکردن و دەستنیشانکردنی ئاراستەی تێڕوانینی ئەم بۆچوون و باوەڕ و تێگە نوێیانە، کارێکی ئاسان نییە، لە هەقیقەتیشدا، بۆ منێکی خۆرزەمینی ماندووبوون و شەو نخوونییەکی زۆری گەرەک بوو. وەلێ لەگەڵیدا دەکرێ تا ئاستێک، ئەگەرچی کەمێکیش بێت، پێشبینیی ئاراستەی ئەمڕۆی باوەڕ و تێفکرینی تاک لە کۆمەڵگای پێشکەوتنخوازی ڕۆژئاوادا دەستنیشان بکەین و، خوێندنەوەیەکی چڕی لەمەڕ بخەینە ڕوو، ئەم بابەتە بەئاگابوونێکە لەمەڕ شنە بای باوەڕهێنانی ئەوروپایی و هاووڵاتیبوون و پێکەوە هەڵکردن و ئارام بوون و خەفەبوونی باوەڕەکان. دواتریش هەر بەهۆیەوە مەبەست لەو بەئاگابوونە ئەوەیە بزانین باوەڕی کۆنی مەسیحی لە کام کەنار و دوورگەی خۆرئاوادا خۆی دەبینێتەوە بەڕای من کارێکی ئەستەمە و، ئاسان نییە بێ بەڵگە و ئامار و ڕاپرسی و چوونە ناو ناخی کۆمەڵگاوە، بتوانین توێژینەوەیەکی زانستیی کامڵ لەمەڕ بۆچوون و تێڕوانین و باوەڕی ئاینیی تاک لە ئەوروپادا هەڵێنجین. هەر کاتێکیش بابەتەکەمان نزیک کەوتەوە لەو ئامانجە، ئەوا سامانێکی زانیاریی، گەورە، بەبیری توێژەر و خوێنەری کوردی دەبەخشین، بۆیەکا هەوڵ ئەدەین بەڕێنووس



و زمانێکی سادە و ساکار بدوێین تا زووتر و ساناتر بابەتەکە بەهەمووان بگەیێنین. دڵنیاش بن هەتا لە توانادا بووبێت ساناتر کراوەتەوە و ئەم هەوڵەشمان، تەنیاو تەنیا بۆ زیادکردنی زانیارییە و وەکو بابەتێکی مەعریفی تەماشا دەکەین و جگە لەو ئامانجە ڕاگەیێنراوەی سەرەوە هیچی تر لە ئامێز ناگرێت.

# بەشی یەکەم

## باوەڕی لاو

### دەروازە

سەردەم و چەرخی بەر لە ڕێنسانس و پێش شۆڕشی پیشەسازی بە سەردەمی تاریک و کەم هۆشیاری لە هەگبە و فەرهەنگی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، باوەڕی هتد لە گەردوون بەگشتی و کۆمەڵگای ئەوروپی بەتایبەتی دەژمێرریت. هەر بۆیەش ڕەوایە لە سایەی هەبوونی کۆمەڵگایەکی فیۆدالیی کەم هۆشیار و کەم خوێندەوار، دواکەوتوودا، دەسەڵاتی ئاینی و دۆگماکانی کلیسا بەڕێبەر و پلاندانەر و چاوساغی کۆمەڵگا دواکەوتووەکەی سەردەمی تاریکی و دەستخەڕۆی بناسین. تاکی خۆرئاوایش بەملکەچی ئەو دەسەڵاتە ناوبهێنین. وەکو پێناسەیەکی وردیش بۆ ناسینی ئەو چەرخ و سەردەمە دەتوانین بڵێین..

دەسەڵاتی ئاینی مەسیحی لە ڕێگای، سەرۆکی ئەبرەشی، مەتران، قەشە، ڕەبەن، داشەلانەکانیەوە، هەموو جۆرە ڕەخنە گرتنێکی لە ئاین و یەسووع ڕەت کردووەتەوە و، پرسیارکردنیش لەسەر درز و کون و کەلەبەرەکانی باوەڕی خاچ پەرستی، بەلادان لە پیرۆ و پرەنسێپی ڕاستەقینە و وێنەی ئیمانداری بەپەیامی مەسیح و مۆراڵیەتی باوەڕ لە قەڵەم داوە. ئەو قبووڵ نەکردنە، ئەو ڕێگرتنە، ئەو بەرپەرچدانەوەیە



بەتوندی و بەهۆی بالادەستی هەژموونی و زەبر بەدەستیی ئەو دەسەڵاتە کۆنەپەرستە، بۆ چەند سەدەیەک لە نەزانی بەزەبری سۆزداری ئاینی بەرپەرچ دەدرایەوە. هەیمەنەتی کلیسا و قەشە لە ئاستێکدا بوو کە هەرچییەک ئەوان بانگێشی بۆ بکەن ڕەوایە و بڕیارێکی چەسپیوی ئیلاهی بوو و «خواپارسا» بڕیاری لەسەر داوە و بەشێوازێکی کۆنەپەرستانە و بەفۆڕمێک لە فۆڕمەکانی بەدگومانی لە دەروون و هزری ئەو کاتی ئادەمیزادی ئەوروپی دەچەسپێنرا و کار بۆ شکۆمەندیشی دەکرا، بەڵام ئەمە هەتا سەر بەردەوام نەبوو، پاش ئەو گۆڕانە مەزنەی کە بەسەر کۆمەڵگاکانی ئەوروپیدا (خۆرئاوایی) هات، بەتایبەت ئەو گۆڕانەی کە بەسەر تێگەی فکری، سیاسی، ئاینی، ئابووری، کۆمەڵایەتی،... هتد... تاک و کۆمەڵ هات کە بێگومان شوێنەوار و کاردانەوەی ئەو تێگە نوێیانە لە پاش دەرکەوتنی چەند تایبەتمەندی و خەسڵەتێک هاتوونەتە بوون. گرنگترینیان دوو خەسڵەت بوون کە ناکرێت بێ هەبوونیان، ئەو گۆڕانە گەورەیە بەسەر تێگە و تێفکرینی تاکی خۆرئاواییدا هاتبایە.

**١- خەسڵەتی یەکەم:**

شۆڕشی پیشەسازی و کاردانەوە و شوێنەواری ئەو شۆڕشە، لە ژیانی خۆرئاوا، کە جگە لە والاکردنی دەرگاکانی بازرگانی و هێنانە کایەی شێوازێکی نوێی بەرهەمهێنان و گەڕان بەدوای بازاڕی نوێ بۆ فرۆشتنی کالاکان هەمان شۆڕش، هاوشانی ئەو مەهامانە، دەستێکی بالاشی لە هێنانە ئارای چینێکی کرێکاری خوێنەوار، دواتریش پسپۆر و تایبەتمەند لە بواری کار و پیشەکەیدا هەبوو. خۆ ئەگەر ئەو چینە خوێندەوارە دروست نەبوایە نەماندەتوانی ئەو بزاڤە بە شۆڕش

ناوزەد بکەین، شۆڕشی پیشەسازی، بۆیە شۆڕشە، چمکێ بووەتە هۆی هەڵکەوتنی دەرفەت ڕەخساندنی، فرسەتەکانی بۆ فێربوون و بەچنگ کەوتنی مافی خوێندن. بۆ هەمووان.. ژن و پیاو و کرێکار و جووتیار، هەژار و سەرمایەدار، گشتیان تا ئەندازەیەک بەیەک ئاراستە و بەچەند هەنگاوێکی یەک لە دوای یەک مافی فێربوونیان وەدەست هێنا.. پاش ئەوەی کە لە ڕابردوویەکی نزیکدا، لە سایەی باڵادەستیی کلیسا فێربوون و خوێندن تا ئەندازەیەک لە ناو کەمایەتییەکی کۆمەڵگادا پاوان کرابوو. ئەو کەمایەتییەش چین و بیرۆکرات و سەرمایەدار و دەسەڵاتدار و ئەڵقە لە گوێ و دەرباشە و دەروێشەکانی ئاین بوون. لە پاش ئەو جووڵانەوەیە دەتوانین بڵێین:

ئەندامانی کلیسای ئەمڕۆ، ئەندامانی کلیسای سەردەمی کەم هۆشیاری و نەزانی نین، ڕوونتر ئەندامانی کۆمەڵگای ئەوروپیی ئەمڕۆکە، ئامادەگی و توانای چوونە ناو بابەتگەلی مەعریفی وعەقڵانی و گفتوگۆکردن لەسەر چەمکە جەوهەرییەکانی «ژیان، مردن» لە ئاستێکی بەرز دایە و لە پاڵ ئەو ئامادەگییەش تێگە و تێڕوانینی نوێ بۆ مانای ژیانیان تیا بەدی دەکرێ. نەوەک جاری جاران کەس بۆی نەبوو دەنگێک لە ئاست ستەمەکانی دەسەڵاتی ئاینی بەرز بکاتەوە، کەسێکیش نەدەتوانی جەدەل لەسەر پەیامبەری خاچپەرستەکان بکا. بەم پێیەش دەتوانین بڵێین خوێندەواری و هۆشیاری چەکێکی کوشندە و کاریگەر و بکوژی بیرو تێگەی کۆنەپەرستانەیە. هەر کاتێک توانیمان ئەو چەکە بەدەست بهێنین، ئەوا دەتوانین جەنگی دژ بە جەهل و ئینکاری ببەینەوە.



**٢- خەسڵەتی دووەم:**

تەواوکەری ڕێباز و هەنگاوەکانی شۆڕشی پیشەسازییە، چمکێکە لە ئەنجامی زۆربوونی بەرهەم و پێویستی بۆ ساغکردنەوەی کاڵا لە بازاڕەکان و بەدەستکەوتنی کەرەسەی خاو بۆ درێژەدان و بەردەوامی بەپرۆسەی بەرهەمهێنان، دەبووایە گۆڕانێکیش بەسەر بازاڕە کلاسیکییەکان و هۆکانی گواستنەوە و گەیاندنیشدا هاتبا. دەستێکی پێ بەخشیبان، سەرئەنجام ڕابەرانی بیری بازرگانی ئازادی خۆرئاوای هاوشانی زۆربوونی بەروبووم و بەرهەمهێنان، ئاوڕێکیش لە گەیاندن و گواستنەوە درایەوە و بەچەند قۆناغێک هەمووی بەرەو پێش برا و ئاسانکاری تیا کرا.. ئەمڕۆکە ئەو گۆڕانە گەورەیەی کە بەسەر هۆکانی هاتوچۆدا هاتووە و هۆکانی (پەیوەندی) و گواستنەوەش لە سایەی ئاسۆکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانەوە دەرگا داخراوە سنووردراو و تەلبەندکراوەکەی ئەبرەشی و دەیر و فێرگە و کلیسای هەتا ئەبەد واڵا بووەو هەر ئەم واڵابوونەش ئەم دەرگاکردنەوە و قفڵ شکاندن و ئاسانکارییە لە هاتوچۆی مرۆڤ و کاڵاکان، لە هاتوچۆی بیر و تێگەکان، لە گەیشتنی چەند دانەیەک لە باوەڕی نوێ جگە لە باوەڕ و تێگەی کۆن لەم هەگبەیەدا، هاوشانی ئاڵوگۆڕکردن و بەیەکداچوون و بەگژداچوونی شارەزایی و زانیاری، ئابووری، زانستی، فەرهەنگ، شارستانی.. هتد بەیەک ئەندازە و ئاراستە لە نێو تاکەکان کار دەکات تا ئەو ئاستەی کە ئەمڕۆ هۆکانی پەیوەندی و گەیاندن لە ئاستێکدایە گەردوون لە سایەی شۆڕشی نوێی سێ سوارەکەی چەرخی گلۆباڵیزم (www)، لە شێوەی «گوندێکی بچووک» بێتە بەرچاو.. لە دوای ئەو مێژووە، جیهان بەگشتی لە پێشکەوتنێکی

بەردەوامدایە. لەگەڵ هەموو پێشکەوتنێکیش، لەگەڵ هەر هەنگاو و شۆڕشێکی چاکسازیدا هەیمەنەت و دەسەڵاتی کلیسا و باوەڕی ئاسمانی قۆرغتر و بچووکتر دێتە بەرچاو، لەم کەینوبەینەشدا دەکرێت بڵێین: قەشە و ڕابەرانی بیر و دەسەڵاتی ئاینیی خاچپەرستان تا ماوەیەکی زۆریش لە بەردەم، یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوەی ئەم تەوژمە نوێیە لە تێفکرین تا ئەندازەیەک دەستەوەستان بوون. هەقیقەتی ئەم دەست هیشکی و ئەبڵەقبوونە لەوەدایە کە دەسەڵاتی کلیسا نەیتوانی بەشێوازێکی ڕاست و گونجاو، لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیە خۆی بگونجێنێت و «تەئەقول» بکات و لەگەڵ ماتریاڵەکانی ئەو تەرزە نوێیانە هەڵکات ئەوەتانێ.. تا بەر لە چارەگە سەدەیەکیش لە ئاست گەورەیی و، مەزنیی گۆڕانە نوێخوازەکەی بیری خۆرئاوادا کلیسا سست و،کەمدوو بوو زۆرجاریش باوەڕی خاچپەرستی خۆی بەخاوەن پەیامێک دەزانی کە زۆر بەچەسپیوی لە هزری مرۆڤایەتی جێگەی خۆی کردبێتەوە و مرۆڤایەتی و خۆرئاوا زاتی بیرکردنەوەیەکی تریان نەبێت، ئەو تەرزەی ئەمرۆ بەسەر تێفکرینی تاکی خۆرئاوای باڵی کێشاوە، دەست بەسەراگرتن و ڕێگرتن لە تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوە و گەشەسەندنی کارێکی هێندە ئاسان نییە.!؟ بەشێکی بارقورسی و بارگرانییەکەی لەوەدایە. کە هێشتا کلیسا و ڕێبەرانی کلیسا سیستمی «عەقڵیەتی قۆرغکردنی ناوخۆ» «عقلیه الاحتکار المحلی» بەسەرەترین و کاریگەرترین بەرنامە و پەیڕەوی خۆی. بۆ کارتێکردن و ڕێگرتن لە دەرکەوتن و سەر دەرهێنانی باوەڕی نوێ دەزانێت، ئەمە جگە لەوەی کە کەمی لێهاتوویی و بێ توانایی کادر و دەروێشی کلیسا، خودی باوەڕەکەش وەکو دەزگایەک لە



ڕووبەڕووبوونەوە و بەرپەرچدانەوەی مقۆ مقۆکەران و گفتوگۆکەران و جەنگاوەرانی باوەڕی نوێ ئەوانەی کە خۆیان بەبابەتی لاو و هزری نوێ، پڕ چەک کردووە. هۆیەکی تری شکستی باوەڕی کلیسامان بۆ پیشان دەدات، کلیسا و دۆگمای خاچ پەرستی بەدرێژایی مێژووی دەرکەوتن و گەشە و دەسەڵاتی لە پاش شۆڕشی ڕێنسانسەوە، بەم ئاه و پشێوی و سەرگەردانیانەوە دەناڵێنێت، مێژووی ڕووبەڕووبوونەوە و بەگژداچوونەوەکان ئەوە دەسەلمێنێت کە لە زۆرێک لە بۆنە و دەرفەتەکانی بەگژداچوونی لەگەڵ ئەو باوەڕە نوێیانە.. قەشە و کڵێسا لەجیاتی چوونە ناو خەڵک و کۆڕی باوەڕە نوێکان و ڕووبەڕووبوونەوەی پرسیارە گۆشدار و پەستێوەکانی ناو دەروون و هزری مرۆڤی ڕۆژئاوایی ڕوویان کردۆتە کۆمەڵە داخراو و گۆشەگیر و نەناسراوەکانیان. هەتا ئەمڕۆشمان لە زۆرێک لە کۆمەڵە خاچ باوەڕەکاندا، هەموو ڕەخنە گرتنێک هەموو باوەڕێکی نوێ بەلادان و یاخیبوون لە دابونەریت و دۆگمای مەسیحی ناوزەد دەکرێت. ئەگەر ئەمرۆکە تاکێکی خۆرئاوایی لە ئەسڵ و چیرۆکی ژیانی یەسووع بپرسێت، کە داخۆ تا چەند ڕاستە کە مەسیح ژنی نەهێناوە و لە دوای خۆی جێ نەهێشتووە؟... ئەم پرسە تاوان نییە و هەموو مرۆڤێک بۆی هەیە، توێژینەوەی لەسەر بکات، بۆشی هەیە فەنتاسیایەکی تر و وێنەیەکی تر بۆ ئەسڵی بەسەرهاتی ژیانی مەسیحی کوڕی خوا و مریەمی پاکیزە بکێشێت. لە کاتێکدا لە ڕابردوودا.. ئەم پرسیارانە بڕینی هێڵی سوور بوون و سزای مەرگی لێ دەکەوتەوە.

ئەمەی تا ئێرە بەرچاو ڕوونییەکی کورت بوو لەسەر هۆکار و گۆڕانکارییەکانی. تێفکرینی کلیساو ڕووبەڕووبوونەوەی لە ئاست

تەوژمی باوەڕی نویٔ وە هەر ئەم دەستپێکەش بۆ خۆی ڕەنگە بتوانێت وەلامی پرسیاری باوەڕی نویٔ، لە ڕۆژئاوای زۆرینەی مەسیحی نشین!، جگە لە کریستیان، بۆچی و چۆن؟ بداتەوە.

**باوەڕی نویٔ لە ڕۆژئاوای زۆرینەی مەسیحینشیندا!؟... جگە لە کریستیان بۆچی و چۆن؟**

پیٔ دەچیٔ بە ئیلحاد و کوفر و لادان و حەرام زانینی زۆرێک لە باوەڕ و بزووتنەوە و کۆمەڵە ئاینییە نوێکانی جیهان، تەنها لە لایەن دەسەلاتی کلێساوە نەبیٔ؟ دەشێت خۆرزەمینەکان و هەندێک لە بیر ژەنگاوییەکانیش، ئەو تۆمەتانە بخەنە پاڵ کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان و بەکۆمەڵگاگەلێکی بیٔ عەقیدە دایان بنێن. بەدیدی زۆرێک لە ئیسلامییەکان بێدەنگیی خۆرئاوا لە ئاست تەشهیرکردنی وێنەی مەسیح و باوەڕە ئاسمانییەکانی تر لە بیٔ بڕواییەوەکاندا سەری هەڵداوە. ئەمەش بەپشت بەستن بەو ئامارانەی کە کلیسا لەسەر ڕێژەی ئامادەبوونی تاک لە کلێسا نیشان دەدەن... ئەوەتا لە نوێترین ڕاپرسیشدا دەرکەوتووە ڕێژە و ژمارەیەکی زۆر کەمی ڕۆژئاواییەکان، لە هەندێک جێنشینی مەسیحیدا تا حاڵەتی دەگمەنی ئەندامەکانی باوەڕیان بەکلێسا و مەسیح و دۆگمای مەسیحی ماوە. پرسیارەکەمان لێرەدا ئەوەیە داخۆ ئەم کەم باوەڕییە، دەکریٔ، بکرێتە پێوانە بۆ بەعەلمانی بوون و بەبیٔ باوەڕی بیٔ عەقیدەیشیان ببێتە پێناسەی شارستانییەتی نویٔ و لەناو فەرهەنگی کۆمەلایەتی کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا بەو ناوە جێی خۆی بکاتەوە؟!. یاخود ڕاستە گەر بڵێین بەلەخۆگرتنی باوەڕی نویٔ و لاو باوەڕی مەسیحیان لە بیر چووبێتەوە؟.. دەشێت بەدیدی خۆرزەمینەکان. لەدیدی هەندێک لە گرووپە توندڕەوە ئاینییەکان و کەم شارەزایان لە پێکهاتەکانی



کۆمەڵگاگەلی خۆرئاوایی، ئەم خۆدزینەوەیەی خۆرئاوا لە بەرپرسییەتی ماف و ئەرکی باوەڕی تاک خودا، بەبیٔ عەقیدە، ناویان بێنن و، بەئیلحاد و بەدکاری و داوێن پیسیشیان بزانن ...بەلام لە ڕاستیدا، ئەوەی کە جێگەی سەرنج و تێڕامانە، لەدیدی کۆمەڵ و لەسەر ئاستی تێڕوانینی تاکی ڕۆژئاوایی، باوەڕهێنان بەچەند خواوەندێک و بەچەند باوەڕێکی تر هەرگیز کوفر و لادان و ئیلحاد و بەدکاری ناگەیێنێت بە بۆچوونی خۆرئاواییەکان ئەشیٔ عەلمانی بن، کافر باوەڕ و لادەر بن، بەلام بەتێڕوانینێکی جودا لەوەی کە ئێمە لە عەلمانیەت و چەمکی ئیلحاد و بەدکاری گەیشتووین، خۆرئاواییەکان پێیان وایە ئەم فرەییە لە باوەڕ، ڕووی خۆرئاوا سپیتر دەکات و عەقلانی تر خۆی دەبینێتەوە، بابەت و تەوەری ئینتیماء (باوەڕ هەڵگری) لە سایەی هەبوونی ئازادیی هەڵبژاردن و پراکتیزەکردنی ئەو ئازادییانە لە ژیانی ڕۆژئاواییەکان بابەتێکی کەسییە و پەیوەندیی بەخودی تێفکرینی مرۆڤەکانەوە هەیە. گەر کۆنیش ئاینی مەسیحییان هەڵبژاردبێت. ئەوە ناگەیێنێت ئەو باوەڕە کۆنە، هەر بەو چەسپیوییە لە ناخ و هزری تاکەکاندا مابێتەوە و بەشکۆداری و بەنەمری لە دڵی باوەڕپێکەرانی جێگەی بۆ خۆ کردبێتەوە، ئێستاکیٔ گشت ئامار و ڕاپرسی و پێشبینییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە مەسیحییەت لە بەرەی خۆرئاوادا بووەتە دەزگایەک بۆ دابینکردنی بەشێک لە پێداویستییەکانی پێکەوە ژیانی کۆمەلایەتی بۆ نموونە لە مەراسیمی گرێبەستی هاوسەریەتی، پێویستییان بەکلێسا و قەشەیە، مردن و سەرقەبران، کلێسا و داشەلانی گەرەکە عماد و ناولێنان،.. هتد، خەڵکی ڕوو دەکەنە کلیسا و بەدەزگایەکی بەجێی خزمەتگوزاری دەوڵەت دەزانن، نەوەک ڕۆڵێکی

هەبێت لە هێنانە کایەی بەختەوەری بۆ ئەندامەکانی کۆمەڵ، بەپێچەوانەی کۆن. هیچ هەنگاوێک بێ پرسی کلیسا نەدەنرا خۆشبەختیش لە چوارچێوەی بەجێهێنانی فەریزە ئیلاهییەکانەوە بەدی دەکرا، تەنانەت مێژوو لە هەگبەکەیدا ئەوەی بۆ جێ هێشتووین کە چۆن هەندێک لە شەڕ و کوشتارەکان بەفەرمان و فەرمایشتی دەسەڵاتی ئاینی بووە... بەڵام وەک پیشتر ئاماژەمان پێ دا، ئەمە تا سەر نەبوو.!؟

بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی هەبوون و کاتی دەرکەوتن و مەودای بڵاوبوونەوەی بۆچوونە نارەسمییەکانی پەیوەست بەئاین، لە ڕێگەی توێژینەوە و تاقیگە و گەڕان بەدوای ئاراستە و ئاقاری تێفکرینی تاکی ئەوروپی بەدەست دەکەوێت.

پێناسەمان بۆ ئاینی نارەسمی یاخود باوەڕی لاو، ئەوە دەبێت کە بڵێین پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵێک تەشکیلات و ئەندازە و نائاوێتە بوون و بەگژداچوون و بەیەکداچوون. باوەڕکردن و باوەڕهێنان بەهەریەک لەو باوەڕە نارەسمییانە کە قابیلی گۆڕانن لەگەڵیدا دەکرێ بڵێین باوەڕی نوێ یاخود ئاینی نارەسمی، تا ئەندازەیەک لە لایەن کەمایەتییەک لە ئەندامانی کۆمەڵگا ئەوروپییەکانەوە زانراوە کە چییە و باس لە چی دەکات.؟ هێندێک لەو باوەڕە نوێیانە لەگەڵ دەستپێکی هەزارەی سێیەم، بەباوەڕی لاو خۆیان بەکۆمەڵ ناساندووە و ئەوانیش لە چرۆکردن و ڕەگ داکوتانن.

زانایان و توێژەرانی «باوەڕ» بەدووری نازانن باوەڕی نارەسمیی خۆرئاوا، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە پێشەنگی باوەڕی تاکی خۆرئاواییدا خۆی بگرێتەوە، لێرەدا چەند نموونەیەک لە باوەڕە نوێکان (لاوەکان) دەخەینە ڕوو، کە ناوەندەکانی میدیای خۆرئاوایی بەباوەڕی لاو ناویان



دەهێنن و تا ئاستێکیش بوونەتە مایەی سەرئێشە بۆ کلیسا و باوەڕی یەک خودایی..

**زانستی ئەستێرەناسی** Astrology

مێژووی ئاشنابوونی مرۆڤایەتی بە فەلەک و ئەستێرەناسی دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەردەمێک بەر لە دەرکەوتنی ئاینە ئاسمانییەکان و باوەڕی تاک خودایی.. دەرکەوتن و ئاشنایەتیی مرۆڤایەتی بەئەستێرە و تاڵعەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی شارستانیەتی بابلی و کلدانییەکان، هەر ئەم دوو شارستانییەتەش بەیەکەمین شارستانییەتە پێشڕەوەکان دەژمێرن کە بایەخیان بەو لایەنە داوە و باوەڕیشیان پێ کردووە، تەنانەت باوەڕیان وابووە ئەستێرەکان کاریگەریی زۆریان هەیە لەسەر شەڕ و پەلاماردان و هێرش و جەنگەکانی ئیمپراتۆریەتی کۆنی بابلی. تا ئەو ڕادەیە کە، بەخت و ئاڕاستەی ئەستێرەکان توانای گۆڕینی چارەنووسی جەنگ و پێوانەی هێزی هێرشبردنەکانی هەبووە.

لەو پێناوەشدا، ئەو دوو مەملەکەتە لە بیرکراوە، چەندین زانیاریی بەنرخیان بۆ جێ هێشتووین کە ئەمڕۆکە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بەزانستیبوونی ئەو زانستە لە قەڵەم دەدەین. بەڵام ئەوەی کە سەیرە و جێگەی سەرسووڕمانە، باوەڕهێنانی بە زانستییەتی ئەستێرەناسی، وەکو زانست، هیچ کات لەگەڵ گوتاری ڕەسمیی کارپێکراوی دۆگمای مەسیحی ڕێک نەکەوتووە!. بەوردی و بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش ئەستێرەناسی لە لایەن لاهووتەوە ڕەت دەکرێتەوە کڵێسا پێی وایە وەدەرکەوتنی ئەو باوەڕانە و زۆرێکی تر بەرهەمی سەردەمی ڕێنسانسن و بیدعەیەکی تری شەیتانەکانە و ناکرێت مرۆڤی ئیماندار خۆی پێیان خافڵ بکات یاخود باوەڕیان پێیان بهێنێت. دەزگای

ڕاپرسی ئەوروپی Euro barometers لە ڕاپرسییەکی مەیدانیدا لەسەر ئاستی دوانزە وڵاتی سەر بە یەکێتیی ئەوروپا، پرسیاری ئەوە دەکات، ئایا تاکی ئەوروپی ئەستێرەناسی بە زانست دەزانێ؟ یاخود بە زانستی لە قەڵەم دەدات؟ باوەڕی پێی هەیە یاخود نا؟ گەر ئا تا چەند؟ لێرەدا لەبەر گرنگیی ئەم بابەتە، بەدواداچوونەکە وەکو خۆی دەیخەینە ڕوو.

| ولات | بەڵێ زانستە | تا ئەندازەیەک | نەخێر | نازانم |
|---|---|---|---|---|
| فەرەنسا | ١١,٤ | ٥٠,١ | ٣٠,٥ | ٨ |
| هۆڵەندا | ١١,٤ | ٤٦,٣ | ٣٠,٨ | ١١,٥ |
| ئەڵمانیا | ٨,٢ | ٤٥,٧ | ٣١,٨ | ١٤,٣ |
| ئیتاڵیا | ١١,٧ | ٣٤,١ | ٣٩,٥ | ١٤,٧ |
| لۆکسبۆرگ | ١١,٦ | ٥٠,٢ | ٣٢,٣ | ٥,٩ |
| دانیمارک | ١٢,٨ | ٤٨,٢ | ٢٤,٢ | ١٤,٧ |
| ئێرلەندا | ١٨,١ | ٣٤ | ٢٦,٦ | ٢١,٣ |
| بەریتانیا | ١٥,٥ | ٣٧,٧ | ٣٩,٤ | ٧,٤ |
| یۆنان | ١٧,٩ | ٣٤,٦ | ٢٥,٤ | ٢٢,١ |
| ئیسپانیا | ٢٩,٥ | ٣٤,٣ | ١٥,٧ | ٢٠,٥ |
| پرتوگال | ٢٩,١ | ٢٩,٢ | ١٤,٦ | ٢٧,١ |
| بەلجیکا | ١٢,٧ | ٣٧,٨ | ٣٤,٩ | ١٤,٦ |
| کۆی گشتی | ١٨٧٣ | ٤٦١٠ | ٣٣٧٤١ | ١٨١٣ |
| ڕێژە ٪ | ١٦ | ٣٩,٥ | ٢٨,٩ | ١٥,٥ |



**سەرنجی یەکەم:**

بڕوانە کۆی گشتی و سەرئەنجامی وەڵامەکان لەو وڵاتانەی کە بەشدارن لە ڕاپرسییەکەدا، تێبینی ئەوە دەکەین کە لە کۆی گشتیی وەڵامی تاکی خۆرئاواییدا ئەوە بەدی دەکرێت کە ١٦٪ بەڵێ زۆر بە زانستیی دەزانن لە کاتێکدا ٣٩٪ تا ڕادەیەک بە زانستیی لە قەڵەم دەدەن. ئەم ڕێژە زۆرەش لە وەڵامێکی گومان بەدەر ئەنجامی ئەوە بووە کە بە هەڵکەوت جارێک لە ئەستێرەکەی هاوبەشی کارێک بێت و لە بۆنەیەکی تردا دژی وەستابێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوانەن کە بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە و خۆیان ساغ نەکردووەتەوە کە ئایا (نازانم) ئەستێرەناسی بە زانست بزانن یاخود بە هیچ و بەیەکێک لە بابەتەکانی جادووگەری لە قەڵەم بدەن؟

**سەرنجی دووەم:**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، ڕێژەی ئەوانەی بە I don’t know (نازانم) وەڵامیان داوەتەوە کەمە ١٥,٥٪ لەسەر ئاستی زۆرینەی وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپادا. بەڵام لە چوارچێوەی ئەو یەکێتییەدا لە وڵاتانی ئێرلەندا، یۆنان، ئیسپانیا، پورتوگال، لە چاو وڵاتانی تر ڕێژەکەی زۆرترە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خەڵکی ئەو چوار وڵاتە لە چاو وڵاتانی تر لە چوارچێوەی (EU) کەم شارەزاترن یا کەم هۆشیارترن، بەو وەڵامانەی کە لەم پێوەندییەدا (بە زانستی زانینی ئەستێرەناسی)، دراونەتەوە تا ڕادەیەک کاریگەریی دۆگمای مەسیحی لەسەر هزری باوەڕی خۆرئاوایی لەو ناوچانە دەردەکەوێت. لە هەمان کاتیشدا دەبینین ڕێژەی ئەوانەی کە پێیان وایە بەڵێ، ئەستێرەناسی زۆر

زانستە لە وڵاتانی ئیسپانیا، پورتوگال، یۆنان، ئێرلەندایە لە کاتێکدا هاووڵاتییانی وڵاتانی ئیتاڵیا، بەلجیکا، بەریتانیا جۆرێک لە دوودڵی نیشان دەدەن لە ئاست وەڵامی پرسیارێکی لەو جۆرەدا. بەم پێیەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە باوەڕهێنان بە ئەستێرەناسی وەک زانست، لەو وڵاتانەدایە کە کەم دەرامەتترن و هەژارترن و ئەندامانی کڵێسای کاتۆلیکی ڕۆمین و دڵەڕاوکێکە و خۆدزینەوە لە پرسیارەکەش، بەئاشکرا لە وڵاتانی زیاتر دەوڵەمەند و دژە کڵێسای کاتۆلیکی بەدی دەکەین.

لەمەوە دەتوانین بڵێین زانستی ئەستێرەناسی بەشێکە لە دید و باوەڕی نوێی جیهانی، هەرچەندە ئەو دیدە ئەو باوەڕە سەربەخۆ نییە و بەئاوێتە بوون و تێکەڵبوونی لەگەڵ باوەڕی تر و شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتی و تەسەوفی ئەوروپی لە شۆڕشی پیشەسازی و، شۆڕشی ڕێنسانس کامڵ دەبێت. هەروەها لە بارەی ئەستێرەی بەخت و تالع و بابەتی جادووگەری و خورافە و نوشتە و خوێندنەوەی دەست و قاوە خوێندنەوە و پێشبینیکردنی ئایندەی مرۆڤەکان لە لایەن ئەستێرەناسەکانەوە. هەندێک زانیاری دەخەینە ڕوو. لەم بارەیەوە دەزگای ڕاپرسیی ڕاستەوخۆی سەر بەهەمان سەنتەر (ڕاپرسیی ئەوروپی) تیایدا پرسیاری ئەوە دەکات داخۆ ئەستێرەی بەخت دەتوانێ کار لە ڕەوتی ژیانی مرۆڤ بکات یان هیچ نەبێ کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێ. دیاریکردنی چارەنووسی ئەمڕۆ و ئایندە؟ لێرەدا لەبەر دووروودرێژیی ئامارەکە و لەیەکچوونی ڕێژەکان تەنها، تیشک دەخەینە سەر دوو وڵات و دوو زلهێزی بیری ئەوروپا کە ئەوانیش بەریتانیا – ئەڵمانیای بەرەی ڕۆژئاوان. ناچاریشین کە



ئەڵمانیا بەسەر دوو بلۆکدا دابەش بکەین بەهۆی ئەوەی کە ئەڵمانیا لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی بەسەر دوو بەرەدا دابەش کرا، یەکێکیان تێکەڵ بە بیری پێشکەوتنخوازیی ئەوروپا بوو، ئەوی تریشیان، بەناچاری کەوتە ژێر دەسەڵات و زەبری بیری کۆمونیستی... ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە بیری ئیشتراکی لە بنچینەدا دژی دۆگمای مەسیحی دەجەنگا و... دانیشتوانی بەری ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا لە بنچینەدا هەڵگری باوەڕی مەسیحین... بۆیە کە ئەڵمانیا کاتێک یەکی گرتەوە یەکێک لە کێشە و بارگرانییەکان دۆزینەوەی دەروازەیەک بۆ دەرچوون لە بەرگی باوەڕهێنانی کۆنی چەپ و کۆمۆنیستی و تەریبوونی بیر و هزری ئەو دوو مرۆڤە ئەڵمانییە هاونەژادە لە چوارچێوەی ئەڵمانیەکی یەککگرتوو بوو.

| ئەڵمانیای بەری ڕۆژئاوا | بەریتانیا |
| --- | --- |
| ٦٪ ڕەنگە کاریگەری هەبێ. زۆرجار | ٤٪ بەدڵنیاییەوە بەڵێ کاریگەی هەیە |
| ٢٢٪ نەخێر هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە | ٢٤٪ ڕەنگە ڕاست بێ |
| ٣٦٪ ڕەنگە ڕاست بێ | ٣٥٪ نەخێر وا نییە |
| | ٢٨٪ نەخێر بەدڵنیاییەوە ئەو شتانە هیچ ڕۆڵێکی نییە |

ڕێژەی هاوشێوەش لە زۆربەی وڵاتانی تری ئەوروپا بەدی دەکەین، ئەمەش بۆ خۆی ئەوە دەگەیەنێت کە عەقڵیەتی ئەمڕۆی خۆرئاوا لە گۆشەنیگای ئەو پرسیارەوە ڕووەو ئەوە دەچێت کە باوەڕ بە بەخت یاوەری نەکات و بڵێت ژیان زیاتر بەتێکۆشان و، ماندووبوون کەماڵ بەخۆ دەبینێت.

## ئەستێرەناس و فەلەکییەکان:

بابەتێکی تری لێدوان و بەدواداچوونە، ئەستێرەناس ئەمڕۆکە لە هەندێک شوێن و لە هەندێک بۆنەدا وەک پزیشکێک یان پسپۆڕێکی شارەزای دەروونناسی تەماشا دەکرێ، کە توانای دوورخستنەوە و نەهێشتنی بەڵا و سەرگێچەڵەکانی دنیای هەیە.

لە ئەڵمانیا ٥٪ ئەڵمانییەکانی ڕۆژئاوا پێیان وایە کە ئەستێرەناسەکان توانای پێشبینی کردنی داهاتووی مرۆڤیان هەیە.

٣٪ش لە کۆی گشتیی دانیشتوانی بەریتانیا، هاوڕان.

پتر لە دوو سەدە عەقڵانییەت باڵی کێشاوە بەسەر شارستانییەتی ئەوروپادا و ڕێگە بۆ چارەسەری کێشەو پرسەکانی خودی مرۆڤ بەدەستی لە ڕێگەی هەموو باوەڕ و ڕێگە و چارەسەر و ئەڵتەرناتیڤێکی تر، جگە لە کلێسا و پەیامی یەسووع خۆش کردووە. فرە باوەڕی و ئازادیی کۆمەڵگاکانی ئەوروپی، لە هەڵبژاردندا، دەرگا لە بەردەم ئاسۆیەکی بەربڵاو واڵا دەکات. ئەستێرەناسیش یەکەمین باوەڕی لاوی خۆرئاوایە کە لەگەڵ باوەڕ و دۆگمای مەسیحی یەک ناگرێتەوە و هەمیشە دژیەتی...

## نەمریی ڕۆح

ڕۆح تەوەرێکی گرنگی گرێدراوی ژیانی مرۆڤە، لە زۆر کۆنەوە، دەتوانم بڵێم بۆ پتر لە سێ هەزار ساڵ پێش لە دایکبوونی یەسووع، مرۆڤ گرنگیی داوە بە تەوەر و ڕاڤەکردنی ڕۆح... هەندێکی ئەو باس و بابەت و گرنگی پێدانانە لە لای ئیغریقییە کۆنەکان بەدی دەکرێت بەتایبەتیش لە شاکاری ئەفسانەیی «ئۆدێسیا» کە تیایدا هۆمیرۆس، لە باسکردنی ڕۆحدا تێڕوانین و تەرزێکی گرنگ بۆ پێناسەی ڕۆح دەخاتە ڕوو مەسیحییەتیش دەشێت بەشێوەیەکی ئاراستەکراو سوودی لەو باسکردنە دیبێت، بەپێی ئەو زەمەنەی کە ئۆدێسیای تیا نووسراوە، باوی ئەوە بووە کە ڕۆح جۆرێکی تر لە نەمری بەخۆ دەبینێت، مردووەکان کە دەمرن ڕۆحیان نامرێت ڕۆحی مردووەکان چاوی لە کردار و هەڵسوکەوتی ئێمەی زیندووەو خواوەندەکان ئەو ڕۆحە بەزیندوویی دەهێڵنەوە. بۆ ئاگاداربوونیان لە هەڵسوکەوتی مرۆڤە زیندووەکان. لە ڕاستیشدا بزاڤ و ناوونیشان و چەمک و دەستەواژەی نەمری ڕۆحەکان لە فەرهەنگی کوردیدا بەئاشکرا شی نەکراوەتەوە، زاراوەیەکە بە زەحمەت تەلیسمەکانی لەیەک جیا دەکرێنەوە، ڕەنگە لەڕێگەی پێناسەیەکی سادە بۆ ئەو ناونیشانە، دەستەواژەیەکی گونجاوی بۆ هەڵێنجێنێت.

پێناسەیەکی گشتی، تەناسوخی ڕۆحەکان تەواو دژی باوەڕهێنانی مەسیحییە، چونکە ئەم باوەڕە پێی وایە کە (ڕۆح) لە پاش مردنی ڕوو ناکاتەوە ئاسمان بەڵکو ئەو ڕۆحە بەنەمری دەمێنێتەوە و دەچێتەوە ناو لەشی مرۆڤێکی تری لە دایکبووی نوێ. لە شوێنێکی تر و لە زەمەنێکی تردا بەپێی دید و بۆچوونی ئەم باوەڕەش بێت ئێمەومانان هەمووان لە پۆشتە و جەستەی ڕۆحێکی مردوودواین و ئەو ڕۆحەی کە ئاراستەی بیر و ئەندێشە و کارەکانمان دەکات لە بنچینەدا ڕۆحی مرۆڤێکی مردووە و ئەمڕۆ لە ئێمەدا بەزیندوویی بەرجەستە دەکرێت. ئەم بیردۆزە تێڕوانینی بۆ ژیانی پاش مردنی ئێمەش ئەوەیە کە ئێمەش دەمرین یەکێکی تر هەڵگری ڕۆحمان دەبێت و ڕۆح لە ناو جەستەی مرۆڤایەتی بەنەمری و بەزیندوویی هاتوچۆ دەکات و

دەگەڕێت و لە ناو ناچێت... دیارە ئەم تێفکرینە زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە ڕۆح هاوشێوەی ئەزەلیەتی خودا، نەبینراوە و، هەموو شتێکی نەبینراویش دەتوانێت ئەزەلیەت و ئەبەدیەتی پێ ببەخشێت کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەرچاوەی کێشەی نێوان کڵێسا و باوەڕی تەناسوخی ڕۆحەکانە. لەم بارەیەوە دەزگای European valuessaruey، پڕۆژەیەکی بۆ ئامادە کردووین لە چوارچێوەی یەکێتیی ئەوروپادا، بەشێکی پڕۆژەکە هەندێک لایەن و زانیاریی لەسەر باوەڕ و ئاین لە ئەوروپای ئەمڕۆ دەرخستووە. ئەو پڕۆژەیە توێژینەوەیەکی زانستییە و گرنگییەکی زۆری داوە بەگۆڕانکارییە ڕەوشتی و عەلمانییەکانی ڕۆژئاوای هاوچەرخ هەر بۆیە دەتوانین بڵێین هەر جۆرە زانیاری و توێژینەوەیەکی لەو شێوەیە پردێکە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە دەسەڵات و دۆگمای مەسیحی، بەتایبەت بابەتی باوەڕهێنان بەنەمریی ڕۆح بۆ خۆی بەرهەڵستی و بەرەنگارییەکی جیددی و گەورەی لاهووتی مەسیحییە. کە چەندەهای ساڵە ڕابەرانی بیری لاهووت خۆیان پێیەوە ماندوو کردووە. زاراوەی نەمریی ڕۆحەکان لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی باوەڕی ئەوروپیدا، زۆر نوێیە، تەنانەت لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا شاهیدی ئەو گوتەیەن، چونکە زۆرێک لە دانیشتووانی وڵاتانی ئەوروپا بە هەڵە تەفسیری ئەو چەمکەیان دەکرد، تەنانەت لە وڵاتێکی وەک نەرویج، پێیان وابوو مەبەست لە نەمریی ڕۆح زیندووبوونەوە بێت «قیامە»ی مردووەکان بێت، بەڵام ئەمڕۆکە لە سایەی پێداکوتانی ئەو باوەڕە و زۆربوونی لایەنگرانی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و هەبوونی کەرەسەکانی زیاتر قووڵبوونەوە لە بابەت و باوەڕی لەو شێوەیە، تەواو تەوەری تەناسوخی ڕۆحەکان لە



زیندووبوونەوە جیاکراوەتەوە بۆ خۆشی زاراوەیەکی سەربەخۆیە و باوەڕێکی لاوە و هیچ پەیوەندییەکی بە زیندووبوونەوە نییە و بگرە تا سەر ئێسقان دژی شکۆدارکردنی فەلسەفەی زیندووبوونەوەیە کە بنەمای مەسیحییەتی لەسەر بونیاد نراوە... هەندێک لە ڕابەرانی فەلسەفەی مەسیح، پێیان وایە کە ئاینی مەسیحییەت بە زیندووبوونەوەی یەسووع کامڵ دەبێت، ئەگەر بێتو ئەو بەشە لە پەیڕەو و پڕۆگرامی باوەڕەکە لاببرێت، ئەوا باوەڕەکە دەبێتە باوەڕێکی ناکامڵ و تووشی هەزاران ڕەخنە دەبێتەوە پاشگەزبوونەوەی لێ دەبێتەوە. بۆ زیاتر زانیاریی لەو بارەیەوە، لە ساڵی ١٩٨١دا دانیشتوانی ئەوروپا، سەبارەت شارەزایی و زانیاری دروست لەسەر ئەو باوەڕە ٢١٪یان بەنازانم I don’t know وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ لەسەر هەمان تەوەر و بۆ هەمان پرسیار ١٨٪یان بەنازانم وەڵامیان داوەتەوە. لە ماوەی دە ساڵدا لە هەر سەد تاکێکی ئەوروپایی سیانیان زیندووبوونەوە و تەناسوخی ئەرواح لەیەک بۆ جیاکراوەتەوە پاشانیش لە ٢٠٠١دا ١٥٪ بەنازانم یاخود وەڵامی نادروست داوەتەوە.

لە هەمان ساڵی ١٩٨١دا لە ڕاپرسییەکدا پێنج بەشی دانیشتوانی بەلجیکا – ئیسپانیا – هۆڵەندا – ئەڵمانیا نەیانتوانی وەڵامێکی ڕاست و دروستی ئەو پرسیارە بدەنەوە، کە ئایا مەبەست لە تەناسوخی ئەرواح (نەمریی ڕۆح) زیندوو بوونەوە بێت یان لە دژیەتی، لە ڕاستیشدا دەرکەوتنی ئەو ڕێژە زۆرە لە نەزانین لەو بارەیەوە پێچەوانەی هەندێک لە پێشبینییەکانە، سەبارەت بەپەلکێشانی خێرای مەودای باوەڕی نوێ و نارەسمی لە ڕۆژئاوادا، بۆ ئەو سەردەم و قۆناغە.

## تەناسوخی ڕۆحەکان و دۆگمای مەسیحی:

باوەڕهێنان بەتەناسوخی ڕۆحەکان (نەمریی ڕۆح)، لادانە لە دۆگما و ڕێگای ڕاستی باوەڕی مەسیحی، ئەو لادانەش لە ئەنجامی کاڵفامی و کورتبینی هزر نییە بێ ئیدراک و ئیرادەش نییە! بەڵام هاوکات سەرنجی ئەوە دەدەین کە بڵاوبوونەوەی ئەو باوەڕە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دۆگمای مەسیحی و کڵێسای کاتۆلیکییە، بەبەڵگەی ١٦٪ ئەندامانی کۆمەڵگەی ئەوروپی ئەوانەی کە خۆیان بەهیچ کڵێسایەکەوە نابەستنەوە باوەڕیان بە(نەمریی ڕۆح) تەناسوخی ڕۆحەکان هەیە. ٢١٪ ئەندامانی کڵێسای کاتۆلیکی ڕۆمانی. باوەڕیان بەتەناسوخی ڕۆحەکان هەیە. ١٩٪ تایفە پرۆستانتەکان وەک لۆسەرییەکان – کاڵڤانییەکان – ئارمۆسیدیتسەکان، باوەڕیان پێی هەیە. ١٩٪ ئەندامانی کڵێسای ئازاد، وەک بزاڤ و کۆمەڵەی شاهێدەکانی خوا شهوودی یەهوا و کڵێسای ئینجیلی و مارۆنییەکان، باوەڕیان پێی هەیە!

بەگشتی باوەڕهێنانی نارەسمی لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر لە قۆناغێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، تەنانەت لە نێوان ڕەگەز و تەمەنەکان و کاریگەریی باوەڕە نوێکان دید و بۆچوونی سەربەخۆیان هەیە.

لەم بارەیەوە ئەنجامی ڕاپرسییەک نیشان دەدەین کە لە نێو ژنان و پیاوان کراوە، بەپێی تەمەن و ڕەگەز تیایدا جیاوازیی ڕێژەی باوەڕهێنان بەتەناسوخی ڕۆحەکان (نەمریی ڕۆحەکان) دەردەکەوێت.

لە گشت تەمەنەکاندا ڕێژەی باوەڕی ژن زیاترە لە پیاوان لە بابەتی باوەڕهێنان بەتەناسوخی ڕۆحەکان، پاشان تێبینیی ئەوە دەکەین لە



| پیاو ٪ | ژن ٪ | تەمەن |
|---|---|---|
| ٢٦ | ١٩ | ١٨–٢٤ |
| ٢٣ | ١٦ | ٢٥–٣٤ |
| ٢٢ | ١٦ | ٣٥–٤٤ |
| ٢٢ | ١٥ | ٤٥–٥٤ |
| ٢٠ | ١٦ | ٥٥–٦٤ |
| ٢٠ | ١٧ | ٦٥–٨٠ |

ناو ژن و پیاو تەمەن ١٨ – ٢٤ ساڵدا لە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر، باوەڕیان بەتەناسوخی ڕۆحەکان هەیە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ناونیشانە نوێیە بۆ ناسینی جۆری تێفکرین و کەسییەتیی لاوان لە خۆرئاوا کە هەمیشە کەسییەتییەکە بەدوای تازەگەری و نوێگەریدا دەگەڕێت لە بارەی باوەڕیشدا مارش و دروشمی «دیانات شابە»، (باوەڕ و ئاینی لاو)ی کردووەتە سونبولی ئاراستەی باوەڕهێنانیان لەم بارەشەوە، دەتوانم بڵێم ئەو تەمەنە گونجاوترین و لەبارترین تەمەنە بۆ هەڵبژاردنی باوەڕی نوێ و ئاین گۆڕکێ... یان ڕوونتر کاریگەریی بیروباوەڕی نوێ بەسەر بەساڵاچووەکان کەمترە لە چاو بیر خامێکی لاو، بەو پێیەی کەم شارەزاتر و کەم ئاشناترە بەجیهانی باوەڕی یەک خودایی، بەپێچەوانەوە، بەزەحمەت دەتوانێت کار لە گۆڕینی ئاراستەی تێفکرین و باوەڕی بەساڵاچوویەک بکەیت، بگرە کردنەوەی ئەو باسە لە لای هەندێکیان یاخیبوونە بەسەر چەمک و دابونەریتە چەسپیوەکان، بەدووریشی مەزانە، تاوانی بێ عەقیدەشت بخەنە پاڵ و دەرگات بە ڕوودا دابخەن.

## بەیەکداچوونی باوەڕەکان

باوەڕهێنان بە فەلسەفەی تاکباوەڕی و ئاسمان و بە بوونی تاک خودا و بەهەشت، ئاگر، باوەڕێکی چەسپیوی ناوی هەریەک لە ئاینەکانی ئیسلام و جوولەکە و مەسیحییەتە، ئەگەرچی دەشێت لە ڕووی فۆرم و بۆنە و کاتی دەرکەوتنیان تەفسیری جیا جیایان، بۆ ئەو ڕاڤەکردنانە هەبێت وەک ئەو ڕاڤەکردنەی کە مەسیحییەت هەیەتی بۆ چەمکی خودا «گیانی پارسا» بەڵام سەرئەنجام هەرسێ باوەڕ و ئاینەکە لەسەر بوونی یەک خودا و یەک چارەنووسیی پاش مردن و ڕۆژی لێپرسینەوە و بەهەشت و ئاگری دۆزەخ کۆکن. ڕەنگە ئەم لەیەکچوونەش تاقە خاڵی بەهێزی یەکگرتنەوەیان بێت. تا ساڵی ١٩٩٠، ٤٠٪ هاووڵاتییانی ئەوروپا باوەڕیان بە فەلسەفەی بەهەشت و ئاگر هەبووە بەڵام لە پاش ئەو مێژووە باوەڕهێنان بە بەهەشت و ئاگر لەگەڵ باوەڕهێنان بەبابەتی تەناسوخی ڕۆحەکان (نەمریی ڕۆح) بەیەکداچووە و بەدگومانییەکی سەیری لە ناو کەسییەتیی تاکی خۆرئاواییدا دروست کردووە، ئێستاکە لە تازەترین بەدواداچوونی پسپۆڕان لەو بارەیەوە دەرکەوتووە کە:

١٨٪ ڕۆژئاواییەکان باوەڕیان بەهەردوو فەلسەفەکە هەیە و هەردووکی بەڕاست دەزانێت.

٢٠٪ تەنها باوەڕی بەبوونی بەهەشت و ئاگر و یەک خودایی هەیە.

٧٪ تەنها بەتەناسوخی ڕۆحەکان.

٩٥٪ یشی باوەڕی بەهیچ کامیان نەماوە.

کۆنە هیندۆسەکانی ئەوروپا باوەڕیان بەهەردوو چەمکەکە هەیە، ڕەنگە لە یەکتر نزیکبوونەوەیەک لە نێوان تێگەی لاهووت و



هیندۆسییەت لەو خاڵ و سۆزگەیەوە زیاتر بەدی بکەین و بەیەکداچوون و بەگژداچوونی مەسیحییەتی ئەوروپی لەگەڵ هیندۆسییەتی ڕۆژهەڵاتی، ئەو حاڵەتی بەدگومانییەی دروست کردبێ، هەرچۆنێک بێت، لە خاڵێکدا هەردوو باوەڕ و فەلسەفەکە دەرگاکان لە بەردەم ئەگەری هەبوونی ژیانێک لە پاش مردن واڵا دەکات. ئەمیان بەزیندووبوونەوەی ڕۆح و چوون بۆ لای یەزدان، ئەمیشیان بەهاتوچۆی لە نێوان مرۆڤەکان. مەسەلەی ڕۆح بابەتێکی ئاڵۆزە و هەموو بەدواداچوونێک بۆ شیکردنەوەی تەوەری ڕۆح دوورکەوتنەوەیەکە لە مانای ژیان (ژیانی پاش مردن) و بەیەکداچوونی باوەڕەکان بۆ خۆی نیشانەی دوودڵی و دڵەڕاوکێیەکە لە چۆنیەتی دەربڕینی ژیانی پاش مردن، هەندێک جار دەکرێ بڵێین تێ نەگەیشتنە و هەندێک جار خۆ لە گێلی دانە و دەشێت ترسیش بێت کەسمان نامانەوێت دان بەکۆتایی هاتنی ژیاندا بنێین، نەمری و پیرۆزی مرۆڤەکان و باوەڕ بەخۆبوونیان وای کردووە، مرۆڤ هەمیشە باوەڕ بەوە بکات کە ژیان بەردەوامە و سەفەرەکە سەفەرێکی ئەبەدییە و کۆتایی نایەت. لە تازەترین هەنگاوی مرۆڤایەتی بۆ درێژەدان بەبیری بەردەوامی بۆ ژیان، خۆی لە چەند سیناریۆ و فەنتازیای زانستی و جەدەلیی مرۆڤدا دەبینێت لەوانە هەوڵی بۆ بەردەوامیی ژیان بەهۆی سڕکردنی مرۆڤ و دانانی لە ماڵێکی بەستەڵەک کە سەرچاوەی ئەم بیرە کۆنە فەرعەونەکانن... فۆتۆکۆپیی مرۆڤەکانیش هەوڵێکی تری زانایانە بۆ درێژەدان بەبیری نەمریی ڕۆح بەڵام بەشێوەیەکی زانستی لە ڕێگەی کارتێکردنی جینات و دەرهاویشتە کیمیاوییەکان کە ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە ڕاگرتنی هەندێک خاسیەت وەکو خۆی، هەمووشمان ئاگاداری فۆتۆکۆپیکردنی یەکەم «مەڕ»ین لە جیهاندا.

## دوا خوێندنەوە:

بەشێوەیەکی گشتی، هەموو باوەڕێکی هاوچەرخ و نوێ، یەکگرتووی بابەت، بە بەراوردکردنی بەدەسەلات پێرستی باوەڕی کلاسیکی، خاچپەرستن، کەمتر تیا بەدی دەکەین، دەتوانین ناوی بنێین سەربەستی (ئیجتیهاد) و ئازادی هەڵبژاردنی کەسییەتی، بێگومان ئەم تەرزە لە باوەڕ جۆرێک لە پەرتەوازەیی و ئاڵۆزیی هزر و فەلسەفەکانی تیا بەدی دەکەین. زۆر جاریش هێما دەبێتە ئامراز بۆ دەربڕینەکان، وەک ئەڵقە لە گوێ کردن، تاتۆرین و، کوتانی لەش و نەخشاندنی لەش بە وێنە و سونبولی پێشتر نەبینراو... هتد.

دەڵێین: داخۆ دەکرێ ئەم قۆناغە، بەقۆناغی گواستنەوە limpicit لە ژیانی کۆمەڵگە ئەوروپییەکان بناسین یاخود وەهمێکە و شتێک نییە بەناوی باوەڕی لاو؟!. بۆ وەڵامی ئەمەش ڕادەی تەشەنەکردن و ڕەگ داکوتانی باوەڕی نوێ لە ناو هزری خۆرئاواییەکان و خۆ خافڵییان پێی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، پاشان دەبێ دەسەڵاتی کۆنی خاچپەرستی لە یاد نەکەین و بزانین کڵێسا لەو بارەیەوە چی لە هەگبەکەیدایە بۆ چارەسەرکردن و پڕکردنەوەی ئەو درز و کەلەبەرانەی کە کەوتوونەتە جەستەی بیروباوەڕی ئەوروپای مەسیحییەوە؟!. ئەمڕۆکە دەبێت بپرسین نەوەی نوێی ئەوروپا و بیرکردنەوەی بەکام ڕێگا و ئاقاردا دەڕوات. لە ڕاستیدا پێشبینییەکانی تابەر لە یازدەی سێپتێمبەر ئەوە دووپات دەکەنەوە کە تێفکرینی خۆرئاوایی بەهەر ڕێگا و ئاقارێکدا تێ پەڕێت، بەئاقاری دیکتاتۆرییەتی دەسەڵاتی کڵێسای کاتولیکیدا ناشکێتەوە.



## پەڕاوێز:

سەرجەمی ئەو ئامارانەی کە لەم بابەتەمان دسوودیان لێ وەرگرتوون لە دەزگای Euro barometereەوە دەست کەوتوون کە سەنتەرێکە گرنگی بەتوێژینەوە و ڕاپرسییە مەیدانییەکان دەدات لە چوارچێوەی وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا. بووجەی پڕۆژەکانی ڕاپرسیش لە لایەن یەکێتیی ئەوروپاوە دابین کراوە.

# بەشی دووەم

## خۆرئاوا و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ باوەڕی نوێدا

European Receptivity to the New Religion

> گەر لە سروشتی ئاین و عەلمانییەتی ئەوروپا تێ گەیشتبین و، شتێکی لێوە باس بکەین، ئەوا دەبێت ئاست و ڕێژەی جۆری دەرکەوتن و سەرهەڵدان و گەشەکردنی باوەڕە نوێکان هاوشێوە و گرێدراوی ئاست و ڕێژە و جۆری دەرکەوتنی باوەڕی نوێی ئەمریکایی بێت، ئەمە گەر لەویش زیاتر نەبێ.
>
> (ڕۆدنی ستارک)

**دەروازە:**

بۆ باسکردنی باوەڕە نوێکان لە ئەوروپادا و هەروەها سەدا و مەودای بڵاوبوونەوەیان، دەشێت ئەم باسە ڕاستەوخۆ، بەکیشوەری ئەمریکای باکوورەوە گرێ بدرێت، تەنانەت لە ناو زۆربەی پەیڕەو و پرۆگرامی ئەو باوەڕە نوێیانەدا جۆرێک لە هاوشێوەیی، لە فۆرم و شێوازی کارکردنیان تێدا بەدی دەکەین. ئەمەش لە ڕاستیدا بەهۆی ئەوەی کە ئەمریکا بۆ خۆی بنەچاوە و مۆڵگە و مەنزڵگەی دەرکەوتنەکەیە، ئەم ڕاستییە تا ماوەیەکی زۆر نەزانرا و نادیار بوو زۆربەی تێز و تێگەیشتنەکان لەمەڕ شوێنزای باوەڕە نوێکان بەهەڵەدا برابوون،



هێندێکیان پێیان وابوو کە جۆرێک لە جیاوازی لە نێوان باوەڕە نوێکانی ئەوروپا و ئەمریکادا هەیە، بەڵام ئەمەی کە لێرەدا دەیخەینە ڕوو هەقیقەتی ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. کە باوەڕی لاو لە ئەمریکا و ئەوروپا بابەتێکی ئاڵۆزە و ناکرێت بێ باسکردنی هەردووکیان، ئامانجی توێژینەوەکان بەسەرکەوتوویی بدەینە دەست. هەردووکیشیان سەرئەنجام بەیەک ئاراستە و بۆ یەک ئامانج کار دەکەن، خۆ ئەگەر بەوردیش سەرنجی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی، باوەڕی وڵاتانی کیشوەری ئەمریکا و لە سەروو هەمووشیانەوە، وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا، بدەین دەبینین هەر هەمان پێکهاتە ئەوروپییەکەیە و زۆربەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵگە نوێیە لە کۆچەرەکانی وڵاتانی ئەوروپی فەرەنسا، بەریتانیا، ئەسکەندەنافیا، ئیسپانیا، پورتوگال، ئیرلەندا و ئیتالیا... هتد پێک هاتووە. تێکڕاش هاوشانی هیندۆس و کۆمەڵگە ئاسیاوییە بچووکەکان ئەمریکایان هێناوەتە بوون.

**باوەڕی نوێ** New Religions

دەکرێ لەم باسەماندا پێناسەیەکی ساکار و ئاسان بۆ باوەڕی نوێ لە بیری پێشکەوتنخوازانەی خۆرئاوایی هەڵێنجێن. لە ڕاستیشدا هەر باوەڕێک لە دەرەوەی بیری دۆگمای کڵێسا و تێگەی مەسیحییەتی کلاسیکی ئەوروپی، بێتە ئاراوە بەنوێ حیسابی بۆ دەکرێ. ئەگەرچی هێندێک جار ئەم نوێگەرییە، لە باوەڕدا، دەسەڵاتی ئاینی بە(لادان) و داوێن پیسی یان لادانی باوەڕ و دۆگمای دەزانێ. چیرۆک و سیناریۆی گەشەکردن و چرۆکردنی ئایدیا و ئاینە نوێکان لە ڕۆژئاوادا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەم، ئەویش لەگەڵ وادەی دەرکەوتنی

هەندێک لە ڕێکخراو و بزووتنەوە ئاینییە نوێکانی وەک ڕۆحانییەکان، مارۆنییەکان، ئێدڤانێستەکان، شاهێدەکانی یەهوا، ئالای مەسیحی، بیری نوێ، فەلسەفەی ئاین و شیۆسۆڤییەکان بێگومان لەم دەرکەوتنەدا بەشدارییەکی بەرچاوی جیهانی ئەمریکایی و بەتایبەت لە ساڵی ١٨٩٣دا بەدواوە بەدی دەکرێ و بەرچاوە وە لە ڕاستیشدا ئەم باوەڕ و ڕێکخراوە نوێیانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دان بەچەقبەستوویی لە ئەمریکای باکوور، سەریان هەڵداوە ڕەگ و ڕیشییان داکوتاوە و بەدرێژایی ئۆقیانووسی ئەتڵەسی پەلیان کێشاوە و بەرەو ئەورووپا و ڕۆژئاوا وروژمیان هێناوە و لە هەوڵی بڵاوبوونەوەدان لەو مێژووەوە. هەر کاتێک یەکێک لەو بزووتنەوە و باوەڕە نوێیانە دەربکەوتایە، بەزەقی سەرنجی کۆمەڵگەی ئاینیی کلاسیکی مەسیحیی بەلای خۆدا ڕادەکێشا. لە هەمان کاتیشدا دەرکەوتنیان دەبووە مایەی نیگەران و توانج و پەلاری لادەری و کافربابیی لەو کەسانە کە هەڵگری ئەم باوەڕە نوێیانە بوون یاخود تۆمەتی سەر بەزایۆنیزم و کارکردن بۆ ڕێکخراوە ئیسرائیلییەکان و جوولەکە لە لایەن دەسەڵاتی دۆگمای مەسیحی تەعمیم دەکرا بێ ئەوەی بیر لە هۆکار و فاکتەرەکانی ئەم دەرکەوتنانە بکرێتەوە، بەتوندی لە لایەن ئەو دەسەڵاتە زەبر بەدەستەوە ڕەت دەکرانەوە، بەڵام ئەم دەرکەوتنانە هەروا لە خۆڕا نەبووە، لەم بارەیەشەوە دەتوانین بڵێین خۆرئاوا وزەیەکی زۆری لە بەرهەمهێنانی بیری نوێ خەرج کردووە، تا گەیشتووەتە ئەم حاڵەتی بەرهەمهێنەیە دەرکەوتنی بیروباوەڕی نوێ لە خۆرئاوادا خۆی لە خۆیدا بردنەوەی ئەو گرەو و جەنگەیە کە مرۆڤی خۆرئاوای لەگەڵ ڕەهەندە ئەقڵانییەکانی خودی خۆدا کردی، ئەمەش



تەنها بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە عەقڵی خۆرئاوایی عەقڵێکی کۆیلە و خەوتوو نییە و دەتوانێت بیر بکاتەوە و سەرئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیەش بیری نوێی لێ بکەوێتەوە و ببێتە ڕابەری داهێنانی بیرە نوێکان... نەک تەنها بۆ خۆرئاوا بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤایەتی. هەشتاکانی سەدەی نۆزدەم، لە ژیانی خۆرئاوادا بەقۆناغێکی تایبەت و دەرکەوتنێکی نوێ لە ڕووی جۆر لە باوەڕە ئاینییە نوێکان دەژمێررێت. ئەو هەگبەیە بەهەگبەی هاتنە ئارا و خۆخزاندنی ئاینە ڕۆژهەلاتییەکان لە فەرهەنگ و تێگەی ئاینی ڕۆژئاوایی ناسراوە. ئەم باوەڕە نوێیانە لە ژێر ناوی هیندۆسەکان، بووزییەکان، سیفییەکان دەرکەوتن، لە ڕاستیشدا ئەم باوەڕانە مێژووی دەرکەوتنیان نوێ نییە و هیندییەکان لەگەڵ سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤایەتی و پێکهێنانی کۆمەڵ و باوەڕ دروست بوون تەنانەت زۆربەی ئەو باوەڕانە، مێژووی بڵاوبوونەوەشیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی پێش دەرکەوتنی مەسیح و بڵاوبوونەوەی بیری خاچپەرستی بەجیهاندا، بەڵام ڕۆژئاواییە هاوبیر چەرخ و نوێکان، زانیارییەکی ئەوتۆیان بەو باوەڕانەدا نەبووە بۆیە لە زۆر شوێن و بۆنەدا بەبیری نوێ و هاوچەرخ ناویان دێت و هاوشانی باوەڕە لاوەکان بەشداری لە دەرچوون لە گۆشە و بازنە داخراوەکەی کۆمەڵگەی ئەمریکی ئاسیایی دەکەن و هێرشبردنە سەر کۆمەڵگە ڕۆژئاوایی و ئەورووپییەکانیش، باشترین و کاریگەرترین ڕێگایە کە لێیەوە دەتوانن جێگای خۆیانی تیا بکەنەوە.

نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەم، قۆناغێکی تری سەرهەڵدان و دەرکەوتنی باوەڕی بووزی و هیندۆسییە ئەسڵییەکانە. دواتریش ئیسلامیش لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی

بیستەمدا، باوەڕێکی تری نوێی دەرکەوتووی ئەو قۆناغە بوو کە لەگەڵ دەرکەوتنیان هاوشانی باوەڕە نوێیە مەسیحی – ئیسلامی – ڕۆژهەڵاتییەکانی پێش و پاش خۆیان گەشەیان بەخۆ دیوە و گەورەترین و کاریگەرترین فاکتەری بەهێزی تەشەنە و گەشەسەندنی هەر کامێک لەم باوەڕانە کۆچ بوو. بەڵام ئەم پێشکەوتنە ئەم گەشەسەندنە، ئەم بڵاوبوونەوەیە ئەم پەلهاویشتنە بۆ ئاینە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ساڵی ١٩٢٤ بەدواوە لەگەڵ وادەی دەرچوون و پیادەکردنی بڕیاری ڕێگرتن لە کۆچی ئاسیایی ڕووەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە دەرگای لە بەردەم کۆچی ئاسیایی داخست و لە هەقیقەتیشدا ئەم ڕێ لێگرتنە لە کاتێکدا بوو کە ویست و ئارەزووی ڕۆژهەڵاتییەکان و ئاسیاییەکان، بۆ کۆچکردن بەرەو وڵاتە مەوعود و خۆشەکەی ئەمریکا لە ڕادەبەدەر بوو، پاشان هەر ئەم دەرگا بە ڕوو داخستنە وای کرد کە گەشەکردنەکەیان لەگەڵ باوەڕە لاوەکان هاوسەنگ بێت و بەیەک ئاراستە گەشە بکەن، بەم پێیەش جۆرێک لە هاوشێوەیی لە ڕێژەی گەشەسەندن و مێژووی سەرهەڵدان و دەرکەوتن کاریگەریی باوەڕ نوێیە ڕۆژهەڵاتی بەرچەڵەک ئاسیاییەکان و باوەڕ نوێیە بەرچەڵەک مەسیحییەکان بەدی دەکەین.

### ئەی لە بارەی ئەوروپاوە؟ What about Europ

ئەوەی پێشتر باسمان لێوە کرد بەکورتی دەستنیشانکردنی چۆنیەتیی دەرکەوتن و قۆناخە مێژووییەکانی باوەڕ نوێکان بوو، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی کیشوەری ئەمریکا و بەتایبەتیش لە چوارچێوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. ئەوەی لێرەشدا باسی لێوە دەکەین، وەڵامی پرسیاری؟ ئەی چی لە بارەی ئەوروپا و باوەڕ نوێکانی بەدی



دەکەین؟ لەم بارەیەوە سەرەتا ڕۆدنی ستارکی (Rodne stark) گەورە لێکۆڵەر و توێژەر لە بابەتی «سروشتی ئاین و عەلمانییەت» لە ڕۆژئاوادا وەردەگرین. ڕۆدنی ستارک لە نوێترین توێژینەوەیدا لە بارەی بەڕاست زانینی بۆچوونێک تایبەت بەسروشتی ئاین و عەلمانییەت لە ڕۆژئاوادا دەڵێت: «گەر لە سروشتی ئاین و عەلمانییەتی ئەوروپا تێ گەیشتبین و، شتێکی لێوە باس بکەین ئەوا دەبێت ئاست و ڕێژەی جۆری دەرکەوتن و سەرهەڵدان و گەشەکردنی باوەڕە نوێکان هاوشێوە و گرێدراوی ئاست و ڕێژە و جۆری دەرکەوتنی باوەڕی نوێی ئەمریکایی بێت، ئەمە گەر لەویش زیاتر نەبێ». لە ڕاستیشدا ئەم تێگەیە لە بۆ ڕێژە و ئاست و جۆری دەرکەوتنی باوەڕی نوێ لە ئەوروپادا بەڕاستی دەزانین لەبەر هەبوون و ڕێچوونی چەند هۆ و فاکتەرێکی ماقوول و عەقڵانی. لەوانەش:

١– گەر وردبینەوە لە مێژووی دەرکەوتنی ئاینە ئاسیاییەکان لە ڕۆژئاوادا و بەبەراوردکردنیان لەگەڵ کاتی دەرکەوتنی هەمان باوەڕ لە ئەمریکادا، دەبینین ئاینە ئاسیاییەکان و زۆرێکی تر لە باوەڕەکان لە بیست ساڵی پاش جەنگی دووەم جیهانی ڕووەو کیشوەری ئەوروپا و ڕۆژئاوا کۆچیان کردووە. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەمریکا لە پاش ساڵی ١٩٦٥ دەرگای کۆچی ئاسیای واڵا کردووەتەوە. بەم پێیەش کۆچ و بزاڤی باوەڕی ئاسیایی بۆ ڕۆژئاوا و ئەوروپا لە چاو ئەمریکا هێمنی زیاتر پێوە دیارە هەر ئەم هێمنییەش بوو وای کرد بوونیان تا حەفتاکانی سەدەی بیستەم، هەستی پێ نەکرێت و دواتریش بەدرێژایی سەدەی بیستەم، ئەمریکا دەرگاکانی بەڕووی کۆچی بە لێشاوی باوەڕدارانی ئاسیاییدا دەکاتەوە ئەوروپادا هەبوون؟.

٢- گەر چاوێک لە مەوداکانی گەشەکردنی عەلمانییەت لە ئەوروپادا بکەین. ئەوا دابەزینێکی بەرچاوی ئەندامانی کۆمەڵگەی ئەوروپی لە کڵێسای کاتۆلیکی و کلاسیکی تیا بەدی دەکەین کە ئەمەش دەبێتە هۆی پێکهاتنی بۆشایییەکی گەورە لە بەرەی ئیمانداڕانی ڕۆژئاواییدا هەر بۆیە لەگەڵ هەبوونی ئەم بۆشایی و درزەی (باوەڕ)دا، هەل و دەرفەتێکی ڕەخساو لە بەردەم باوەڕ نوێکان بۆچوونە ناوەوە و، هێرشبردن و پڕکردنەوەی ئەو بۆشایییە گەورەیە لە تێگە و هزری تاکی ئەوروپی بۆ ئاین دەڕەخسێت؟ کەوا بێت لەگەڵ بوونی لێک ترازانێکی لەو شێوەیە لە ناو پێکهاتەی دۆگما و باوەڕی «ماڵی خواپەرستی»ی ئەوروپیدا ئاسانە بەسەدان باوەڕی نوێی مەسیحیی جودا لە مەسیحییەت و نامەسیحی لە خۆرئاوا جێ پێی خۆیان بکەنەوە و گەشەکردن بەخۆیانەوە ببینن.

## ئەو ڕۆژانەی کە ئەمڕۆیان هێناوەتە کایەوە!؟

ئەگەر بمانەوێت باس لەو ڕۆژانە بکەین کە ئەوروپای ئەمڕۆیان لێ کەوتووەتەوە، ئەوا دەبێت بۆ سەرەتاکانی پێکهاتن و گەشەسەندن و سەرکەوتن و شکستەکانی ئەو شارستانییەتە بگەڕێینەوە کە ئەمەش بەڕای من کەمێک لە مەبەست و ئامانجی کارەکەمان دوور دەخاتەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە بڵێین پتر لە هەزار ساڵە ئەوروپا شارستانییەت و پێشکەوتنەکانی چین لەسەر دەستی ڕوانبیرەکانی بونیاد دەنێت و نەوە لە دوای نەوەیش، بەردەوامی بەو بونیادنان و دروستکردنانە دەدات. گەر کارێکیش بۆ نەوەیەک نەهاتە تەواوبوون، ئەوا نەسڵی دوای ئەو بەهەمان وزە و بەهەمان گوڕ و تین کارەکە تەواو دەکات و بناغەش بۆ کاری نوێ و داهێنانێکی نوێتر دادەنێت.



سەدەی سێزدەیەم و هەگبەی تۆماتسەکان پێشتر و لە سەدەی دوازدەیەمدا لە گەرمەی شەڕ و کوشتار و جەنگە خوێناوییەکانی خاچپەرستیی خۆرئاوایی (بەفەرمانی پیرۆزی کڵێسا) کۆمەڵێک ڕووناکبیر و خەمخۆر لە ئەنجامی زێدەڕەوی هەیمەنەتی کڵێسا لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە فەلسەفەیەک بهێننە کایەوە نزیک لەو فەلسەفە کۆنەی کە ئەرەستۆ کاری لەسەر کردبوو کە بەفەلسەفە و یاساکانی سروشت ناسراوە. ئەم هەوڵ و ماندووبوونانەش دواتر لە دانانی بەردی بناغەی فەلسەفەی «یاساکانی سروشت»، بەڕابەرایەتیی گەورە فەیلەسوفی خۆرئاوا تۆماس ئەکوین بونیاد نرا ئەم فەلسەفەیە لە ڕاستیدا بەدوای یاساکانی سروشت و پەرگاڵی سروشتی جیهان بۆ «دەیر»، دژ بەئازادیی و باوەڕ و توانای موتڵەقی خوداوەند بەمانایەکی تر دژ بەتوانستی ڕەهایە کە لە ڕاستیشدا ئەم کارەش بۆ ئەو سەردەمە بەکارێکی ئێجگار سەخت و پڕ مەترسی و بەگوناه دادەنرا، ئەم کێشە گەورەیەی نێوان تۆماستەکان و کڵێسای کاتۆلیکی تا سەدەی شازدەم بەردەوام بوو تا دواتر لەسەر ئەم بنچینانە نەوەیەکی نوێی ڕۆشنگەری لە سەدەی حەڤدەمەوە دەردەکەوێت کە بەدامەزرێنەر و جەنگاوەری بیری ڕیفۆرم ناسراوە.

- سەدەی حەڤدەیەم وەک گوتمان ئەم سەدەیە بە سەدەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و زانستی مەزنی بیری ڕیفۆرم لەسەر دەستی گەورە ڕیفۆرم ساز «لۆتێر» ناسراوە، بەپێی بیردۆز و تێزەکانی لۆتێر:

(بیری بەرپرسییەتی، تاکڕەوی لا پەسەند نییە و هەموو کەسێک بەرپرسە بەرامبەر بە یەزدان) ئەم بیرە ڕیفۆرمخوازانەیەش وردە وردە پەلی دەهاویشتە ناو هزری خۆرئاواوە تا دواتر لە پێش کۆتایی

سەدەی حەڤدەیەم تێپەڕاندنێکی دیار و بەرچاوی بەخۆوە بینی و بووە هەوێنێک بۆ بونیادنان و دروستکردنی نەوەیەکی تر.

– کۆتایی سەدەی حەڤدە و دەستپێکی سەدەی هەژدە، فەیلەسووفی ئینگلیز، جۆن لۆک لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی «تاقیکردنەوە لەمەڕ تێگەیشتنی مرۆڤ» باسێکی کورتی بزووتنەوە فیکرییەکانی سەدەکانی پێش خۆی کردووە باسەکە لەسەر مرۆڤ، بەرپرسییەتی، ئازادی و مافەکانە، ئەم پەڕتووکە بۆ خۆی کاریگەرییەکی ئێجگار زۆر دەکاتە سەر بیری نەوەی نوێی ڕۆشنگەری سەدەی هەژدەم لە هەمووشیان زیاتر «دیکارت» و هاوەڵەکانی. جۆن لۆک دەیویست کۆمەڵێک یاسا و تێفکرینی نوێ بخولقێنێ کە پێشتر بەو شێوەیە نەخولقێنرابوون و نەخزێنراوەتە ناو بیری تاکی ئەوروپی لە وانە و ناو بیردۆزەکانەوە گرنگی زۆر بەچەمکی یەکسانیی مامەڵەکردنی ژیرانە لەگەڵ ئەقڵ. جۆن لۆک دەڵێت: «یاسا خۆکردەکان بەهۆی هۆشەوە لە ئەزموونی هەستەکانماندا دەناسرێن، بێ جیاوازی نەژاد، ئاین یاخود ڕەگەز... هتد. هەروەها دەڵێت، هەموو کەسێک بۆ پاراستنی ژیان و ئازادی یەکسانە، لەم ماف و ئەرکەدا، واتە هەموو مرۆڤێک بەرامبەر خودا و یاساکانی سروشتدا وەک یەکن. ئەم هەوڵە بۆ یەکسانی بەرپرسییەتی ماف و ئەرکە بەرامبەر بەیەزدان بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر کاری کردە سەر ڕاچڵەکاندنی کڵێسا و دەتوانم بڵێم ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ کۆتاییهێنان بەهەیمەنەتی قەشە و دێر و کڵێسا.

– سەردەمی ناپلیۆن لە باسکردنی مەودا و فاکتەری بەهێزبوونی بیروباوەڕی نوێ لە هزری خۆرئاواییدا مەحاڵە بێ باسکردنی ڕۆڵ و نەخشی ناپلیۆن بگەینە ئەنجامێکی ڕاست و دروست. هەر بۆیە ڕەوایە



گەر بڵێین: قۆناغی ناپلیۆنی بەکاریگەرترین قۆناغی مێژووی دەرکەوتن و چەسپاندن و ڕێگەدان بەبڵاوبوونەوەی ئاینی نوێ، لە خۆرئاوا دەژمێررێت. ناپلیۆن دەزگای ئاینی کڵێسای کلاسیکی ڕاچڵەکاند، بەجۆرێک کە کۆمەڵێک لە تایبەتمەندیی نوێ و چاکسازی و پاکسازیی بەرچاو لە پشتگیریکردنی ئازادیی هەڵبژاردنی باوەڕ و ڕێزگرتن لە هەموو کەمایەتییەکی ئاینیی لەگەڵ خۆدا هێنایە کایەوە لەو مێژووەوە دەتوانین بەئاشکرا سەرنج و تێبینی دابەزین و کەمبوونەوەی جەماوەریەتی (کڵێسای کلاسیکی) کۆن بدەین. دواتریش ئەم ڕۆژانە بەبێ کاری فەیلەسووفە ڕۆشنگەرەکان مەحاڵ بوو بێتە دی لە سەروو هەمووشیانەوە دیدێرۆ. دالێمبی. ڤۆڵتێر. ڕۆسۆ... هتد. ئەمانە و ئەوانی دیش کە لە دوای ئەمانەوە دێن، تێگەی ماف و ئازادییان بەهیچ بڕوا و ئاین و خودایەک نەبەستەوە ئەم خۆ نەبەستنەوەش بەبیری تاکڕەوی یەک خودای و باوەڕهێنان بەبیرێکی تر جودا لەوەی کە کڵێسا و قەشە بانگێشتی شکۆمەندی بۆ دەکەن، خاڵی وەرچەرخانە بۆ گۆڕان لە بیر و هزری تەواوی ئەوروپا. لەم بارەیەوە ڕۆسۆ دەڵێت: «مرۆڤ کە لە دایک دەبێت بە سەربەستی دێتە دونیاوە. کەچی لە پاش لە دایکبوونێکی سەربەست دەبیین لە هەموو جێگەیەکدا لە نێو زنجیر و کۆتدایە».

ئەم دابەزین و کەمبوونەوەیەی جەماوەریەتی باوەڕی مەسیحییەتی کۆن لە پاش شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی پیشەسازیی ئەوروپی بەدرێژایی کیشوەری ئەوروپا بەدی دەکەین بەو پێیەی ئەمڕۆ یاساکانی ڕێگرتن لە ئازادیی دەربڕین و ئازادیی بیروباوەڕ تا ئەندازەی بەرچاو نەماون بەتایبەت پاش دەرکەوتنی جاڕنامەی

گەردوونیی مافی مرۆڤ و داکۆکیکردن لە مافە بنچینەیی و سەرەکییەکانی مرۆڤ کە لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگەی ئەوروپییەکانەوە پەسەند کراون. لێرەدا پێویستە بڵێین، جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ بابەتێک نەبوو ئاسمان وەک باران بەسەر خەڵکا بیبارێنێت و بڵێین ڕەحمی خودایە یاخود خۆی بێ دەستێوەردانی مرۆڤ... سروشت لەخۆڕا هێنابێتە کایەوە، بەڵکو ڕاستییەکەی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ بەرهەمی خەبات و ڕەنجی بیرکردنەوەی هەمەچەشنی ئەوروپای خۆرئاواییە... زاراوەی مافی مرۆڤیش هاوچەشنی زۆرێکی تر لە زاراوە و تێگە و چەمکی وەک ئازادی، دیمۆکراسی، سۆسیالیزم، لیبرالیزم، پەرلەمان، پارت... هتد. تێگە و هزرێکی ئەوروپییە، جەنگێکە دژی ڕەهایی ئاین و سیاسەت و بەدرێژایی سەدان ساڵ پەیدابووە و جێی خۆی کردووەتەوە. هەر بۆیە سەیر نییە!... گەر بڵێین هەندێک لەو باوەڕە نوێیانە حاڵەتی (ئازادییان) لە ناو دەروونی ئەندامانی کۆمەڵگە ئەوروپییە خولقاندبێ بێگومانیش هەتا بەربەست و کۆسپەکانی بەردەمی کەم بکەینەوە، هەلی بڵاوبوونەوە و دەرکەوتنی بۆ هاتنە ئارای باوەڕی لاو زیاتر دەڕەخسێت. پێشتر سەرپێیانە باسی دەرکەوتنی هەندێک باوەڕی ئاینیی لاومان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەکو مارۆنییەکان، شاهدەکانی یەهوا... هتد کرد، وا لێرەشدا ناوی کۆمەڵێک لەو بزووتنەوە و کۆمەڵە ئاینییە نوێیانە دەکەین کە هەڵقوڵاوی بیری ئازادی ئەوروپین و پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بەکۆمەڵە و ڕێکخراوە ئەمریکاییەکانەوە نییە؟! زیاتر ڕێکخراو و بزووتنەوەی میللین.

گرنگترینیان



لە فەرەنسادا/ (Franz mesmer)

لە سوێددا/ E manuel Sweden berg

وە لە نەمسادا/ Louiscald Saint Martin

وە لە ئەڵمانیادا/ Eliphas Leviand papus

وە لە بەریتانیادا/ aleister Crowley...

شایەنی باسە فەرەنسا لە ساڵی ١٩٠١ بۆ یەکەم جار یاسای ڕێگەدان بەدروستکردنی کۆمەڵە و بزووتنەوەی ڕەخساندووە.

لە ساڵانی ١٨٠٠ – ١٩٤٥دا بەدرێژایی دوو سەدەی ڕابردوو لە ژیانی ڕۆژئاوا، بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی و ساڵانی ١٨٠٠ – ١٩٤٥ بەدرێژایی کیشوەری ئەوروپا لەگەڵ وادەی بوونی دەرفەت و کەمیی بەربەست و ڕێگرەکان لە بەردەم ئازادیی باوەڕ و هەڵبژاردنی باوەڕدا لە وڵاتانی ئەوروپیدا، کۆمەڵێک باوەڕی ئاینیی نوێ دەرکەوتوون کە لەسەر هەمان نەسقی کۆمەڵە و گرووپە ئاینییەکانی پێش خۆیان کاریان کردووە لەوانەش:

لە دانمارک The Martin uslnsti of spiritual Science

بەریتانیا Pannacea Society

ئەڵمانیا بەری ڕۆژئاوا Anthroposoply

سویسرا The church of the Reigno of God

هۆڵەندا The Lectorium Rosicrucianum

ئەڵمانیای بەری ڕۆژهەڵات The ordo templiorientis

نەمسا The Grail movement

سەدەی بیستەم: لە ئەجندەکەیدا هەبوون و دەرکەوتنی شەڕ و کوشتار و قاتوقڕی گیانی کاولکاری بەدرێژایی سەدەی بیستەم

جۆرێک لە خنکاندن لەسەر ڕەوت و ڕۆڵی گەشەسەندنی باوەڕی ئاینە ڕۆژهەڵاتییە ئاسیاییەکان بەدی دەکەین. ئەگەرچی مێژووی سەرهەڵدان و دەرکەوتنیان لە ڕۆژئاواوە بۆ سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە. وێڕای ئەوەش ئەم خنکاندن و کەم گەشەکردنە نەبووە مایەی لە کارکەوتنی تەواو یاخود لادان لە ڕێچکە و سروشتی کارکردنیان.

هەر لە سەدەی بیستەمدا دوو ڕووداوی گرنگ بوونە مایەی سەرلەنوێ خۆ ڕێکخستنەوە و هەوڵدان بۆ بڵاوبوونەوەیان بەتایبەت پاش دەرکەوتنیان کە ئەوانیش:

– کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، پەسەندکرانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ.

– ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی (هیند) کە پێشتر موستەعمەرەیەکی بەریتانی بوو.

ئەم دوو ڕووداوە گرنگە هاوشانی یەکتر کارێکی مەزنیان لە خوڵقاندن و بەهێزکردنی تەوژمی بیروباوەڕی ئاینی ڕووەو خۆرئاوا کرد، لەو مێژووە بەدواوە، ژمارە و ڕێژەی مامۆستا و ڕێبەرە ڕۆحییە ڕۆژهەڵاتییەکان بەهۆی کۆچکردنیان بۆ ئەوروپا، لە زیادبووندا بووە لەگەڵیدا دیاردەی ئارەزوو و ویستی ڕۆژئاواییەکان بەسەردانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و بەمەبەستی گەڕان بەدوای مەبەست و بابەتە ڕۆحییەکان و تێرکردنی ڕەهەندە ئەقڵانییەکان زیادبوونێکی لەپڕ و بەخوری بەخۆیەوە دیوە، بەتایبەت لە پەنجا ساڵی ڕابردوو لە مێژووی کۆمەڵگای ئەمریکی و ئەوروپای ڕۆژئاوادا ئەم ئارەزووە بەزەقی بەدی دەکەین. ئەمەش دەرئەنجامێکی ترە لە چوارچێوەی یاسا و ئەو هەولانەی کە حکوومەت و دەسەڵاتە ڕۆژئاواییەکان دەیدەن و جەخت



لەسەر ئەوە دەکەن بەوە کە حکوومەتەکان بۆ ئەوە هاتوونەتە کایەوە مافی ئازادی و گەڕان بەدوای بەختەوەری بۆ هەموو لایەک بەیەکسانی دەستەبەر بکرێت. سەرنجێکی سەیرە، گەر سەردانێکی ڕۆمای پایتەختی کڵێسای کۆن و بەهەشتی مافیای نوێ بکەیت. و بەتایبەت بەنێو تەلار و شوێنەوارەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی کۆن و لە ڤاتیکاندا بگەڕێت ئەوە بەدی دەکەیت کە کۆمەڵە و گرووپە ئاسیاوی و ڕۆژهەڵاتییەکان لە هەموان زیاتر سەرقاڵی سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی مەسیحییەت لە ئەوروپان. لەوەش زیاتر گەر لای ئەوروپییەکان ئەو شوێنەوارە کۆن و بەجێماوانە وەک شوێنەوار و کەلاوەی مێژوویی بۆ گەشتوگوزار بەکار بێت ئەوا لای کۆمەڵگە ئاسیاوییەکان بە حەج و بەجێهێنانی فەریزەیەکی ئیلاهی تەماشا دەکرێت. خۆی هەر ئەم بەیەکداچوونی ویستەیە کە وای کردووە ئەو ڕایە بەڕاست بزانین و بڵێین ئەوەی کە دوێنێ ئەوروپا باوەڕی پێ هەبوو ئەمرۆ ئاسیاوییەکان باوەڕیان پێی هەیە، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.

**نهێنیی پێشکەوتن:**

نهێنیی پێشکەوتنی باوەڕ نوێکان لە ئەوروپا و ئەمریکادا و دروستکردنی زنجیرەیەک لە تۆڕی باوەڕی نوێی ئاینی لەوەدایە کە پشتیان بە گەنجینە و کتێبخانەی ئاینی و دەزگای بڵاوکردنەوە و پەخشی زەبەلاح قایم بووە لەم بارەیەشەوە بەهەزاران کتێب و بڵاوکراوە و بەچەندین زمانی ئاینی بڵاوکردووەتەوە، لە بەرچاوترین نموونەی کۆمەڵەی شهوودی یەهوا بڵاوکراوەیەکی هەیە بەناوی «برج المراقبة» بە ١٥٠ زمان و لە یەک کات و بەیەک فۆرم و بابەت و

ناوەڕۆک دەردەچێت و بەنێو جیهاندا بڵاو دەبێتەوە. هەروەها ئەو کتێبخانە و دەزگاکانی پەخش و بڵاوبوونەوەیەی کە لە ئەمریکادا هەن، بەهەمان شێوە لە ئەوروپاشدا بەدییان دەکەین، دەشکرێت. ئەمە بە خاڵی یەکگرتن و گرێبەندی پەیوەندی ڕاستەوخۆی تۆڕە ئاینییەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوای ئەوروپا بزانین. چونکە لەو مێژووە نەماندیوە و نەمانبیستووە، تۆڕێکی ئاینیی نوێ هەبێ لە ڕۆژئاوا یان لە ئەوروپا لە ئەمریکا نەبێ، یاخود بەپێچەوانەوە باوەڕێکی نوێ لە ئەمریکا سەری دەرکردبێت و خۆرئاوا شارەزایی لەسەری نەبێت و شتێک لە بارەیەوە نەزانێت. لەوەش زیاتر کۆمەڵە و گرووپە نوێکانی باوەڕی ئاسیایی ئەوانەی کە مومارەسەی سرووتێکی بووزی، دەکەن لە ئەوروپادا سەر بەهەمان کۆمەڵە بووزییە ڕۆژهەڵاتییە ئاسیاییەکەن لەبەرئەوەی بووزییەت هەر بووزییەتە و لە چوارچێوەی تۆڕێکی هاوبەشی کە پڕ لق و پۆپ، لێکەوتوو کار دەکەن، بەهەمان شێوەش کۆمەڵە هندۆکی – کرشنایەکانیش بەهەمان پرینسیپی بانگێشتکردن کار دەکەن. ئەمە جگە لە هەبوونی کادیری لێهاتوو کە نەپساوانە کار بۆ گەیاندنی ئەو بیرە نوێیانە دەکات ئەمەش بەکارکردن و سوود وەرگرتن بەو یاسای بانگێشت، وەشان و پەخشکردن بۆ گەیاندنی بیر و ئایدۆلۆژیا تەنها بەپەخشکردن و وەشاندنەکەی تەواو نابێت، بگرە ئەم کارە بەبانگێشت و شیکردنەوە و چوونە ناو خەڵک و پەیداکردنی لایەنگیر و شوێنکەوتوو کامڵ دەبێت چاپکردنی کتێب، بڵاوکراوە، ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن بەتەنیا و بەبێ پەیداکردنی جەماوەر، خوێنەر و بینەر و گوێگر، هیچ سوودێکی ئەوتۆیان لێ نابێتەوە.

هۆیەکی کاریگەر، لەسەر دەرکەوتن و بڵاوبوونەوە و گەشەسەندنی



باوەڕی ئاینیی بەناو «نوێ» لە ئەوروپادا هۆیەکی فکری و عەقڵانی بەدی دەکەین ئەویش ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدرێژایی سەدەی بیستەم هەواڵ و دەنگوباسی بوون بەعەلمانییەتی کۆمەڵگەی ئەوروپی و بێزاری لە دەسەڵات و دۆگمای مەسیحیی کلاسیکی پێ دەگەیشت، هەر بۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی بچووکترین هەل، دەستە و تاقم و بزافەکان هەمیشە لە کارکردنێکی بەردەوام بوون بۆ چوونە ناو هزری کۆمەڵگەی ئەوروپیی بێزار و وەڕسبوو لە باوەڕی مەسیحیی. دیارە هیچ ئاگرێک بێ دووکەڵ نابێ، دەستە و تاقم و گرووپە تەبشیرییە نوێکانی مەسیحییەت، پشت بەستوو بە وتەبێژی ئەنجومەنی کڵێسایی جیهان بە سەرۆکایەتی و لەسەر زاری (کاردیناڵ – Hanslilje) هانس لیلیا کە دەڵێ: «ئەو زەمەنەی کە ئەوروپامان بەکیشوەرێکی مەسیحی باوەڕدار دەزانی کۆتایی هات و فەنا بوو؟» بەم پێیەش کە ئەوروپا ئەمڕۆکە کۆمەڵگەیەکی نامەسیحی بێ. ئەوا دەبێ گرووپە تەبشیرییە نوێکان هەر زوو بەزووترین کات و لە ماوەیەکی دیاریکراودا، ورووژم بێنن و ڕوو بکەنە مۆڵگەی ئەوروپیی بەڕەچەڵەک مەسیحی باوەڕ بۆ چاندنەوەی ڕۆحی مەسیحییەت تیایاندا، بەڵام ئەمجارەیان بەفۆرمێکی تر و لە ژێر چەندین ناوی تری وەک. شاهیدەکانی یەهوا و کۆمەڵەی نێودەوڵەتی کتێبی پیرۆز و ئینجیلییەکانیش لە لایەکی ترەوە... هتد. بەم شێوەیە لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم ئاژانسی تەبشیری ئەمریکی دەستیان کرد بەڕووکردن لە نیشانە و مۆڵگە ئەوروپییەکە سەرەتا بەهۆی پێکهێنانی کۆمەڵێک بنکە لە (لەندەن – مۆنتیکارلۆ – لۆکسمبۆرگ) بەئەوروپا پەلیان هاویشت. وە لە ڕاستیدا وەک

وتیشمان بڵاوبوونەوەی ئەم ئاژانسانە لە ئەوروپا کارێکی ئاسان بوو، بەهۆی نەمان و لەناوچوونی یاسا خنکێنراوەکان لە بەردەم ئازادیی هاتوچۆ – ئازادیی باوەڕ – ئازادیی دەربڕین... هتد، ئەمڕۆکە لە ڕۆژئاوا و لە ئەوروپادا پتر لە ٢٠٠ ئاژانسی تەبشیری بەدی دەکەین وە بنکە سەرەکییەکانیان لە ئەمریکان و لەوێوە پلان و بەرنامەی کارکردنی جیهانییان نەخشە بۆ دادەڕێژرێ.

لە هەموو زیاتر دەرکەوتوو لەو ئاژانسانە و لەو گرووپانە لە ئەمڕۆی گۆڕەپانی ململانێی تەبشیرییدا، چاومان بەم ناوانە دەکەوێت (لادانی مەسیحی جیهانی – ژیانی لاو – لاوانی مزگێنیدەر) و زۆربەی ئەم کۆمەڵ و ڕێکخراوانە جەخت لەسەر لاوانی خوێندکاری زانکۆ دەکەن، پشووی هاوین و خوێندن باشترین و لەبارترین دەرفەتی فێربوون و ڕاهێنان و خوێندنی وانە تەبشیرییەکانە.

**ئیسلام لە خۆرئاوادا:**

ئەگەر بمانەوێت شتێکی نوێ لەمەڕ ئیسلامەتی لە خۆرئاوا و مەودای گەشەکردنەکەی بخەینە ڕوو، ئەوا پێویستە بڵێین کە ئیسلامەتی وەک باوەڕ وەک عەقیدە لە ناو فەرهەنگی باوەڕی نوێدا نموونەی باوەڕێکی دوڕاو دەنوێنێت بێگومان ئەم دوڕاندنە بەشێکی لە ئەستۆی ویستی خۆرئاواییە بۆ «ئیعتیناق» باوەڕهێنان بەو باوەڕە و بەشێکیشی پەیوەندی بەو ناوبانگە خراپەیە کە بەدرێژایی مێژووی دەرکەوتنی ئەو باوەڕە، بەدی دەکرێ کە دێینە سەر باسکردنی ئیسلام وەک باوەڕێکی نوێ لە خۆرئاوا، دەبێت باس لەو سەردەمە بکەین کە تیایدا ئیسلام لە چەرخی نوێدا خۆی بەئەوروپا و خۆرئاوا لەسەر دەستی موجاهید و دەعواکەرانی ناساند.



لەم چەرخەشدا ئیسلام تا بەر لە یازدەی سێپتێمبەر بەڕادەیەکی کەمتر وێنەی شێواو و نادروستی خۆی بەجیهان ناساندبوو لە دوای ئەو مێژووەش هەموومان دەزانین چۆن خۆی بە جیهان ناساندووەتەوە، لە دیدی خۆرئاواییەکانەوە، ئیسلام باوەڕێکی تیرۆریستییە و دەبێت جێگەی نەکرێتەوە لە ناو خۆرئاوادا هەر، بۆیەش سەرەتای ئەم دەرکردنە لە داخستنی خوێندنگە ئیسلامییەکانی ئەوروپا بەدی دەکەین. لە هەبوونی ڕاگەیاندن و هەواڵی سەیروسەمەرەش لەمەڕ کار و تێفکرینی گرووپ و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان بەوەی کە ڕێکخراوی تیرۆریستین هەتا دێت ئامادەگی باوەڕهێنان بەئیسلام کەم دەبێتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش جەماوەرییەتی خۆی لەسەر ئاستی خۆرئاوا لە دەست دەدات... بەڵگەشمان بۆ ئەم لە دەستدانی جەماوەرەتییە... ئەوەتانێ لە لایەک نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە ناساندنی بیری تیرۆریستیدا بەلای خۆیەوە ئاماژە بەوە دەدات کە لە کۆی سی و پێنج ڕێکخراوی تیرۆریست سی و یەک دانەیان ئیسلامن و پاپای نوێی کڵێسای کاتۆلیکیش، ئیسلام وا وەسف دەکات کە هەمیشە بە هێزی شمشێر ویستوویەتی جێگەی خۆی بکاتەوە و فێدێکی عەسکەرتاریەتی بۆ ئیسلام نیشان دەدات و شێوازی فوتوحاتی کۆنی ئیسلام بەگوێی مرۆڤایەتیدا دەداتەوە... بەڵگە نەویستیشە کە بیری ئیسلام لە ناو هزری خۆرئاوادا بیرێکی کۆنە، ئەوروپییە کۆنەکان کەم تا زۆر شتێکی لە بارەیەوە دەزانن، لانی کەم بەهۆی ئەو کۆچەرە ئیسلامانەوە کە لە پاش ڕاگەیاندنی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و بەهۆی بەدکاری و زەبر بەدەستی وڵاتەکانیان کۆچیان بۆ خۆرئاوای ئارام کردووە، ئیسلامەتی لە خۆرئاوادا لە پاش جەنگی جیهانیی نوێ جەنگی دژ بەتیرۆر دەبێت

بەچەند قۆناغێکدا بەرین، گرنگترینیان قۆناغی گۆشەگیری و هەوڵی لە دەستنەدانی کەسییەتی تاکی ئیسلامە لە خۆرئاوای ئازادی بیروباوەڕ، ئەمە تا ڕادەیەک وای کردبوو کە بیری ئیسلام هێندە کراوە نەبێت لە خۆناساندنە نوێکانی بەجیهانی خۆرئاوا، بەڵام قۆناغێکی نوێی ئەوروپا ئیسلامی لە بەرگ و فۆرمێکی تردا بینییەوە. کە زیاتر وای کرد قەناعەتە کۆنەکان لەمەڕ تێگەیشتن لە ئیسلام لا بچەسپێت، بەرگی تیرۆر لە پاش ڕووداوەکانی یازدەی سێپتێمبەر، تاکی خۆرئاوای ئیسلامی لێوە ناسی، گەڕان بەدوای مێژووی شەڕ و کوشتاری ئیسلامیش، زیاتر وای کرد جەماوەرییەتیی خۆی لە دەست بدات، گەر لە تێفکرینی ئەو ئاگرکوژێنەرانە دەست پێ بکەین کە هەوڵی کوژاندنەوەیی ئاگری کارەساتەکەی یانزدەی سێپتێمبەری لێ کەوتبووەوە تا دەگاتە خەڵکە ڕزگاربووەکەی کارە تیرۆریستەکەی یازدەی سێپتێمبەر گشتی ئیسلام بەباوەڕێکی فاشیزم و تیرۆر دەزانێت و لەناوبردن و لە ڕیشە هەڵکێشانیشی لە هزر و جەستەی خۆرئاوادا بە ئەرکێکی نیشتیمانی تەعمیم دەکرێت و لەوەش زیاتر ئیسلام لە هەندێک ویلایەتی ئەمریکی وا باسی لێوە دەکرێت کە بۆنی لەشیان دێت. پیسن، چەپەڵن و پێویستە منداڵ خۆیان بەدوور لەو مرۆڤە بزانن لێرەدا لە باسکردنی یازدەی سێپتێمبەر دەمەوێت بەو بەهەڵەدا چوونە ڕاست بکەمەوە کە پێی وایە بیری تیرۆریزم لە فەرهەنگی مرۆڤایەتی لە دوای یازدەی سێپتێمبەر دەست پێ دەکات ڕاستییەکەی بیری تیرۆر هەر هەبووە، شەڕەنگێزی لەگەڵ مرۆڤدا لە دایک دەبێت، بەڵام یازدەی سێپتێمبەر تەحەولە، تێپەڕاندنە بۆ ناسین و هاتنە کایەی قۆناغێکی تر. لە شێوازی تێفکرین و جێبەجێکردنی کاری تیرۆریستی.



**دوا خوێندنەوە:**

سەرئەنجامی ئەم بەشەمان دەکرێت بەخوێندنەوەی سێ تێبینی کۆتایی پێ بێنین:

١- لەخۆگرتن و دەرکەوتنی باوەڕی ئاینیی نوێ لە ئەوروپادا لە ئاست گەورەیی لەخۆگرتن و دەرکەوتنی باوەڕی نوێیە لە ئەمریکا، ئەمە گەر لەویش زیاتر نەبێ بەبەڵگەی ئەوەی A، سێ چارەکی ئاژانس و تۆڕی باوەڕ نوێکانی ئەوروپا لە دەرەوەی باوەڕ و ئاینی کلاسیکی کار دەکەن و سەر بەدۆگمای کلاسیکی نین.

B، کەمبوونەوەی کۆت و ڕێگرتن لە ئازاد باوەڕ لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆمانیا و هەنگاریا و ئەلبانیا و ڕووخانی سۆڤیەت دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد.

٢- وا باو بوو یان وا زانرابوو کە کۆمەڵ و گرووپە ئاینییە ئاسیاییەکان کە خۆیان لە بنچینەدا بنچینەیەکی نەژاد پەرستانە لە پێکهاتەی دروستبوون و ئسووڵی کارکردنیان بەدی دەکەین کەمتر کار بۆ تەبشیر دەکەن، بەپێچەوانەی کۆمەڵە و باوەڕە مەسیحییەکانی تر کە ئوسووڵی کارکردنیان هەمیشە لە چوارچێوەی تەبشیر دەخولایەوە، بەڵام لە ڕاستیدا دەرکەوتنی بزووتنەوە و ڕێکخراوە ئاینییە ئاسیاییە نوێکان کاریگەرییەکی یەکجار زۆریان لە دەروونی لاوی ئەوروپیدا جێ هێشتووە. وە نەبێ ئەو کاریگەرییە لە ناوەندە کەم ئەزموونەکاندا دروست بووبێ، بەپێچەوانەوە لە ناوەندەکانی لاوی باڵق Porselytizing. وە نەبێ ئەم باوەڕانە شتێکی نوێیان هەبێ تا باوەڕی پێ بکرێ بەڵکو هەر

خۆیانن، بەڵام ئەمرۆ گەشەیان بەخۆ دیوە و هەست و ویستی تەبشیریان تیا بەرزبووەتەوە و هەتا دێتیش بووزییەت – هیندۆسییەت – سیغییەت – جانییەت – San Mat یەت گەشە دەکەن لە ئەوروپادا.

٣– ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر لە بزووتنەوە، کۆمەڵ، گرووپ و ئاژانسی باوەڕی ئاینیی نوێ لە ئەمریکا و ئەوروپا بەدی دەکەین. بەڵام ئەو باوەڕانە هێشتا دوورن لە گیانی بەرەنگاربوونەوە و ڕووبەڕووبوونەوە و بەرهەڵستی کردن، لە هەقیقەتیشدا هێشتا مەسیحییەت باوەڕی موفەزەڵ و باوی کۆمەڵگەیە لە چاو باوەڕەکانی تر. ئەمەش بەهۆی سروشتی مرۆڤی خۆرئاواییە کە هەمیشە بەشێوەیەکی گشتی ئارەزووی باوەڕگۆڕکێی نییە، تەنانەت بڕوانە لە هەڵبژاردنی پارتە سیاسییەکانی خۆرئاوا هەمیشە دوو پارتی گەورە لە ململانێی دەسەڵاتن، هەمیشەش هەڵبژاردن بۆ فەرمانڕەوایی بەسەرکەوتنی یەکێکیان کۆتایی دێت، بەدەگمەن دەردەکەوێت پارتێکی تازە دامەزراو لە یەکەم چوونە ناو گۆڕەپانی ململانێ و هەڵبژاردن سەرکەوتنێکی بەرچاو و مەزن بەخۆ ببینێت، ئەمە لەسەر ئاستی لایەنگریی پارتێکی سیاسی کە هیچ کام لە نەهج و پەیڕەوەکانی ئەزەلی نییە، جا نەخوازە باوەڕێکی ئاسمانیی پشت بەستوو بەجەدەلی ئەزەلییەت و ڕوو چەمکی ئاگر و بەهەشت چۆن دەتوانرێت هەروا بەئاسانی لە هزر و دەروونی تاک بسڕدرێتەوە، هەر ئەمەشە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییە کە بە بەراوردکردنی جەماوەریەتی و سەنگ و کاریگەریی ئاینە نوێکان لەگەڵ سەنگ و کاریگەریەتی بزووتنەوە و گرووپە



بچووک و تازە لە دایکبووەکان دەبینین لە ڕووی گوتار و دەربڕینی نەهجەوە لاوازن و تەنیا و تەنیا بەیەکگرتنەوەیان لەگەڵ کۆمەڵ و گرووپە دەتوانن بەشداری لە هێنانە کایەی کۆمەڵگەیەکی باوەڕی نوێ بکەن، چارەنووس و مان و پووکانەوەشیان بەندە نەژادییەکان و هاوئاهەنگی کارکردنیانەوە.

بزووتنەوە عەلمانی دژ بەئاینە نارەسمییەکان یان دژ بەباوەڕ نوێکان Anti Cult زۆر جار هەردوو بزووتنەوەکە قۆرغ دەکاتەوە لە سەنگیان کەم دەکاتەوە، مەبەستمان هەردوو کۆمەڵەکەیە.

١– کۆمەڵە تەبشیرییە نوێکانی مەسیحییەت، ئەوانەی لەسەر بنچینەی هەزاران گۆڕەپان و مۆڵگە ئەوروپییەکان لە ساڵی ١٩٤٥ بەدواوە، هاتوونەتە ئاراوە.

٢– بزووتنەوە و گرووپە بچووکەکانی میتافیزیک و کۆڕی ئاینە ئاسیاییە نوێکانە.

خەم و ئامانج و ئەنجامی کارکردنی نەوەی یەکەم (لە باوەڕە نوێکان)، بەڕێژە و ژمارە و چەندیەتیی باوەڕپێکەرانی نییە هێندەی خەم و ئامانجیان لەوەدایە توانییان لە دۆزینەوەی گونجاوترین ڕێگە و پلان و بەرنامە بۆ خۆ ڕێکخستن لە شێوەی سەنتەرێکی بەکار و ئاراستەکراو هوروژم هێنان بەرەو کۆمەڵگە داخراوەکانی دۆگمای مەسیحی.

– گەشە و پەرەپێدان بەباوەڕە نوێکان، بەندە بە قابلیەت و هێزی ئەو باوەڕە نوێیانەوە لەخۆگونجاندن (تەکەیف) و تەئەقلم لەگەڵ سروشتی شارستانییەت و عەقڵانییەتی کۆمەڵگە ئەوروپییەکانەوە. هەروەها پێویستە ئاستی ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی کۆمەڵایەتی

ئەوروپی، بۆ ئەو گەشەسەندنە بەهەند وەربگیرێت. لەم بارەیەشەوە دەتوانین دان بەسەرکەوتنی هەندێک لەو هەولانە بنێین کە ئەو تێگە و تەرزە نوێیانە لەو شەڕەدا بەچنگیان کەوتووە، بەتایبەت لە بابەتی یادکردنەوەی بۆنە و سرووتە ئاینییەکان و دەرکردنیان لە قالبێکی باوەڕی وشک بۆ قالبێکی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی، بڕوانە ئەفسانە و داستانی یادکردنەوەی لە دایکبوونی مەسیح و زیندووبوونەوەی یەسووع و هەستانەوەی لە نێو مردووەکاندا، کە بەگرنگترین و بایەخدارترین دوو ڕووداوی مەسیحییەت دەزانرێت، پێشتر زیاتر پیرۆز ڕاگرتنی ئەو لە چوارچێوەی قالبێکی ئاینی و لە ژێر بەیداخی کلێسا لە مێژووی ئاین و مرۆڤایەتی ڕەنگی دابووەوە، دوو ڕێکەوتە ئێستاکی ئەو باوەڕە نوێیانە ئەو یادانەیان لە قالبێکی ئاینی و لە ژێر کۆنترۆڵی کلێسا دەرکردووە و یادەکانیان بۆ قالبێکی دونیەوەی گۆڕیوە و خۆرئاواش لە جاران ئارامتر و ئاسوودەتر ئەو یادانە بەڕێ دەکەن.

پەڕاوێز و سەرچاوە:

– بڕوانە جارنامەی مافی مرۆڤ کە لە ١٩٤٨/١٢/١٠ لە پاریس دەرکرا و بڵاوکراوەتەوە.

– جیهانی سۆفیا نووسینی ڕۆمان نووس یوستین گۆردەر وەرگێڕانی بەهرۆز حەسەن.

– چاپکراوە و بڵاوکراوەکانی «شاهیدەکانی یەهوا» کە بەپتر لە ١٥٠ زمان دەست دەکەوێت.

## بەشی سێیەم

# کڵێسای کاتۆلیکی و باوەڕە نوێکان

The Catholic Church and new Religions

کڵێسای کاتۆلیکی نەیتوانی ئاین بکاتە کەرەستە و سەرچاوەیەک بۆ دروستکردنی دۆست، بگرە هەیمەنەتی دۆگمای مەسیحی، ڕەهەندە ئەقڵانییەکانی خۆی دۆڕاند و ئاینی کردە ئامرازێک بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی دوژمن.

### دەروازە

لەگەڵ تێپەڕبوونی پتر لە نیو سەدە چرۆکردن و گەشەسەندنی بزووتنەوە و باوەڕە نوێکان لە ڕۆژئاوادا، لەگەڵ دەستپێکی هەزارەی سێیەم لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، دەشێ کڵێسای کاتۆلیکی خوێندنەوە و تێڕوانینێکی سەربەخۆی هەبێ و لەگەڵیدا هەڵوێست و دیدێکی تایبەتی بۆ قەیران و ڕووبەڕووبوونەوەی هورووژمی باوەڕی نوێی هەبێ لێرەدا سەرەتاش بۆ زانینی ئەم تێڕوانین و هەڵوێست و دیدانە، پێویستە بپرسین داخۆ هەڵوێستی ئێستا و ئایندەیەکی نزیکی کڵێسای کاتۆلیکی لەمەڕ بزووتنەوە و باوەڕ و ئاینە نوێکان چۆنە؟ ئایا زەمەنی بەکەم زانی و کەم نرخدانان بۆ ڕۆڵ و کاریگەریی ئەو بزووتنەوانە، لە تێگەی کڵێسای کاتۆلیکی وەلا بووە؟ داخۆ زەمەنی



گۆشەگیری و خۆ لە گێلی دان لە ئاست گەورەیی بنکە جەماوەرییەکانی ئەو بزووتنەوانە لە لایەن کڵێسای کاتۆلیکیدا بەسەرچووە؟ ئەمانە و زۆرێکی تر، پشت ئەستوور بەدیالۆگی ڕەسمیی کڵێسای کاتۆلیکی لەسەر زاری پاپا یۆحەنای دووەمی کۆچکردوو، دێکۆمێنتەکانی ڤاتیکان دەخەینە ڕوو.

لەو پێناوەشدا، سەرەتای ئەم باسەمان بەلێدوانێکی پاپا، کە لە ئەکتۆبەری ١٩٩٩ و لە کۆبوونەوەی حەڤدەمی لەگەڵ مەترانەکانی ئەوروپادا دەست پێ دەکەین کە تیایدا دەڵێت: «ئەو مەسیحییەتەی کە لە قۆناغ و دەورەیەکی مێژوویی ناسکدا لە قۆناغی خۆ دروستکردن و لە پێناو یەکگرتنەوە و یەکێتییەکەیدا بەها میسالییەکانی بە ئەوروپا بەخشی ئەمڕۆکە شانبەشانی بەردەوامی دان بەو ئەرکە پیرۆزە و فەرمان و مەهامێکی تری لەسەر شانە، ئەویش بەخشینەوە و هێنانەوەی ڕۆحی باوەڕی مەسیحییە بۆ ناو شارستانییەتییەک کە پێشکەوتنی بووەتە هۆی لاوازکردنی ئەو ڕۆحە مەسیحییە».

پاپا لە درێژەی لێدوانەکەیدا دەڵێت: «بانگێشتی کڵێسای کاتۆلیکی لەگەڵ وادەی دەستپێکی هەزارەی سێیەمدا، ئەوەیە کە ئەوەیە کە دەبێت ڕێگای گونجاو و لەبار بدۆزینەوە بۆ بەخشینەوەی «مزگێنیی خۆشبەختیی ژیان» و خۆشبەختی لە پێناو خاوەنداریەتی ئاسمان، بەو مرۆڤایەتییەی کە ئەمڕۆکە بەناو مەسیحیین و پێ دەچێ مەسیح و مەسیحییەتیان لە بیر کردبێ. بێگومان ڕێگاکان دەبێ بەگیانی لێبووردن و داواکراوی «مولهەمی ئیلاهییەوە» بن، بەفۆرمێک و شێوازێک کە مرۆڤی هاوچەرخی ئەوروپی لە مانای ژیان و مردن تێ بگات».

– بەو پێیەش پاپا ئاماژە و تیشکی بەگونجاوترین ڕێگە داوە بۆ زانینی ڕاستی بوون و مردن، بەتایبەت کە شارستانییەتی ئەوروپا ئەمڕۆکە لە وادەی جەنگەڵی کێشەی بووندایە و مەسەلەکە خۆ لە گێلی دان یان بەکەم زانینی خودی مەسیح و لە بیرکردنەوەی چەمکی مەسیحی ڕزگارکەر نییە. بەڵکو لایەنەکانی ترمان بۆ شی دەکاتەوە، بەدیدی کڵێسا هەر کاتێک مەسیحییەکان باوەڕیان بەوە هەبوو کە مەسیح «ڕێگای هەق و ژیانە» کە یەسووع «گیانی پارسا»یە ئەوا دووبارە خەڵک بەهۆش خۆی دێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ خوداپەرستییەکەی جارانی، ئەوەی کە جێگەی سەرنج و تێڕامانە هەرچی ئەمڕۆ بزووتنەوە نوێکانی باوەڕی مەسیحی بانگێشیی بۆ دەکەن لە چوارچێوەی ئەو تێگەیە دەرناچێت. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین جەماوەر و ئامادەگیی بوون بەئەندام، لە ناو ئەم کۆمەڵانە لە چاو کڵێسای کاتۆلیکی بەچەند هەنگاوێک لە پێشترە. زۆر ئاساییە کەسێکی خۆرئاوایی بەڕەچەڵەک مەسیحی ئامادەیی ئەوەی هەبێت لە کۆبوونەوەیەکی ئاینی دوور لە قاڵب و چەتری کڵێسای کاتۆلیکی ئامادە بێت قسە بکات، دیالۆگ بکات، ڕا دەربڕێت. پەرستن بکات، هەمان ئەم کەسە هەمان زات ئامادەگیی ئەوەی نەبێت، بەهیچ شێوەیەک لە هیچ بۆنەیەکی کڵێسای کاتۆلیکیدا بەشدار بێت.



**هۆی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی باوەڕە ئاینییە نوێکان، لەدید و تێڕوانینی کڵێسای کاتۆلیکییەوە**

Causes of the Emergence and spreading of NRMS

بێگومان لە باسکردن و دەستنیشانکردنی هۆیەکانی بڵاوبوونەوەی باوەڕە نوێکان، پێویستە دیدی کڵێسای کاتۆلیکی بە هەند وەربگیرێت و هەرچی لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە، لەم بەشەدا، گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نادەین چونکە بابەتەکەمان خۆی لەو بازنەیەدا دەسووڕێتەوە.

کڵێسای کاتۆلیکی لە شیکردنەوەی هۆکار و فاکتەرەکانی دەرکەوتنی ئەم ڕێژە زۆرە لە ژمارە و جۆری ئەو باوەڕە نوێیانە کە بەچەندین فۆرمی جۆراوجۆری جیهانی دەردەکەون و لە وەڵامی هۆی سەرهەڵدانیان، دێکۆمێنتێکی پاپا کە لە ساڵی ١٩٩٦دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەو بارەیەوە دەخەینە ڕوو کە تیایدا هۆکارە زاتی و ناوخۆیی و بەیەکداچووەکەی کۆمەڵگەی ئەوروپی شی دەکاتەوە!

تیایدا هاتووە، دەڵێت: «پێداویستی و هەڵپەی مرۆڤ بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی، بەتایبەت مرۆڤی پێشکەوتووی ئەوروپی، پێ دەچێ ئەمڕۆ فاکتەر و هۆیەکی گەورە بێ بۆ دەرکەوتنی ئەو بڕە زۆرە لەو باوەڕە نوێیانە».

بەواتایەکی تر ئەم دێکۆمێنتە وەسفی ئەو ئارەزوو و ویستانە دەکات کە لە شێوەی کۆمەڵێک دید و ڕا و بۆچوون بۆ گەڕان و توێژینەوەی مرۆڤ لە بارەی کەماڵ و خۆگونجاندندا بەشدارییەکی بەرچاوی ئیدراک لەسەر گشت ئاستە مەزەندەکانی بوونی مرۆڤایەتی وەکو هەوڵێک بۆ تێرکردنی پێداویستی مرۆڤ لە زانینی واتای خواستی بووندا.

– ئەم بۆچوون و تێڕوانینە دەکرێ بەسەر تەواوی جیهاندا پیادە بکرێ؛ چونکە تەواو لەگەڵ تێگەی گشتی ئایندا بەیەک دەگاتەوە و هەڵسەنگاندنێکی گونجاوی ڕاستە بۆ هۆکارە ئاینییەکان کە دەبنە هۆی ڕەگ و ڕیشە چەقاندنی ئەم کێشەیە، لەم گۆشەیەوە پێ دەچێ کڵێسای کاتۆلیکی ئەمڕۆکە تەواو هەست بەجۆرێک لە بەرەنگاربوونەوە و بەرهەڵستیی تەوژمێکی نوێ بکات وە درک بەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە دەکات کە زۆرێک لە ڕێبوارانی کادیرانی کاروانی تەبشیر و گوتاری کڵێسا نەیانتوانی ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕ بکەنەوە. لە ڕێگەی مزگێنیدان و بانگێشەکردن بۆ «پەیامی ئینجیلی ئەسڵی» کە بۆ خۆی دەتوانێ ئەو بۆشایی و درزە گەورەیە پڕ بکاتەوە. لێرەدا پێویستە کەمێک بە بابەتەکەدا بچینەوە و بپرسین داخۆ بەتەنیا هۆکارە ناوخۆییە لەسەر پەیمانی نێوان کڵێسا و کۆمەڵگە، وەک هۆکارێکی ناوخۆیی بەسە بۆ دەرکەوتنی ئەو قەیران و حاڵەتی بەدگومانی و کەم باوەڕییە؟! بێگومان نەخێر و دەبێ هۆکارە دەرەکییەکانیش بەهەند وەرگرین و ئەوەی لە توانادایە ئەمڕۆکە دەری بخەین، تا بتوانین بەشێوەیەکی ڕاست هۆی بڵاوبوونەوە و گەشەسەندنی بزووتنەوەی باوەڕە نوێکان، دەستنیشان بکەین. گرنگترینیان لە دوو خاڵدا کۆ دەکەینەوە:

١– ئاڵوگۆڕکردنی شارستانییەتەکان و ئاشنابوونی مرۆڤایەتی بە چەمک و بیرە بەیەکداچووەکانی شارستانییەتەکان، بنچینەی سەرەکیی کارکردنی بزووتنەوە و ڕێکخراوە تەبشیرییەکانی سەردەمن کە ڕۆژ بەڕۆژ گەشە بەخۆیان دەدەن و ئەمەش بۆ خۆی هۆیەکی گرنگە.



٢– کاریگەریی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییە لەسەر ستراتیژیەتی جیهانی و هەروەها بەهێزی و ڕۆڵیان لەسەر دروستبوونی ئەو ستراتیژەدا، هۆیەکی گەورە و فاکتەرێکی بەکاری دەرکەوتنەکەیە.

لەم بارەیەوە دەتوانین کۆمەڵێک ڕەگەزی بەنرخی هەڵێنجراو لە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری کە لە ساڵی ١٩٨٦دا لە ئەمەستردام–ی پایتەختی هۆڵەندا لە نێوان دوو جەمسەری گەورەی باوەڕی وەک یەکێتیی لۆثەری جیهانی و ئەنجومەنی کڵێسای جیهانی دەربخەین.

کە هەردووکیان لە ناو زۆربەی لە فاکتەر و بابەتە بەیەکداچووەکاندا، ئەوەیان دەرخست کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا U. S. A بەسەرچاوە و ڕەگوڕیشەی ئەو ژمارە زۆر و بۆرە لە ڕێکخراو و بزووتنەوە و باوەڕەی ئاینییە نوێکان بزانین کە ئەمڕۆکە لە ئەوروپا و جیهانی سێیەمدا کەم تا زۆر هەستیان پێ دەکرێت. ئەگەرچی لە بنچینەدا زۆربەی ئەو ڕێکخراو و بزووتنەوانە، ڕەگ و ڕیشەیەکی ڕۆژهەڵاتییان تیا بەدی دەکەین، بەڵام ئەمریکا باشترین وڵاتی لەخۆگرتن و دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەیانە.

دەی کەواتە، فۆرم و شێواز و جۆری بڵاوبوونەوەی ئەم پەیامە نوێیانە، هەرچۆنێک بێ لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی ڕیفۆرمی شارستانییەتی ئەمریکییە و بەشێوەیەکی بەرچاو کاری کردووەتە سەر ناخی لاوی ئەوروپی. کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەم لاوە، ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت. لە ڕاستیشدا کارتێکردنەکانی تێگە و تێزە ئەمەریکییەکان نەک تەنها لە بابەتی باوەڕەوە، بگرە لە تەواوی بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، لاو، ژنان،

ماف و چەمک و بەها مرۆییەکانی کۆمەڵی ئەوروپی بەدی دەکەین. دەشتوانین بڵێین لە سەرەتا و ناوەڕاستی حەفتاکاندا، ئەوروپا لە قەیرانێکی گەورەدا دەژیا، قەیرانی پارێزگاری کردن لە شارستانییەتی کلاسیکی خۆرئاوا، بەڵام هورووژمەکە هێندە بەهێز بوو ئەوروپا نەیتوانی لە زۆر بواردا خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خۆی بپارێزێت و لەسەریان بەردەوام بێت و دواتریش لەجیاتی دژایەتیکردن، بیری لە یەکگرتن و پێکەوە کارکردن کردەوە، وەک هەوڵێک بۆ لە دەستنەدانی ئەوەی کە ماوە. ئەم پێکەوە کارکردنە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتەوە و دەریشکەوت لە هەندێک بابەتی ستراتیژیی چارەنووسسازدا، ئەوروپا و ئەمریکا، پێکەوە گرێ دراون و ناتوانین لەیەکیان بکەینەوە.

**دڵەڕاوکێی کڵێسا و ڕەنگدانەوەی ئەو هەژمینە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ باوەڕ نوێکاندا**

The charchs concern and Reflection

لە چەند گۆشەنیگایەکی جۆراوجۆر و بەچەندین ئاراستەی جیا جیا کڵێسای کاتۆلیکی بابەت و کێشەی تەوژم و هورووژمی بزووتنەوەی باوەڕە نوێکانی ئاین تاوتوێ دەکات. پاش ئەوەی کە بەدرێژایی چەند سەدەیەک حاشای بوونیان دەکرد، ئەم تاوتوێ کردنە، ئەم خۆ بەدەستەوەدانە و. کات بەسەربردن و سەرقاڵییەی کڵێسا بۆ خۆی دان پێنانێکە بۆ سەنگ و کاریگەری ئەو باوەڕە نوێیانە؟ لەو پێناوەشدا کڵێسا پێی وایە بەهێنانە کایە و بەگەڕخستنی پێنج ڕەگەزی گرنگی باوەڕی مەسیحی، دەکرێ ببنە ڕێگەچارە و دەستبەسەر ئەو بزووتنەوانە بگرێت یان لایەنی کەم لە گەشەکردنیان کەم بکرێتەوە و خەڵکی بگەڕێتەوە بۆ باوەشی کڵێسای کاتۆلیکی.



**ڕەگەزەکان بەدیدی کڵێسای کاتۆلیکییەوە:**

١- سەرەکیترین ڕەگەزی باوەڕ بگرە یەکەمینیان، لەوەدایە کە هەموو مەسیحییەک بەپیرۆز بزانین.

٢- دەربڕینی ڕاستی باوەڕی مەسیحی و نەشاردنەوەی یان شەرم نەکردن لە دەربڕینی لە کۆمەڵگەدا، ڕەگەزێکی گرنگە و پێویستە هەریەکە لە ئەندامانی کڵێسا لە جێی خۆیەوە هەست بەو بەرپرسیاریەتییە ئاینییە بکات.

٣- باوەڕهێنان بەکۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو ئەو کۆمەڵگە یەکگرتووەش کڵێسا بانگێشتی بۆ دەکات بەمانایەکی تر بانگێشتکردن بۆ «جەماعە» لە چوارچێوەی فەرمایشت و ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی کڵێسادا، ڕەگەزێکی تری کارتێکردنە.

٤- بەشداریکردنێکی زیاتر و بەرچاوی کڵێسا و دەسەڵاتی ئاینی لە کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینارە پەیامبەخشەکاندا (تەبشیر).

٥- خۆ ڕزگارکردن لە دیاردەی گۆشەگیری و هەوڵدان بۆ هاتنە دەرەوە لە کۆمەڵە داخراوەکانی کڵێسا و دەرکردنی کڵێسا لەو بێرۆکراتییەتەی کە چەندین سەدەیە زیانی پێ دەگەیەنێت هاوکات بەشداریکردن لە ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، ڕەگەزێکی ترە بۆ گەڕاندنەوەی (تۆراوە)کانی باوەڕ.

**نەهجی باوەڕی نوێ:**

هەندێک لە مەیلەکانی باوەڕهێنانی نوێ لە ڕۆژئاوادا و لە «نەهجی باوەڕ»یاندا لایەنێکی شاراوەی تەئەمولی مەسیحی ڕەت دەکاتەوە. ئەم نەهجە نوێیەی باوەڕ، دیالۆگ لە نێوان ئاینەکان ناکات. لە

چوارچێوەی بابەتی ئاڵوگۆڕی «ڕۆحیانەت» هێندەی سەرنجی کڵێسا ڕادەکێشێ بۆ مەترسی و خەتەری (Sycretism) – لەم بارەیەوە ئەو مەسیحییانەی کە دەتوانین ناویان بنێین «مەسیحیی بەناسنامە» یان «ڕووکەشی باوەڕ»، بەدوای تازەگەریی ڕۆحیدا، دەگەڕێن. لە ڕێگای ئەو شتانەی ئەم باوەڕە نوێیانە مومارەسەی دەکەن، وەک خاچ لە ملکردن بەشێوەیەکی ئیستیهتاری وەک ئەوەی کە ئەمڕۆ لە گۆرانییە ئەوروپییەکاندا بەدی دەکرێت، تاتۆرین، کوتانی لەش بەوێنەی شوبهێنراوی مەسیح و مریەمی پاکیزە کە دوو کەسی شکۆداری مەسیحییەتن، وێنەکێشانی شکۆمەندییەکانی کڵێسا لەسەر دیوار و شەقام و بەم دوایانەش لەسەر نەعلەکان لە دانیمارک، کاریکاتۆر و نوکتە و گاڵتەپێکردن بەباوەڕ... هتد. ئەمانە و زۆرێکی تر لەو کردەوانە، کڵێسای تووشی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ کردووە، بەڵام هەر ئەمە خەتەرەکە نییە؟!

خەتەرەکە بۆ کڵێسا لەوەدایە کە مرۆڤی ئەوروپی پێی وابێ کە نوێژکردن لە ژێر بەیداخ و چەتری کڵێسا و بەڕابەرایەتیی قەشەکان وەکو دەستبەسەر و کڵێسا بەگرتووخانەیەکی ڕۆح دەزانێت و ناتوانێ سەربەستانە و بەئازادی فەرزەکانی گەیشتن بەخۆشەویستی (خودا)، بەجێ بێنێت ئەم تایبەتمەندییە لە نەهجی باوەڕی نوێ تەوژمی بەرەنگاربوونەوەیەکی گەورەی لێ دەبێتەوە، بەتایبەت کە ئێستا حاڵەتی بەتاڵیی کڵێساکان لە نوێژکەران بەدی دەکەین. وە ئەم بەتاڵییە تەواو دژ بەمەسەلە لاهوتییەکەی بەرز فڕینی خۆشبەختی «خود»ی من بۆ لای تۆی ئیلاهی «ئەزەلی»یە.

لەم بارەیەوە کۆمەڵەیەکی نوێ کە بەناوی «کۆمەڵەی گەڕان بەدوای خۆشبەختی»دا، تازە خەریکە خۆی بەخەڵکی دەناسێنن کۆمەڵێک



پرسیار و فەلسەفەی گرنگ لە ناو خوێندکاران و لاوانی هەرزەکاردا دەورووژێنن لەوانە ئەگەر ئیماندارێکی مەسیحی یان هەر ئیماندارێکی تر کە باوەڕی بەتاک خودایی هەبێت و ڕوویان بەڕووی بتەقییەوە و لێ هەڵکەوێت بەپرسیاری یەک لەسەر یەکی (بۆچی)؟ بۆچی؟... بۆچی...! هەوڵی گۆڕین و کارکردن لە تێگەکەی دەکەن.

بۆ نموونە ئەگەر وا خۆت ناساند کە تۆ کەسێکی لە خوا دەترسی و بڵێیت من کەسێکم لە خواترسم، ئەوا ئەوان تەنیا بەپرسی بۆچی گفتوگۆت لەگەڵ دەکەن و پێیان وایە، پرسی بۆچی، ئیماندارەکان دەگەیەنێتە بەردەم ڕێگەیەکی داخراو و تاریک.

– پێویستە من کەسێکی دەست و دەروون خاوێن بم.

بۆچی؟

– بۆ ئەوەی خودا لێم ڕازی بێت.

بۆچی؟

– بۆ ئەوەی لێم توورە نەبێت، من لە توورەبوونی خوداوەند دەترسم.

بۆچی؟

– بۆ ئەوەی خودا منی خۆش بووێت و لە نیعمەتەکانی بێ بەش نەبم.

بۆچی؟

– بۆ ئەوەی جێگەم بکاتەوە لە بەهەشتەکەیدا.

بۆچی؟

– بۆ ئەوەی لەو دنیای پاش مردن بێ بەش نەبم و بژیم.

بۆچی؟

– نازانم...

بە نازانم یاخود وازم لێ بێنە، کۆتایی بەهەموو دیالۆگێکی نێوان ڕێکخەرانی ئەم کۆمەڵەیەو ئیماندارانی باوەڕی تاک خودای کۆتای دێت، خۆ ئەگەر لە باوەڕپێکەرانی موسڵمانی بیت و لە دەمت دەرچوو گوتت من گۆشتی بەراز ناخۆم، ئەوا هەر مەپرسە!

بۆ نموونە تۆ کەسێکی موسڵمانیت و گۆشتی بەراز ناخۆیت، بەم شێوەیە لەگەڵتدا دەست پێ دەکەن:

– من گۆشتی بەراز ناخۆم...؟!

بۆچی؟

– چونکە حەرامە.

بۆچی؟

– چونکە خودا لە قورئانی پیرۆز حەرامی کردووە.

بۆچی؟

– چونکە پیسە و نەخۆشیی بەدواوەیە.

بۆچی؟

– نازانم.........

لەم بارەیەوە بەڕای من باشتر وایە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کۆمەڵەیە، بەم گوتەیەی شکسپیر دەست پێ بکەین کە دەڵێت: «بچۆرە ناخی خۆت، لە دەرگا بدە و پرسیار لە دڵت بکە، بزانە چی دەزانیت؟» و با زیاتر لە باسەکەمان دەرنەچین و بگەڕێینەوە بۆ لای دڵەڕاوکێ و هەژمینی کڵێسا.

* ڕەنگدانەوەی دڵەڕاوکێ و هەژمینی کڵێسا، بەهۆی دەرکەوتنی



بارودۆخێکی مێژوویی خاوەن گرنگییەکی نایاب و هەلێکی لەباری مێژووییە. بەتایبەت پاش هەرەس و داڕمانی ئیشتراکییەت و هەندێک لە بیرە شۆڤێنییەکان و شوعیەت لە جیهاندا و کرانەوەی سنوور و ئایدیای چەند سەدە خەفەکراوی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئەوروپا. چونکە دەرکەوت ئەم قۆناغە مێژووییە هەلێکی زێڕینە بۆ هەڵپەی کڵێسا و باوەڕە نوێکان ڕووەو ئەو مۆڵگانە. کاتێکیش کە دوا سەرۆکی ئیمپراتۆریەتی ئیشتراکییەت، میکایل گۆرباچۆڤ، کلیلی دەرگای ئیمپراتۆرییەتەکەی بە پاپا بەخشی، بەو ئومێدە بوو کە کڵێسای کاتۆلیکی بتوانێت سەرلەنوێ خۆی لەسەر کەلاوەیەک لە باوەڕی بەسەرچوو و داڕماو بونیات بنێتەوە، بەڵام پێ ناچێت کڵێسا لەو بارەیەوە توانیبێتی سەرکەوتنێکی ئەوتۆ و دیار تۆمار بکات، لەو ڕۆژەوە لە دوای ڕووخانی ئەو زلهێزە هەمووان لە هەڵپەی ئەوەدان کامیان زووتر دەگەنە ناخی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و وڵاتانی پاش کەوتنی سۆڤێت. پاش ئەوەی دەرکەوت کە ئەم مۆڵگە نوێیەی خۆرهەڵات بەهەبووی دوو تایبەتمەندییەوە چوونە ناوەوە و یان زۆر ئاسانە.

* ڕۆژئاوای ئەوروپا، نۆکەند و پردێکی پەیوەندییە بۆ وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵات و وڵاتانی پاش کەوتنی سۆڤیەت. نەک تەنها بۆ ئاینی مەسیحی بەڵکو بۆ هەزاران بزووتنەوەی نوێ، کەچی
* (طەبعی فیطری) سروشتی مرۆڤ و پێکهاتەی ڕۆژهەڵاتییەکانی ئەوروپا و ئارەزوویان بۆ زانینی زانیاری ئاینی زیاتر و چڕتر بەتایبەت بەدرێژایی پتر لە سێ چارەکە سەدە و لەبەر بوونی بەربەست و کۆتەکانی «ئیلحادی ڕەسمی» بەناو ئیشتراکییەت بێ بەش بوون لە چرۆکردنی باوەڕە ڕوحییەکان.

دەی کەواتە ئەمڕۆ دەرفەتێکی لەبارە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییيە لە «خودی» مرۆڤە ڕۆژهەڵاتییەکان، داخۆ کێ زووتر ئەم هەلە دەقۆزێتەوە؟ کڵێسا یان باوەڕە نوێکان؟ یاخود ئیسلام... لێرەدا کەمێک لە لای ئیسلام دەوەستین، بەحوکمی ئەوەی کە ئەو بلۆکە کە ڕووخا جێنشینانی تەنیا مەسیحی نەبوون بگرە ئیسلام و جوولەکەشیان تیا بەدی دەکرا. لێرە ناموەوێت بچمە سەر گەشەکردنی ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا ئەوەندە نەبێت کە دەمەوێت ئاماژە بەدوو نموونە بکەم:

یەکێکیان قەیرانی چیچان، ئەوی تریان شەڕی نێوان مەسیحی و ئیسلامی لە بۆسنییە، لەسەر دەستی میلۆسۆڤیچ، کە چۆن دەرکەوت، ئەوروپا نایەوێت ئیمارەتی ئیسلامی بەهیچ شێوەیەک لە ژێر هیچ ناوێکدا لە ناو دڵی ئەوروپادا دروست ببێت.

پێشبینییەکانی سەردەم و کڵێساش دەریانخست دووبارە کڵێسا لە پاشەکشەدایە و سەرکەوتن و گەشەسەندن و جێ خۆشکردنەکان، هەر بۆ باوەڕ نوێکان تۆمار دەکرێن.

**دیالۆگی نێوان باوەڕ و ئاینەکان:**

«تا کاتێک مرۆڤایەتی لە هەوڵی تێگەیشتن لە خودی مرۆڤ و جیهاندا بێت ئەوا دەکرێت بە دیالۆگ و لێدوان بەیەک بگەینەوە».

(یۆحەنای دووەم)

لێدوان و دیالۆگی نێوان باوەڕ و ئاینەکانی جیهان، بەڕەگەزێکی بنچینەیی و گرنگ و بایەخ پێدراو لە سیاسەتی ئەمڕۆ و داهاتووی کڵێسای کاتۆلیکی حیساب دەکرێ... دیالۆگی نێوان ئاینەکان خەون و



پرۆسەیەکی لەمێژینەوە دێرینی کڵێسای کاتۆلیکییە. هەمیشەش کڵێسای کاتۆلیکی لەگەڵ بوون و ڕەخساندنی دەرفەت و بۆنەدا، بانگێشتی یەکگرتنەوە دەکات، بەتایبەت یەکگرتنەوە لە مەسەلە بەدیهی و هاوبەشەکانی ئاینەکان بەتایبەت لە تەوەری باوەڕی یەک خودایی، کە هەرسێ ئاینەکە مەسیحی، جوولەکە و ئیسلامیش لەسەری کۆک و ڕێک کەوتوون، هەروەها مەسەلەی هەبوونی ژیانێک لە پاش مردن کە بە بەهەشت ناو دەبرێت. ڕۆژێکیش کە پێی دەوترێت ڕۆژی لێپرسینەوەی ئیلاهی.

لەم بارەیەوە بەشداریکردنی ئاینەکان لە نوێژی ئاشتی لە ساڵی ١٩٨٦ بۆ Assisi ئەسیسیان، خاڵێکی وەرچەرخان بوو ڕووەو بانگێشتی نوێی پاپا بۆ یەکگرتنەوەی مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی پلانە گەورەکەدا کە ئەویش لە دروستبوونی «زاتی خودا» بەئاراستەیەکی پێشکەوتنخواز لە جێبەجێکردنی ئەو تیۆرە.

(پاپا) ژان پۆلسی دووەم لەبەر ڕەخساندنی دەرفەتی سەرنجڕاکێشان و بەلای خۆداهێنان، لە ئەنجامی ئەو ڕۆژە حەماسییە و بەپێی ڕوانگە مرۆڤ دۆستانەو ئاشتیخوازانەکەی، ئەمەی بەهەل زانی. ئەمە بەکورتی ڕووداوێکی کورت و هەڵوێستی کڵێسایە لە بانگێشتی یەکگرتنەوەدا، پرسیارەکەمان لەوەدایە داخۆ شوێنگەی بزووتنەوەی باوەڕە نوێکان لە دووتوێی ئەو هاوکێشەیە و لە حیساباتی کڵێسادا لە کوێیە؟

ئەمە ئەگەر لە بنچینەدا، شوێنگەیەک لە لای دەسەڵاتی سیاسی و ئاینیی کڵێسای کاتۆلیکییەوە بۆ ئەو هاوکێشە ئاڵۆزە تەرخان کرابێ.

لەم بارەیەوە کڵێسای کاتۆلیکی: هەتا ئێستا هیچ هەڵوێستێک و

بەرنامە و پلانێکی ڕەسمیی ئەوتۆی بۆ دیالۆگ لەگەڵ باوەڕە نوێکان ڕانەگەیاندووە.

بەڵام لە پشتی پەردەوە و لەودیو باڵەخانە مەزنەکانی ڤاتیکانەوە هەست بەجووڵانەوەیەک بەو ئاقارەدا دەکرێت ئەگەرچی کڵێسا پێی وایە دیالۆگ کردن لەگەڵ ئەو باوەڕانە کارێکی هێندە ئاسان نییە و. دیدی کڵێسا لەو بارەیەوە ئەوەیە کە ڕەنگە نەتوانرێ ئێستاکە و لە داهاتوویەکی نزیکدا، ئالییەتێکی وەها بێتە ئاراوە بتوانێ هەموو بزووتنەوە و باوەڕ نوێکان و لە یەک تای تەرازوودا دیالۆگیان لەگەڵ ئەنجام بدات. بەڵکو پێویستە هەر بزووتنەوەیەک، هەر کۆمەڵەیەک بە جیا وەربگیرێ و بە جیاش بەپێی خەسڵەت و بەرنامەی کارکردنەکەی دیالۆگی لەگەڵ ئەنجام بدرێ. لە هەمان کاتیشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەرگاکان بەڕووی دیالۆگدا داخرابێت، بەتایبەت لە ئارەزووی کڵێسا بۆ چارەسەری ناکۆکی و جیاوازییەکان لە باوەڕدا و کۆکردنەوەیان لە چوارچێوەی کڵێسایەکی یەکگرتوودا.

ناکۆکی و جیاوازییەکان لە تێگەی کڵێسادا پۆلێن کراون. هێندێکی کڵێسا بە شەڕانگێز دادەنێت و هێندێکی تری بەتەفسیری جیا بۆ بۆچوونەکانی دەزانێ؟!

پاپا ژان پۆلسی دووەم لەم بارەیەوە دەڵێت: ناتوانین حاشا لە بوونی ناکۆکی لە نێوان ئێمە و ئەواندا بکەین و بوونی ئەم چەشنە ناکۆکییانە مانای پتەویی بابەتە ڕۆحییە بەخشراوەکانە کە لە لایەن خودا بە خەڵکی بەخشراون.

من نامەوێ ئاماژە بەو ناکۆکییانە بدەم کە لە ئەنجامی جیاوازی بۆچوون و تێڕوانین هاتوونەتە ئاراوە، بەڵکو دەمەوێ باس لەو



ناکۆکییانە بکەم کە بێ سنوور و لە ڕادەبەدەر بەناو کۆمەڵگاکانی بەمرۆڤایەتیدا بڵاوبوونەتەوە. ئەو ناکۆکی و ناتەباییانەی کە بوونە هۆی کەوتنی «بەها مرۆییەکان بەهۆی بوو ڕۆحێکی شەڕانگێز لە مێژووی مرۆڤایەتیدا».

لێرەدا دەمەوێت باشتر لە پەیڤی شەڕانگێز و ڕۆحی تێ بگەم داخۆ ڕۆحە شەڕەنگێزەکان مەبەستی لە هەڵسووڕێنەرانی جەنگەکانە؟ یان مێژووە قوڕاوییەکەی مرۆڤایەتییە یاخود شەیتان خۆیەتی و لە بەرگی مرۆڤدا خۆی نیشان دەدات. بەهەرحاڵ ئەم دەربڕینە، ئەم ڕوونکردنەوەیە، دەمانگەیەنێتە مەبەست کە ئەویش جێبەجێکردنی فەرمان و مەهامە گرانەکەیە لە ئاشکراکردنی بەها ئەسڵییەکان بەهۆی دەربڕینی باوەڕەکان چ جای ئەو دەربڕینە تاک بێت یان بەکۆمەڵ.

ئازادی لە باوەڕدا و ئازادیی هەڵبژاردنی باوەڕ، دوو خاڵی وەرچەرخان بووە بۆ دەرکەوتنی ئەو باوەڕە نوێیانە و هەروەها نەمانی سنوور و بەربەست لە بەردەم ئازادیی هەڵبژاردندا سنوور لە بەردەم دیالۆگ لەسەر ئاستی تاکەکان دەسڕێتەوە، ئەگەر پێشتر کڵێسا لەو بارەیەوە سنووردارتر بووە، بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ ئەو بارودۆخەی لە ئارادایە، گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە هیچ سنوور و بەربەستێک لە بەردەم دیالۆگ و لێدوان لەسەر ئاستی تاکەکاندا نییە، هەر چۆن هیچ سنوور و بەربەستێک لە دەربڕینی خۆشەویستیی خودا بۆ هەمووان، ژنان و پیاوانیش نییە و ئەو جیاکارییە نەماوە.لەم بارەیەوە پاپا یۆحەنای پۆلسی دووەم دەڵێت: «تا کاتێک مرۆڤایەتی لە هەوڵی تێگەیشتن لە خودی مرۆڤ و جیهاندا بێت، ئەوا دەکرێت بە دیالۆگ و

لێدوان بەیەک بگەینەوە».

لەوەش زیاتر دەڵێت: «گەر لە مرۆڤەکاندا بەقەد نووکە دەرزییەک ترووسکایی ڕۆحی مەسیحییەتی بەدی بکەین، ئەوا کڵێسا ئامادەیە ڕێز لەو ڕۆحە مەسیحییە بگرێ و داخڵی پرۆسەی دیالۆگ بێ لەگەڵیدا».

ئەم پەیڤانە و ئەم ڕاڤەکردنە، زۆر گرنگن بۆ چوونە ناو بابەتی دیالۆگ لەگەڵ هەمووان و بۆ هەموو ئاستەکان و دەشکرێ لە ڕووی تیورەوە بەسەر هەموو بزووتنەوە و باوەڕە نوێکانی ئایندا پیادە بکرێ، بێ گوێدانە ئوسوولی کارکردنیان.

لەم بارەیەوە کڵێسا ڕێگاکانی گەیشتن بەڕووناکیی باوەڕ دەردەخات و بانگێشی ئەوە دەکات کە ڕێگەکان کورت بکرێنەوە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. بێگومان ئەمە بەوە دەکرێت کە بیرکردنی لە بەکارهێنانی ڕێگا و بەسەرچووەکان لابدات و ڕوو بکاتە ڕێگەی قبووڵکردنی قووڵبوونەوە و چوونە ناو بابەتی توێژینەوە بۆ دۆزینەوەی دەربڕینە نوێکانی ڕێگای باوەڕ و ڕووناکی.

ئەم کراوەییەی ئەمڕۆی کڵێسای کاتۆلیکی بەشەو و ڕۆژێک نەهاتووەتە دی و دەبێ هەمووان ئاگاداری ئەوە بن کە هیچ کات، دەسەڵاتێکی ئایینیی وەها مەزن و خاوەن جەماوەر و خاوەن مێژووی دێرین، ناکەوێتە پەلەقاژە، گەر زەنگی خەتەر و فەنابوون لەسەر دەستی ئەم باوەڕە نوێیانە بەگوێی سەرکردە و ڕابەرانیدا نەزرینگابێتەوە.



### - ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی کڵێسا و باوەڕە نوێکان لە بەری ڕۆژهەڵاتدا:

زۆر بەکورتی... دەتوانین بڵێین کڵێسای کاتۆلیکی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرەی ڕۆژهەڵات، هێندە لە بەرەی بەرەنگاریکردنی باوەڕی نوێ خۆی نابینێتەوە. ئەمەش بەهۆی پابەندیی ئیماندارانی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەدۆگمای مەسیحییەت و فەرمایشت و فەرمان و ئامۆژگاریی کڵێساکانیەتی. نەبوونی ئارەزوو و ویستێکی ئاشکرا بۆ ئاینگۆڕکێ لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ و ڕۆشنبیرانی مەسیحی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە ڕای من لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە مەسیحییەکان لەو ناوچانە و لەبەر کەمایەتییان کە ڕەنگە بەباوەڕی دووەم و سێیەم، کۆمەڵە کەمەکان، لەسەر ئاستی جێنشینانی ئەو پێکهاتانەی تر پێکی دێن. نەیانەوێت بەهیچ جۆرێک قومار و موراهەنە بەچارەنووسی باوەڕەکەیان بکەن و ناو و ناوەڕۆکیشی لە هزری زۆرینەکانی تر و باوەڕە دەسەڵاتگرەکان لەکەدار بکەن تا ئاستی قبووڵ نەکردنی ڕەخنە لێگرتنیش لەو باوەڕە مەسیحییە کلاسیکییە و هەمیشەش لە هەوڵی شکۆدارکردنی باوەڕەکەیانن لەو ڕوانگەیەی کە مەسیحییەت بۆ ئەوان بەدیوێک مایەی ڕێزە لە لایەک و مایەی چەوساندنەوەشیانە بەدیوێکی تر ئەگەر مەسیحی نەبن ئەوا ڕەنگە ڕێزیان وەک کەمایەتییەک لە دەست بچێت و لەگەڵ زۆرینەدا بەیەک چاو تەماشا بکرێن و تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی ئاینی و ستراتیژی مانەوەیان لە دەست بدەن. کە چەوساندنەوە و ئەزیەت و ئازاریشیان لە لایەن کۆمەڵێک کەس و باوەڕ و لایەنی نامەسئوول و کاڵفامەوە دیبێت ئەمەش وای کردووە، بەدیوەکەی تر بیر لە مانەوەیان بکەن و

بەچەسپیوی و کەللەڕەقی لەسەر باوەڕەکەیان بمێنن هەر ئەم چەوساندنەوەیە وای کردووە ئەمان زیاتر سوور بن لەسەر باوەڕەکەیان و زیاتر پێ لەسەر مەسیحیبوونی خۆیان دابگرن، بۆیە حزوور و هورووژمی باوەڕە نوێکان لە ناو پێکهاتەی مەسیحی باوەڕی ڕۆژهەڵاتدا، کەمتر بەدی دەکەین. هەر کاتێکیش ئەو بزاڤ و کۆمەڵە نوێیانە ویستبێتیان لەو پێکهاتەیە نزیک ببنەوە، ئەوا بڕوادارە کۆنەکان بەفیتی قەشە و ڕابەڕانی کڵێسا، ئەم نزیکبوونەوەیانە، بەتوندی بەرپەرچ داوەتەوە و قەوانی تەبایی و هاوکاری و هاوپشتی ئاینەکانی تریان بەگوێی بزاڤ و ڕێکخراو و کۆمەڵە تەبشیرییە نوێکاندا داوە و ئەم بزووتنەوانەش بە بەدکار و گێرەشێوێن و چەواشەکار ناو هێنراون ناودارترین ئەو بزاڤانەش کە ئەمڕۆ لە هەڵپەی ئەوەدایە جێ پێیەک بۆ خۆی لە ڕۆژهەڵات بکاتەوە «کۆمەڵەی دەولیی کتێبی پیرۆزە»کە بارەگا و سەنتەری سەرەکییان لە ئەمریکایە و لەوێوە کادرانی خۆیان بەسەر جیهاندا دابەش دەکەن، من پێم وایە هەر کاتێک ئەگەر و ترسی چەوساندنەوە لەسەر بنچینەی نەژاد یاخود ئاین و باوەڕ لەو شوێنەوارە بەجێماوانەی شارستانیەتی کۆن و دەرکەوتنی مەسیحییەت لەسەر ئەرزی واقع نەما و لێبووردنی گشتیی لێ کەوتەوە ئەوا ئەمانیش دەکەونە خۆیان و هەوڵەکانیان بۆ گۆڕینی باوەڕەکەیان دەخەنە گەڕ و بەدووری مەزانە ئەگەر بێتو هەمان نەسقی ئازادیبەخشین هاوشێوەی ئەوروپا، لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتیش بەدی بکرێت، ئەوا گۆڕەپانی ململانێی باوەڕەکان لە بەرەی خۆرئاوا نامێنێت و بەشێکی زۆری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆی دەدۆزێتەوە.



**دوا خوێندنەوە:**

بەر لەوەی کۆتایی بە هەڵوێستی کڵێسای کاتۆلیکی و تێڕوانینی لەمەڕ هورووژم و جێ خۆشکردنی ئەو باوەڕانە لە ناو جەستەی خۆرئاوادا، بێنین، سەرنجێکی گرینگی ڕۆژنامەنووس Teresa Goncalues، ترێزای بەریتانی، لەمەڕ کارێکی نێوان پەناهەندە و کۆچکردووەکان و باوەڕە نوێکان دەردەخەین.

ترێزا لەم بارەیەوە دەڵێت: سەرنجڕاکێشان و توانای چوونە ناو ناخی پەنابەران و کۆچکردووە هەڵکەنراوەکان لە شارستانییەتەکانیاندا کە لە بنچینەدا سەر بەژینگەیەکی کۆمەلایەتی خێزانی کولتووری لاوازن و زۆر کات باوەڕی ئاینییان لاسەنگە، زۆر ئاسانە بۆ بزووتنەوە نوێکان، بچنە ناو ناخیان و هزریان بورووژێنن.

بەڕای من هەبوونی ئەم حاڵەتە لەو ڕووەوەیە کە زۆربەی ئەو مرۆڤانەی دێنە ئەوروپا، ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە دەبنەوە کە ڕێژەی نوێژکەران یان باوەڕپێکەران بەکڵێسا و هاموشۆکەرانی کڵێسا زۆر کەمە تا حاڵەتی دەگمەنی. بۆیەکا دەبێ لەجیاتی ئەم کڵێسانە، پەرستگایەکی تر هەبێ تا مرۆڤ سەردانی بکات و لەجیاتی ئەم باوەڕ بەسەرچووەش باوەڕێکی تر هەبێ تا مرۆڤ پەیڕەویی بکات. خۆشەویستیی خۆی بۆ خودا تیا نیشان بدات، لەوێشەوە لەگەڵ هەبوونی ئەم گەڕانە لە ناخی پەناهەندە و کۆچکردووەکان هەر کاتێک هەل و دەرەتانی تێکەڵاوی و ئاشنایەتی لە نێوان ئەو پەنابەر و کۆچکردووانە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە و باوەڕە نوێیانە پێک هات ئەمانە بەنەهجی ڕاستەقینەی باوەڕی ئێستای ئەوروپی دەزانرێت لەمەشیاندا کڵێسا لەمەڕ هەوڵ و کۆششەکانی لە بۆ

ڕاکێشانی ئەو ڕێژە زۆرە لە کۆچکەران، پاشگەز دەبێتەوە و بووە، پاشگەزبوونەوە و بێ توانایی‌شی ڕێگە بۆ باوەڕەکانی تر خۆش دەکات کە بچنە ناو ناخی کۆچەرە هەڵهاتوو لە بنەڕەت دەروون شێواوەکانەوە لەم بارەیەشەوە ڕاستە گەر بڵێین زۆر جار ڕووی داوە کە موسوڵمانێک کە لە بنچینەدا هەڵهاتووە لە کۆمەڵێک سنووردانان و کۆت و زنجیری حەلاڵ و حەرامی دەسەڵاتی ئیسلامی تا ماوەیەکیش لە گەیشتنی بەئەوروپا بەو ئومێدە و لە خەونی گۆڕینی باوەڕەکەی بۆ مەسیحییەت دەژی، بەڵام کە دەبینێت باوەڕی ڕەسمیی مەسیحی هێندە پلە و پایە و بەهایەکی ئەوتۆی لە ناو هزری تاکی خۆرئاواییدا نییە و بیری مەسیحییەت بیرێکی شکست خواردووی دۆڕاوی شارستانییەتی ئەوروپایە... بۆیە ئەمیش هەر زوو لەو بڕیارە پاشگەز دەبێتەوە و لەپڕ خۆی لە باوەش و لە ژێر کاریگەری بزووتنەوە و ڕێکخراوی باوەڕی نوێ دەبینێتەوە... هەندێک جاریش بەپێچەوانەوە ئەم کۆچبەرە، ئەم هەڵهاتووە، لە ئەنجامی نەبوونی هەل و ڕێکەوتی شارەزایی لە دەزگا و تۆڕی ڕاکێشان بەلای باوەڕی نوێ، پەنا دەباتەوە بۆ پابەندبوون بەئەحکامە شەرعییەکانی ئیسلام و ئەوانەی کە هەر بۆ خۆی لە بنچینەدا ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دژیان دەجەنگا و بەتێگەیشتنی سەلەفیی دەزانین... لەوێوە هەوڵ دەدات کەسایەتییەکی ئیسلامیی ڕەزین و ڕەسەن بۆ خۆی دروست بکات و کار بۆ بەڕاست زانینیان بکات کە ئەمانەش هەندێک جار تووشیان بەتووشی گرووپی توندڕەو دەبێ و لەگەڵ تێرکردنی هزریان بەبیری دژایەتیکردنی خاچپەرستان، سەرئەنجام دەبنە تیرۆریست. یاخود بانگەشە بۆ بیری تیرۆریستی دەکەن و بە شکۆداریشی دەزانن.



**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١- چاپکراو و بڵاوکراوەکانی مەجمەعی ڤاتیکانی کە لە ساڵی ١٩٩٩دا چاپ کراون زۆربەی وتارەکان لەوەوە وەرگیراوە.

٢- بابەتێکی ڕۆژنامەی New timesی دانیمارکی، سوودێکی زۆری پێ گەیاندم.

# بەشی چوارەم

## ئەسکەندەناڤیا

### لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ تەوژمی بزووتنەوە و باوەڕە نوێکاندا

**دەروازە**

بەو حوکمەی کە ئەسکەندەناڤیا خاوەن کۆمەڵێک خاسیەت و خەسڵەتە، بۆیە لە باسکردنی باوەڕی لاو و نوێ پێویستە ئەسکەندەناڤیا بەهۆی ئەو پێکهاتە ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئازادی... هتدەوە، بە بەشێکی جیا وەربگرین و لە هاوکێشە و ململانێ و بەربەرەکانێی لەگەڵ باوەڕە نوێکاندا بەجیا باسی لێوە بکەین.

دەوڵەتانی پێکهاتووی ئەسکەندەناڤیا سوێد، نەرویج، فنلەندا و دانیمارک، بەشێوەیەکی گشتی و دانیمارک بەتایبەت خاوەنی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی ڕووناکبیری، ئابووری و باوەڕی فرە لایەنە. هەر ئەم جۆرە پێکهاتەیەش وای کردووە کە لە لایەکەوە بەوە گەشبین بین کە ئەو وڵاتانە مەیلیان بەباوەڕی نوێ و بزووتنەوە نوێکان هەیە، لە لایەکی تریشەوە لە لایەن هەندێک چین و توێژی کۆمەڵگەی ئەسکەندەناڤییە ڕەت دەکرێنەوە و نایانەوێت بچنە گێژاوی خۆگونجاندن و لەخۆگرتنی باوەڕی نوێ، ئەم نەزعەیە لە خۆگونجاندن یان لەخۆگرتن و لەخۆنەگرتنی باوەڕی نوێ، تەواو لە چالاکییە ئاینییەکانی بزووتنەوەی باوەڕە نوێکاندا دەردەکەوێت.



بۆ نموونە: بزووتنەوەی بەهەگوانشۆ Bhaagwansho و بزووتنەوەی هاریکریشنا Harekrishne و بزووتنەوەی مارگا Marga کە داوای کۆمەڵگەیەکی بەدیل دەکەن، جودا لەگەڵ ئەم کۆمەڵگەیە و ئەم شارستانییەتەی کە ئێستا ڕۆژئاوا عەقیدە و باوەڕی خۆی لەسەری بەند کردووە.

هەروەها ئەو گرووپانەی کە هەڵگری باوەڕێکی وەهان کە جیهان حکوومەتێکی خودان باوەڕ و ئاینێکی جیهانی، بەڕێوەی بەرێت یان ئەو باوەڕانەی کە بیرکردنەوە لە سەروو بیرکردنەوەی لۆژیکیی مرۆڤ نەیانتوانیوە وەک پێویست جێی پێی خۆیان لە ئەسکەندەناڤیا بکەن، بێگومان ئەمەش وەک گوتمان بەهۆی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە تێکچڕژاو و داخراوەی ئەو وڵاتانە، کە تا ئاستێک دەیانەوێت تایبەتمەندیی ڕەوشتناسی و باوەڕیی خۆیان بپارێزن.

زۆربەی بزووتنەوە و باوەڕ نوێکان لەسەر ئاستی دانیمارک، بنکە و بارەگا و پڕۆگرامی بەهێزیان لە باشووری ئەو وڵاتەدا دامەزراندووە بەتایبەت لەو بەشە سنووردارەی کە لەگەڵ ئەڵمانیادا هاوبەشە.

هۆکاری سەرەکیی: لە سەرکەوتن و گەشەسەندنی باوەڕە نوێکانی ئەسکەندەناڤیا لەوەدایە کە تا چەند ئەم بزووتنەوە و باوەڕە نوێیانە پڕۆگرام و نەهجی کارکردنیان لەگەڵ دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتانە هاوتەریب و هاوشێوە دەبێ و بەیەک ئاراستەدا کار دەکەن و نابنە هۆی بەگژداچوونی بنەما سەرەکییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و مۆڕاڵی لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا.

**مەسیحییەتی ئەسکەندەناڤیا:**

بوون بەمەسیحی ئەگەرچی باوەڕی موفەزەڵ و سۆزداری کۆمەڵگەی

ئەسکەندەناڤییە، بەڵام تەنها ٢٪ کۆمەڵگەی مەسیحییەکانی ئەسکەندەناڤیا، بەشداری لە مەراسیمی نوێژی یەکشەممەدا دەکەن. لە کاتێکدا نوێژی یەکشەممە لە کۆمەڵی مەسیحی فەریزەیەکی گەورەیە و جێبەجێ نەکردنی گوناهێکی گەورەترە.

دیارە نوێژی ڕۆژی یەکشەممە لە مەسیحییەتدا، لە ڕووی فۆرمەوە لە ڕووی پیرۆزییەوە وەک نوێژی جومعەی موسڵمانان و نوێژی ڕۆژی شەممەی لای جوولەکەکان وایە. بەڵام بەشداریکردنی ئەو ڕێژە کەمە ئەوە دەگەیەنێ ئەم ژمارەیە لە ساڵێکدا ٥ جار دەچێتە کڵێسا. ئەم پێنج جارەش دەتوانین بەم شێوەیە پۆلێن بکەین جەژنەکانی کریسمس، جەژنی زیندووبوونەوە (جەژنی پسحا)، نوێژی بەخێرهاتن و پیرۆزکردنی ساڵی نوێی میلادی، عمادی مەسیح، شەوی لە خاچدانی مەسیح. خۆ ئەگەر بەشداری کردنەکە بچووکتر بێتەوە ئەوا تەنها لە دوو بۆنەدا کەسێکی مەسیحی باوەڕی ئەسکەندەناڤی لە کڵێسا دەبینین ئەو دوو بۆنەیەش لە ڕۆژی ناولێنان عماد وە ڕۆژی ژن مارەکردن و شووکردن بەم دوایانەش لە پاش دەرکردنی یاسا مەدەنییەکانی گرێبەستی پێکەوە ژیان کە لە پاش حەفتاکانی سەدەی ڕابردووە لە ئەسکەندەناڤیا کاری پێ دەکرێت، ئارەزووی چوون بۆ کڵێسا و تەواوکردن و بەجێهێنانی ئەو مەراسیمەش لە هزری ئەسکەندەناڤییەکاندا کاڵ بووەتەوە و کەمتر جێگەی بایەخی نەوەی نوێی هاوسەرە گەنجەکانە. لەم بارەیەشەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، پێکەوە ژیانی دوو خۆشەویست، بەبێ پیرۆزکردن و ناوهێنانی لە بەردەم خودا و کڵێسادا وەک عەیبە و لادانێکی کۆمەڵایەتی تەماشا کرابێت، ئەوا



ئەمڕۆ لە فەرهەنگی ڕەوشتناسیی ئەسکەندەناڤیدا ئەو پێکەوە ژیانە مۆڕاڵێکی سروشتی و مافێکی تر لە مافە دەستەبەرکراوەکانی مرۆڤی پێشکەوتووی خۆرئاوا، تەماشا دەکرێت و لەوەش زیاتر زۆربەی هاوسەرە لاوەکان پێیان وایە بەجێهێنانی ئەو مەراسیمە لە ژێر بەیداخ و لەسەر دەستی قەشەکان بەم شێوەیە ناوزەد دەکەن و دەڵێن، مارەبڕین لە کڵێسا «دەمامکێکە بۆ چەواشەکاری و دەستخەڕۆکردنی هەستی کۆمەڵگە بەرامبەر بە چەمکی پێکەوە ژیان»، هەتا لە کڵێساش دوورکەوینەوە، ژیانمان ئاسوودەتر دەبێت.

دەتوانین بە ئاشکرا لە ئەسکەندەناڤیا دەرک بە بانگەواز و بانگێشتکردن بۆ ژیانێکی نوێباو لە باوەڕی ئاینییدا بکەین، هەر ئەم درک پێکردنەش، ڕێگای بەردەم مەیلی ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە بۆ لای باوەڕی نوێ، ڕۆشن دەکاتەوە، هەندێک لە پێشبینییەکانی تایبەت بەو لایەنە ئەوە دەردەخات کە ڕێکخراو و باوەڕە نوێکان چالاکانە توانیویانە لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا جێ پێی خۆیان لەو وڵاتانەدا بکەنەوە و لە ڕیفراندۆمێکی تایبەت بەو لایەنەوە دەرکەوت کە لە ڕێژەی ٢٠٪ – ٣٠٪ی دانیشتووانی دانیمارک حەز دەکەن و ئامادەن بۆ وەرگرتنی باوەڕی نوێ، بەتایبەت ئەو باوەڕانەی کە لە بیری بووزییەت و هیندۆس و فەلسەفەکەیان هەڵێنجراون.

هێندێک لەو بزووتنەوانەش کە توانییان لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ناوبانگ لە ناو کۆمەڵانی خەڵک پەیدا بکەن ئەمانە بوون بزووتنەوەی ساوما Swami – و ڕێکخراوی (narayanananda) و ڕێکخراوی (Swami - ganaknanda) وە هەندێکیش لەو ڕێکخراو و بزووتنەوانە کە بە «ئەلحەرەکاتولشەفاییە» ناسراون وەک Baihay -

- Alice و ناتورەکان کە ئێستا وەکو بابەتێکی ئەتەکێت و نوێ باو و مۆدەیان لێ هاتووە، خەڵکی خۆیان پێ مەشغووڵ کردوون.

سوێد پتر لە هەزار و دوو سەد ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەیی نارەسمیی هەیە ژمارەی دانیشتووانی ناگاتە پتر لە نۆ ملیۆن. ئەم ژمارە زۆرە و لەخۆگرتن، لە هەبوونی کۆمەڵە و بزووتنەوە و ڕێکخراو بۆ خۆی ئاماژەیەکە بۆ ویستی ئەو کۆمەڵە بۆ چوونە ناو بابەت و جیهانی باوەڕی نوێ و لەخۆگرتنیان... نیشانەیەکی ترە بۆ گەشەکردنی باوەڕی لاو لە ئەورووپا بەگشتی و ئەسکەندەنافیاش بەتایبەت. هەروەها ئەم ئارەزوومەندییە ئەم ویستە هاوبەشە بۆ خۆی هەڵتەکانێکی کۆمەلایەتی، سیاسی، فەرهەنگی، کلتووری، ئابووری گشتییە بەسەر تێگەو چەمکی باوەڕهێنان نەک تەنها لە سوێد یاخود دانیمارک بگرە لە تەواوی ئەسکەندەنافیاش.

## کۆپنهاگن

کۆپنهاگن، بە خاڵی دەرکەوتن و چوونە ناو بزووتنەوەی باوەڕە نوێکان دەزانین – کۆپنهاگنی خاوەن حەشیمەتی ١,٣٠٠٠٠٠ یەک ملیۆن و سێ سەد هەزار کەسی و پاشان شاری ئۆغرس کە دووەم شاری گەورەی دانیمارکە و خاوەن ٢٥٠ هەزار کەسییە، بەشێوەیەکی سەیر سەرنجی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەورووپی و ئەسکەندەناڤی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، لە بارەی هەر شتێک کە پەیوەندیی بەباوەڕی نوێ لەسەر ئاستی ئەسکەندەناڤیاوە هەبێت. هەر بۆیەش لە گەڕان و پشکنین بەنێو ناونیشانی «پەڕتووکی ڕێبەری تەلەفۆناتی»ی کۆپنهاگندا چاومان بە پتر لە ٣٠٠ ناو و ناوونیشانی جۆراوجۆری ڕێکخراو و بزووتنەوەی جۆراوجۆری ئاینی و باوەڕی نوێ دەکەوێت



گشتیشیان نووسینگە و چالاکی جۆراوجۆریان لە تەواوی ئەسکەندەناڤیا هەیە، لە ناویاندا «ساینتۆلۆجی Scienolojy» و «مندالانی خودا» دیارترینیان. هەروەها تونێگل فامیلی (Tongil family) کە بەکڵێسای یەکگرتوو ناسراوە، تا ڕادەیەک ناو و ناوبانگێکی باشی لە ناو مەعشەری بزووتنەوە و باوەڕە نوێکاندا هەیە، کۆپنهاگن خۆی بە چەق و بنکەی بلاوکردنەوەی بیری نوێ لەسەر ئاستی ئەسکەندەناڤیا دەزانێت. هەر ئەم خۆ بەچەق زانینەشە وای کردووە کە هەندێک لە ناوەندە ئاینی و عەلمانییەکان، دانیمارک بەخەتەرناکترین شوێنزای یاخیبوون بەسەر باوەڕی تاک خودایی لە قەڵەم بدا لەم بارەیەشەوە، بەهۆی ئازادیی ڕەهای دەسەلاتی چوارەم، زۆر ئاساییە ڕای گشتی دانیمارکی کە ڕۆژنامە، تەلەفیزیۆن، ڕادیۆ و ڕا و ڕایەڵەکانی، هەموو جۆرە گاڵتەپێکردن و سووکایەتی پێکردنێک بەرابەر و بیری تاک خودایی. بەئازادییە دەستەبەرکراوەکانی دەسەلات و حوکمی کۆمەڵگەی مەدەنی پۆست مۆدێرن بزانێت. لەم بارەیەشەوە ئەگەر ساڵی ٢٠٠٥ ساڵێکی نموونەیی لە بواری گاڵتە و سووکایەتی کردن بەپێغەمبەری موسڵمانان بێت، ئەوا ساڵی ٢٠٠٤ و پێشتریش ساڵانی گاڵتەکردن بەبیری یەسووعییەکان بوو، لە ڕێگەی دروستکردنی جۆرێک لە سەندالی هاوینە کە وێنەی مەریەم و سوجدەی عیسای کوڕی لەسەر نەخشێنرابوو. ئەم کارەش، کاری سووکایەتی کردن بەباوەڕ و ئاین، بەدەسیسە و ئاراستەکراوی میدیای تەرویج پێکراوی عەرەبی ئیسلامی وا لە قەڵەم کە «مۆراڵ لە دانیمارک بەگشتی و خۆرئاوادا بەتایبەتی، لە کۆمەڵگەی نوێباودا، واتا و بەها ڕەسەنەکەی خۆی لە دەست داوە» و لە هەندێک شوێنیش

داوای جیهادی بۆ دەکرا. باڵوێزخانەی بۆ دەسووتێنرا. ئەمە لە کاتێکدا یەکە لەسەر ئاستی تاکی ئەسکەندەناڤی و دانیمارکی، ڕۆژانە گەر بەسەدان نوکتە و گاڵتەش بە پێغەمبەرەکەی، بە باوەڕەکەی، بە هەرە پیرۆزترین چەمک لە ژیانی بکرێت، هەرگیز ڕێگە بەوە نادات کە ئەو گاڵتە و سووکایەتییە، ڕێگە لە گەشەسەندن و بونیادنانە نۆگەراییەکانی بگرێت. بەدووریشی مەزانە بەزمانێکی سادە ئەم دەستەواژەیە بەگوێدا هەڵخات و پێت بڵێ «ژیان ئەبێت بەردەوام بێت». ڕوونتر بڵێین. هەرگیز لە ئەسکەندەنافییەک ڕانابینیت، ئامادەگیی ئەوەی تیا بێت، خۆپیشاندان یاخود نارەزایی لەسەر بابەتێک دەربڕێت کە پەیوەندیی بەئاینە (باوەڕی ئاسمانی)وە هەبێت.

بەپێچەوانەوە لەبەری ئەوبەری ئەقلّیەتی چەواشەکاری و دەسخەڕۆی و ناوزڕاندندا، ڕۆژانە بەسەدان فەتوای کوشتن و خوێن حەلاڵکردن و بەهەزاران هوتافی ئەڵڵاهوئەکبەر ئەڵڵاهوئەکبەر. شەقامەکان دێننە هەژاندن، بێ ئەوەی ئەم هوتافانە سوودێکی لێ بکەوێتەوە و یاخود ڕۆڵێک لە گۆڕینی ئاراستەی تێفکرینەکان ببینێت. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە بڵێین ئێمە لە مامەڵەکردنمان بۆ ناسینی ئاراستەی تێفکرینی خۆرئاوا. لەگەڵ ئەقلّیەتێک کار ناکەین کە خەوتوو بێت، یاخود مردوو بێت، بگرە لەگەڵ ئەقلّیەتێک مامەڵە دەکەین، ژێری سیمایەکی هەمیشە دەرکەوتووی فۆرم و ناوەڕۆکییەتی.

**سوێد دەمێکە دەستی لە باوەڕ هەڵگرتووە!**

چرۆکردن و باوەڕهێنان بەباوەڕی مەسیحی لە سوێددا دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی یەکەمین هەزارەی میلادی، وەلێ بۆ یەکەم جار ئەم باوەڕهێنانە بەکڵێسای کاتۆلیکی بوو، بەلآم لە پاش دەرکەوتنی



بزووتنەوەی لۆتەرییەکان لەسەر دەستی گەورە ڕاهیب و پارسای پرۆتستانتەکان مارتین لۆتەر، سوێدیش کەوتە خۆی بۆ گۆڕینی باوەڕەکەی. بۆیە دواجار لەسەر دەستی شا «گوستاف سێیڤ» بڕیاریان دا سوێد لە ساڵی ١٥٢٣ ببێتە ئەندام لە کڵێسا و بزووتنەوەی پرۆتستانتی لۆثەری دژ بەکڵێسای کاتۆلیکی. لەو باوەڕەی کە کڵێسای کاتۆلیکی موزایەدە بەپەیڕەوانیەوە دەکات، بەهۆی ئەوەی کە لە کڵێسا کاتۆلیکییەکان، نوێژ و عیبادەت بەزمانی لاتینیی کۆن دەکرا و نوێژکەر باوەڕپێکەری سوێدی، هیچ لەو زمانە کۆنە تێنەدەگەیشتن. هەروەها گەورەترین هۆکاری تری ئەم گۆڕینەی باوەڕە بەهۆی ئەوەوە بوو کە کڵێسای لۆتەرییەکان پێیان وابوو کە پێویست بە وەسیت ناکات بۆ گەیشتن بەخۆشەویستیی خودا. یا وەکی تر پێویست بە قەشە و راهیبە ناکات بۆ گەیشتن بەخودا، مرۆڤ دەتوانێت بێ ئەمانیش بەخۆشەویستی خودا بگات. ئەمڕۆکە لە جیهاندا پتر لە ٥٨ ملیۆن کەس سەر بەکڵێسای پرۆتستانتی هەڵجنراو لە بیرەکانی لۆتەرن لەو ژمارەیەش دەتوانین بڵێین ٧ ملیۆنان لە سوێد نیشتەجێن. بەلآم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت تێکڕای ئەو حەوت ملیۆن کەسە لە کڵێساکاندا ئامادە دەبن، ڕاستییەکەشی تەنها ١٥٪ی ئەو ڕێژەیە لە کڵێساکان بەدی دەکرێن. شایەنی باسە، سوێد لە ساڵی ١٩٥٢دا ئازادیی باوەڕهێنانی هێناوەتە کایەوە. لەو ڕۆژەوە سوێد دەستی لە باوەڕی تاک خودایی هەڵگرتووە و مرۆڤەکانیشی تەواو ئازاد کردووە کە هەرچییەک هەڵیبژێرن و باوەڕی پێ بهێنن، سیستەم ڕێگەی پێ ناگرێت و بە لادان و بەدڕەوشتیشی نازانێت.

## باوەڕی لاو و نوێکانی ئەسکەندەناڤیا

ساینتۆلۆجی (تێڕوانینی سەروو سروشت) لە هەمووان چالاکتر و دەرکەوتووترە و، دەتوانین بڵێین سەرکەوتووترینیان بووە، لەسەر ئاستی دانیمارک، بەڵام وەنەبێ ئەم دەرکەوتنە، ئەم چالاکییە خورتە لە هەندێک بابەتدا شکستی بەخۆوە نەبینیبێت، ئەوەتانێ پاش ئەوەی کە ساینتۆلۆجییەکان نەیانتوانی بەرەنگاری ڕەخنەگرانیان ببنەوە، پاش ئەوەی چەندین دەعوای قەزائییان دۆڕاند لە بارەی هێرشی ساینتۆلۆجییەکان بۆ سەر ڕاچێت و دەرمانە خراپەکان و چارەسەرکردنی نەخۆشە دەروونییەکان بە تەزووی کارەبا، ئەمانە بەهەمووی لە لایەک لێکترازان و دەستەگەریی ناو بزووتنەوەکەش، لە لایەکی تر، بوونە هۆی کەمبوونەوەی ڕۆڵ و بایەخی لە ناو فەرهەنگی باوەڕ و بزووتنەوە نوێکانی باوەڕ جگە لە سەرنەکەوتنی سەرۆکی بزووتنەوەکە هابارت (Habbart) لە ئیدارەکردنی ململانێ ناوخۆکانی بزووتنەوەکە، ئێستاکە ساینتۆلۆجییەکانی ئەسکەندەڤانیا لە هەڵپەی ئەوەدان چۆن کادری نوێ و جەماوەری نوێ بۆ خۆیان دروست بکەنەوە، بەڵام هەرچی ئامارە ڕەسمی و ناڕەسمییەکانی ئەم دواییەی ئەو ناوەندانە ئەوە پیشان دەدات کە پێ دەچێ ساینتۆلۆجییەکان نەتوانن وەک پێویست چالاکانە لە کارەکانیان بەردەوام بن ئەگەرچی لە نەرویج دا بەم دوایانە، سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێنابێ، لەم ساڵانەشدا ساینتۆلۆجی هەستاوە بەدامەزراندنی چەند دامەزراوەیەکی گرنگی بازرگانی و خستنە گەڕی سەرمایە تا بەهۆی ئەو سەرمایەگوزارییەوە بتوانێ زۆرترین ژمارە و ڕێژە تامەزرۆیانی باوەڕی نوێ بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، جگە لەوەی کە لە شەقام و سووچ



و کۆڵانەکانی دانیمارکدا، هەڵمەتێکی بەرچاوی دەست پێ کردووە، بۆ قسەکردن و ڕاکێشانی سەرنجی شەقامی ئەسکەندەناڤی و بانگێشتکردنی بۆ نووسینگەکانی.

* سەبارەت بەڕێکخراوی بزووتنەوەی تێڕامان سەروو هێزی سروشت فەوزایەکی لە شێوەی ساینتۆلۆجییەکان لە ڕێکخستنی ناوخۆی لە دانیمارکدا نەبووە، وە ئەم ڕێکخراوە ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندان لە سوێددا لەچاو وڵاتانی تری ئەسکەندەناڤیدا، ئەم بزووتنەوەیە لە بەرنامەی کارکردنی خۆیدا، جەخت لەسەر چارەسەرکردنی نەخۆشەکان بە «تێبی بەدیل» دەکاتەوە کە زاراوەیەکی ناسراوی فەرهەنگی پزیشکیی جیهانییە، ئەم بزووتنەوەیە پێی وایە دەکرێ نەخۆشییە دەروونییەکان بە تێڕامان و هێزە لۆژیکییەکانی سەروو سروشت، چارەسەر بکرێن، بەڵام داڕمان و هەرەسی بیری ئیشتراکییەت و چەپییەتی لە جیهاندا، بۆ خۆی وەڵامی پرسیاری سەرکەوتن یان شکستی ئەو ڕێکخراوە دەداتەوە.

### منداڵانی خودا

منداڵانی خودا، بزووتنەوەیەکی تری نوێی دەرکەوتووی ئەسکەندەناڤییە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی ڕۆژئاواییە و تا ڕادەیەک پەیوەندیی بەمەسیحییەتەوە هەیە، ژمارەیەکی کەم لە دانیشتووانی ئەسکەندەناڤیا مەیلی بوونە ئەندامیان لەو بزووتنەوەیەدا دەربڕی. بنچینەی سەرەکی کارکردنی منداڵانی خوا خێزانێکی پەرت و بڵاوە و جیابوونەوەیە لە چەمک و تێگەی باوی خێزان، مەبەست جیابوونەوە و جێهێشتنی دایک و باوکە ئەندامانی ئەم بزووتنەوەیە، هێندێکیان ڕوویان دەکردە هیندستان و

هێندێکی تریان ئەرجەنتین و هۆنگ کۆنگ، هتد. بەڵام ئێستا زۆربەی کادرەکانیان بەخۆدا چوونەتەوە و لە گەڕانەوەن بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و لە بیری یاخیبوون لە خێزان پاشگەز بوونەتەوە و خەریکە دەست لەو تێگەیە هەڵبگرن کە پێیان وابوو لەبەرئەوەی منداڵانی خودان، ئەوا دەبێت ببنە گەڕیدە و گەڕۆک و بەهەموو جیهاندا بگەڕێن و سنوورێک نەمابێت ئەمان خۆیانی تیا نەبیننەوە. ئەم بزووتنەوەیە، هەر لە ناوخۆی باوەڕەکەیان خێزانێکی تریان بۆ خۆیان دروست کردووە و بەخێزانی خودا ناویان دەرکردووە و بەنهێنی لە کارکردندان و پێ دەچێ لە هەندێک شوێنی ئەسکەندەنافیا چەقیان گرتبێ بەڵام بەڕێژەیەکی کەمتر لە باوەڕە نوێی ڕاگەیەنراوەکان وێڕای تەواوی ئازادی پێ دەچێ نەزعەی ڕۆحانییەت و بەنهێنی کارکردن لە چوارچێوەی ئەسکەندەناڤیا هۆکار و سەبەبکاری سەرکەوتنی هەندێک لە بزووتنەوەی باوەڕە نوێکان بێ نموونەی (شاهیدەکانی یەهوا و – مارۆنستەکان) کە لە گەشەسەندنێکی بەردەوامدان بەتایبەت لە دانیمارک و فنلەندا پێ دەچێ وەک وتمان ئەم نهێنییە لە کارکردن بۆ خۆی سڕی پێشکەوتنیان بێ؟!.

**شەیتانستەکان:**

شەیتانەکان بزووتنەوەیەکی تری دەرکەوتووی گۆڕەپانی باوەڕی نوێی ئەسکەندەناڤیایە کە بەوە ناسراون جل و پۆشاکیان سەراپا (ڕەشپۆش) دەکەن تەنانەت قژی زەردیان ڕەش دەکەن ئەم بزووتنەوەیە جەماوەریەتییەکی زۆریان لە ناوەندی ڕۆک میوسیک (مۆسیقای ڕۆکی) ئەورووپی هەیە یەکێک لە بەرنامە ڕاگەیەنراوەکانیان کە شەیتانستەکانی پێ دەناسرێتەوە ئەوەیە (لە هەر شوێنێک چوار یان



پێنجیان لێ کۆبووەوە و شەیتان خاوەنی بڕیارە لە کار و کردەوەیاندا) هەروەها کۆمەڵێک شێواز و سرووتی تایبەت و بابەتی تایبەتمەندیان بەخۆ هەیە کە زیاتر لەسەر ئەو چەمکە جەخت دەکات گەورەیان شەیتانە... شەیتانیش گەورەیانە لە شارە قەرەباڵغەکانی ئەسکەندەناڤیا و بەسواری ماتۆڕەکان، یاخود لە دەورەی ئاگرەکان دەرکەوتنیان زۆرە.

هەندێک بزووتنەوەی تر بەناوی مەسیحییەتەوە لە ئەسکەندەناڤیا دەرکەوتوون بەڵام لە ڕاستیدا لە بنچینەدا تەوژمێکی نوێی باوەڕن لە دژی کڵێسا و نەهجی مەسیحن نموونەشیان «مەنهەج فی ئەلعەجایب» و دامەزراندنی ئاشتی ناوخۆ. ئەم ڕێکخراوانە ئەگەرچی وا پیشانی دەدەن کە پابەندی مەسیحییەتن بەڵام هەندێک لە ناوەندەکانی باوەڕی لێکترازاو لە مەسیحییەتی کلاسیکی پێیان وایە کار و کردەوەیان ئەم باوەڕانە دژی مەسیحییەتە و سەر بەهەندێک ڕێکخراوی ئیسرائیلین.

**ئەستێرەناسی**

سەدەکانی ڕابردوو لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، بە سەدە گەلی دەرکەوتنی زانستی ئەستێرەناسی دەناسرێت. ڕۆژ، بەدوای ڕۆژ زۆربوونی ژمارەی باوەڕپێکەران و زیادبوونی ڕێژەی کارپێکەرانی ئەم باوەڕە لەسەر ئاستی ئەسکەندەناڤیا گەشە بەخۆیەوە دەبینێت، جەدەلی ناسینی ئەستێرەناسی جەدەلێکە، هێشتا یەکلا نەبووەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئەستێرەناس و فەلەکییەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان بەشدارن لە بازرگانی و ئیدارەکردنی ململانێی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییدا. ڕەنگە گاڵتەمان بەوە بێت و بڵێین جا ئەستێرەناسی چ پەیوەندییەکی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە؟. منیش زۆر زانیاریم

لەو بارەیەوە نییە ئەوەندە نەبێت کە دەزانم گەر پەیوەندی ڕاستەوخۆشی نەبێ ئەوا بەجۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییەک لە نێوان ئەستێرە و تاڵع و بورج و ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت هەبێت دەنا دەزگا سیخوڕ و هەواڵگرەکانی جیهان بەگشتی و لە سەروو هەمووشیانەوە ئەمریکایی و بەریتانی و سۆڤێتی و لەم دواییەشدا ئەسکەندەناڤی و لە سەروو هەمووشیانەوە سوێدی و نەرویجی گرنگیان بەو لایەنە نەدەدا و نەدەبووە شوغڵی شاغریان ڕاستی ئەمەش لەوەدایە بنچینەکە زانستی ئەستێرەناسییە بەڵام ناوەڕۆک نهێنییە لە لایەن خەڵکانێکی کەمەوە زانراوە، ڕۆژانی داهاتووشمان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە چۆن ئەستێرەناسی ڕۆڵی دیوە لە گۆڕینی ئاراستەی کارکردنی سیاسەتی جیهانیدا.

**ناتورییەکان:**

سروشت خوازی باوەڕێکی نوێیە، لایەنگرانی ئەم باوەڕە خۆیان بەخاوەنی سروشت دەزانن، هەوڵ دەدەن ئەو تێگەیە لە هزری خۆرئاوادا بچەسپێنن کە دەڵێت مرۆڤ تاقە بوونەوەرە کە خۆی بەپۆشاک دەپۆشێت، ئەم پۆشتە و پۆشینەش زیانی پێ دەگەیەنێت، بۆیەکا ناتوریستەکان خوازیاری ئەوەن کە لە مەلەوانگەکان، شەقام و شوێنە گشتییەکان، لە باڕ و جێژوانی سەماکەران، کۆڕ و سیمینارەکاندا خۆیان ڕووت کەنەوە و بەڕووتی مەلە بکەن، هاتوچۆ بکەن، بەخۆشی ڕای بوێرن ئەو شوێنانەش ببێتە جێگەیەک بۆ پەرستنی بیری ناتور. دیارە ئەوان سەرچاوەی باوەڕەکەیان لەوەیە کە ئەم ڕووتبوونەوە لە بنچینەدا لە یەکەم ڕووتبوونی ئادەم و حەواوە سەرچاوەی گرتووە، بەپێی داستان و ئەفسانەی باسکراوی کتێبە



پیرۆزەکان، ئادەم و حەوا یەکەم دوو مرۆڤی دروستکراوی دەستی خودان و کە لە پاش دەرکردنیان لە بەهەشت، ئەو بیردۆزە چەسپیوە کە یەکەم هەست بزوابێت هەستی خۆ ڕووتکردنەوە بووە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە جەدەلێک و تێڕوانینێکی تر لەمەڕ شارەزاییمان بۆ غەریزە سێکسییەکانمان.

**لە وڵاتی بەفردا** (Iseland)

وڵاتی بەفر (ئیسلاند) پێشتر بۆ چەند سەدەیەک لە ژێر پارێزگاری و فەرمانڕەوایی دانیمارکدا بووە، وەکو باوەڕێکی باو لە نێو فەرهەنگی باوەڕی ئەم وڵاتە بەفرینەدا، سرووتێکی سەیرمان بەگوێ دەکەوێ کە ئەویش سرووتی (نۆردی کلاسیکی)یە کە بە Asatra ناسراوە، ئەم باوەڕە، سرووتێکی تایبەتییان هەیە، ئەویش بە پێشکەشکردنی قوربانییەکان بۆ خوداکانیان کە ناویان Freya - Thor یە کە هەردووکیشیان بە خوداوەند ناودەبرێن، هەرچۆنێک بێ، ئەم سرووتە ڕەنگە وەکو ڕووداوێکی مێژوویی بێ، بەڵام لە ڕاستیدا هەندێک لە دانیشتووانی وڵاتی نەرویج و باکوری سوێد مومارەسەکردنی سرووتی دیانەتی نۆردی کلاسیکین. هەنوکەش ئەم باوەڕە ئەم سرووتە لە تەشەنەکردندایە و خەریکە لە ئەسکەندەناڤیا جێ پێیەکی تایبەت بۆ خۆی بکاتەوە، بەڵام خۆیان وتەنی بەشێوەی نۆردی هاوچەرخ. هەر لە باسکردنی کۆمەڵگە بەفراوییەکان ئەوانەی کە ژیانیان بەفر دای پۆشیوە، لە ناویاندا میللەت و کۆمەڵی فەرامۆشکراو و پەڕاوێز کراو بەدەردەکەوێت. قەومی ساومەرییەکان، کە لە هەندێک جێگەدا بە هیندییەکانی ئەسکەندەناڤیا ناویان دەرکردووە ساومەرییەکان لە باکوری سوێد و بەری ڕۆژهەڵاتی نەرویج و ڕۆژئاوای فنلەندا و

بەشێک لە سۆڤێتی جاران نیشتەجێ بوون و بەسەر ئەم سنوورە جوگرافییە دابەش بوون، ڕایەک هەیە کە گوایە ئەم قەومە، بڕبڕەی پشتی ئەسکەندەناڤیایە و سەرەتا ئەم سەهۆڵبەندانەش بەوانەوە ئاوەدان کراوەتەوە ژمارەیان لە پێنج سەد هەزار کەس تێپەڕ ناکات، لەم ماوەیە هەستی خۆ بەکەم زانینیان لە خۆیاندا کوشتووە و داوای سەربەخۆیی زمان و باوەڕ و فەرهەنگ و کولتوور و دابونەریتی خۆیان دەکەن.

## دوا خوێندنەوە

باوەڕی نوێ لەسەر ئاستی ئەسکەندەناڤیا بەپێوانەکردنی لە ڕووی کات و زەمەنی دەرکەوتن و کارکردن و بەراورد لەگەڵ ماوەی دەرکەوتنی باوەڕی مەسیحیی کلاسیکی کۆن، توانی کاریگەرییەکی ئەوتۆ لە ناو مرۆڤدا بونیاد بنێت.

لە بارەی باوەڕە ڕۆحییە ڕۆژهەڵاتییەکان هەندێک لە پێشبینییەکان ئەوە دەردەخەن کە ڕۆحانییەتی خۆرزەمینی تا ڕادەیەک لەگەڵ فۆلکلۆری کلاسیکی دانیمارکی و ئەسکەندەناڤیدا ڕێک دەکەوێت، گەر ئەم تێزەش وابێ، ئەوا لەوانە ئەم ئاراستەیە لە بیرکردن و لێک نزیکی شارستانییەتەکان، ئەم یەکگرتن و بەیەکداچوونە، باوەڕهێنان بە مەسیح و مەسیحییەت پووچەڵ بکاتەوە.

ئایدۆلۆژییەت و بیری هاوچەرخ و سەدەی نوێ لە بیرەکانی خۆی تێ گەیشتووە، لە کاتێکدا مەسیحییەت هێشتا لە خەڵوەتی دیماگۆگییەتی «سونائی دایە» و کاریکاتۆری «قەسیح- ئەڵلا» و هەردووکیان بەیەکەوە خوداوەند «الرب» دروست دەکەن. پیشانی خەڵک دەدات و ئەم بابەتە بەڕای من چی تر شەڕی باوەڕ و دیالۆگی باوەڕ و بزووتنەوەی



لاوەکانی پێ ناکرێت و ڕاستە گەر بڵێن «عفیَ علیه الزمن» و دەبێت کڵێسا بۆ ئایدۆلۆژیایەکی نوێ بگەڕێ و ڕۆژئاواییەکان باوەڕیان وایە کە ئوحادیەت «الوحدانیە للە» باوەڕی قائمە وێڕای بووی باوەڕی مەسیحی.

– ئاسانکاری بۆ دروستکردنی ڕێکخراو کە لە هەندێک وڵاتی ئەسکەندەناڤیا هەرسێ کەس یاخود پێنج کەسێک دەتوانن ڕێکخراوێک، بزووتنەوەیەک، کۆمەڵەیەک دروست بکەن هۆیەکی گرنگی گەشەکردن و دروستبوونی باوەڕی لاوە.

– لە ناو کێشمە کێشمی باوەڕی نوێ لە ئەسکەندەناڤیادا دەگەینە ئیستنتاجێکی زیندوو، ئەویش ئەوەیە کە باوەڕ و ئاینە ڕۆژهەڵاتییەکان دەبنە ئاینی مەرغوب و خاوەن جەماوەر لە ئەسکەندەناڤیادا، لە ناو هەمووشیاندا دەرکەوتووترینیان بزووتنەوەی گۆرۆ Guro کە بزووتنەوەیەکی بوودی پەرستە، پێ دەچێ خۆی بگرێ و گەشەش بکات. دیارە ئەمەش لە ژێر کاردانەوە و کاریگەریی کۆچکردنی دانیشتوانی وڵاتانی بوودی باوەڕی وەک – ڤێتنامییەکان – تایلەندییەکان – ئامیلەکانە. لە ڕاستیشدا نهێنیی گەشەسەندنی ئەو باوەڕانە لەوەدایە کە ئەم باوەڕە جودا لە باوەڕە ئاسمانییەکان بە مەسیحی و جوولەکە و ئیسلامیشەوە، لە پەیڕەوی بانگێشتکردنیاندا جۆرێک لە شەفافییەت بەدی دەکەین ئەو شەفافییەتەش لە توانای هەڵبژاردن و ئیختیار لە نەهجی باوەڕەکان تیا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر چاکە (فەزیلەت) بەنموونە وەربگرین لە باوەڕە بووزی و هیندۆسەکان، چاکە بە هۆکارێک دەزانێت بۆ گەشەکردن بۆ پێشکەوتن. لە کاتێکدا چاکە (فەزیلە)، لە

باوەڕی ئاسمانیی تاک خودابیدا بە فەریزە دەزانێت، بۆ نزیکبوونەوە لە خودا، ئەمە جگە لەوەی کە چەمکی قەساس (سزا) لە باوەڕی یەک خودابیدا هەمیشە پەیڕەوێکی دیاری گەیشتن بەخۆشەویستی خودا لەو باوەڕانەدایە. بەپێچەوانەوە سزا لە باوەڕە بووزییەکاندا کەمتر ڕەنگدانەوەی پرۆسەی پەرستنیەتی.

## پەڕاوێز و سەرچاوەی بەشی چوارەم:

– ڕۆژنامە ئەسکەندەناڤییە ڕۆژانەکان. ڕۆژانە سووچێک یان سەکۆیەکیان هەیە بۆ ناسینی بەختی ئەمڕۆی مرۆڤ، دیارترینیان لە دانیمارک ئێکسترا بلادێت و لە سوێد ڕۆژنامەی ئافتۆن بلادێت و مێترۆیە.

– بڵاوکردنەوەی وێنەی کاریکاتۆریی پەیامبەری موسوڵمانان، لە ڕۆژنامەیەکی دانیمارکیدا، بەناوی یولاند پۆست بوو. یولاند پۆست، ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتیی ڕۆژانەی دانیمارکە.



**سوپاس بۆ:**

– دکتۆر سالار کە هاوکارییەکی بێ وێنەی کردم لە وەرگێڕانی وتە و دەقەکان لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ کوردی.

– مامۆستا ئەنگرید، پسپۆڕ و شارەزا لە بابەتی باوەڕ لە خۆرئاوادا.

## پێڕست

..... نامەیەک بۆ نەتالی ..... 5
چەند پەیڤێکی پێویست ..... 9

**بەشی یەکەم**

**باوەڕی لاو** ..... 13
– دەروازە. ..... 13
– باوەڕی نوێ لە ڕۆژئاوای مەسیحی نشین جگە لە کریستیان بۆچی و... ..... 19
– زانستی ئەستێرەناسی ..... 22
– نەمریی ڕۆحەکان ..... 27
– تەناسوخی ڕۆح و دۆگمای مەسیحی ..... 31
– بەگژداچوونی باوەڕەکان ..... 33
– دوا خوێندنەوە ..... 35

**بەشی دووەم**

**خۆرئاوا لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هورووژمی باوەڕی نوێدا** ..... 37
– دەروازە ..... 37
– باوەڕی نوێ ..... 38
– ئەی لە بارەی ئەوروپاوە؟ ..... 41
– ئەو ڕۆژانەی کە ئەمڕۆیان هێنایە کایەوە! ..... 43
– نهێنیی پێشکەوتن...؟! ..... 50
– ئیسلام لە خۆرئاوادا ..... 53
– دوا خوێندنەوە ..... 56

**بەشی سێیەم**

**کلیسای کاتۆلیکی و باوەڕە نوێکان** ..... 61
– دەروازە ..... 61



– هۆی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی باوەڕ و ئاینە نوێکان، لەدید و... ..... 64
– دڵەڕاوکێی کلێسا و ڕەنگدانەوەی ئەو هەژمینە لە... ..... 67
– نەهجی باوەڕی نوێ ..... 68
– دیالۆگی نێوان باوەڕ و ئاینەکان ..... 76
– ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی کلیسا و باوەڕە نوێکان لە... ..... 78
– دوا خوێندنەوە ..... 80

**بەشی چوارەم**

**ئەسکەندەناڤیا... لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەوژمی بزووتنەوە و...** ..... 83
– دەروازە ..... 83
– کۆپنهاگن ..... 87
– باوەڕی لاو و نوێکانی ئەسکەندەناڤیا ..... 91
– باوەڕێک لە وڵاتی بەفردا ..... 96
– دوا خوێندنەوە ..... 97